# کوردستان

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بڵاوی دەکاتەوە

www.kurdistanmedia.com

ژمارە ٩١٥ ■ هەینی، ٢٩ی ڕەشەمەی ١٤٠٤ _ ٢٠ی مارسی ٢٠٢٦

دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵدا




خومەینی بە کوردەکانی دەگوت جیاوازیخواز. بەڵام ئەو پیاوەی بڕیاری دابوو شوناسی ئێرانی بە قازانجی شوناسێکی پان-ئیسلامی بسڕێتەوە، کەنگێ بۆ یەکپارچەیی خاکی ئێران بەپەرۆش بووە؟ تاوانبارکردن بە جیاخوازی تەنیا بیانوویەک بوو بۆ شاردنەوەی ئەوەی بەڕاستی ئایەتوڵڵاکەی تووڕە کردبوو: کوردەکان ببوونە نەبەزترین ئۆپۆزیسیۆن. ئەوان کە سوننی بوون، بە هەمان شێوە گەردوونی شیعەی یەکچەشنیان کە بۆ ئێران بیری لێ دەکرایەوە، تووشی ئاڵنگاری دەکرد.

ل ٨



تەنگەژەی گەرووی هورموز بۆ جارێکی دیکە ئەنجومەنی ئاسایشی خستۆتە بەردەم تاقیکردنەوەیەکی گەورە. تاقیکردنەوەیەک کە پێناچی بتوانێ بە سەرکەوتوویی تێیپەڕێنێ. هەر لەبەر ئەو ڕاستییەیە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و بەتایبەت شەخسی ترامپ بەدوای ئالترناتیڤێکەوەیە بۆ گێڕانەوەی ئەمنیەتی گەرووی هورموز لە دەرەوەی ئەنجومەنی ئاسایش. ئەوەش وەک خاڵوەرچەرخانی بێکەلکبوونی دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان و تێکچوونی نەزمی جیهانی.

ل ١٢

# پەیامی نەورۆزیی حیزبی دێموکرات:

# کاتی یەکڕیزیی مەیدانی و تێکشکاندنی پاشماوەکانی ڕێژیمە

## مستەفا هیجری:

## بزووتنەوەی کورد هێزی شوێندانەری گۆڕانکارییەکانی داهاتوویە

ئێران لە بەردەم گۆڕانکارییەکی چاوەڕوانکراودایە. داهاتووی ئەم وڵاتە لە دەستی ئەو نەتەوە بندەستانەدایە سالانێکە بۆ ژیان، ئازادی و کەرامەت و مافەکانیان ڕاپەڕیون. پرسی سەرەکیی گەلانی بندەست لەم جوگرافیایەدا، گرێدراوی پرسی نەتەوەیی و داڕشتنەوەی ئێرانێکە کە تێیدا بابەتی "ناوەند و پەراوێز" کۆتایی پێ هاتبێ و هەمووان وێڕای پاراستنی ناسنامە و جیاوازییەکانیان، لە ئیدارەدان و بەڕێوەبردنیدا وەک یەک بەشدار بن. نەریتی ناوەندگەرایی کە ستراتیژیی پاراستنی دەسەڵاتی ناوەند و یەک لەوان کۆماری ئیسلامی بوو، شکستی هێناوە و نەتەوەکان لەوە گەیشتوون کە مافی دیاریکردنی چارەنووس و جێگیرکردنی سیستمێکی فیدراڵ، دەستەبەری سەقامگیری و پێکەوەژیانی دڵخوازانە و ئاشتییانە دەکات. لەم نێوەدا، کوردستانی ئێران بەهۆی وشیاریی سیاسی و هەبوونی بزووتنەوەیەکی ڕەسەن و ئەزموونی ڕێکخستن و کۆمەڵگەیەکی پێشەنگ و خەباتکار، لەم گۆڕانکارییانەدا هێزێکی شوێندانەرە.

(هەموو پەیامەکە لە لاپەڕەی ٢دا بخوێنەوە)

## دەستەی کارگێڕیی حیزبی دێموکرات:

## یەکڕیزی و تەبایی نێو ماڵی کورد ئەسڵێکی بنەڕەتییە بۆ گەیشتن بە ئازادی

ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە هێزە سیاسییە تێکۆشەرەکانی و کۆمەڵگەی مەدەنیی وشیار و بەرپرسیاریەوە، وێڕای هاوپەیمانانی لە هەرێمە نەتەوەییەکانی دیکەی ئێران، لە قۆناغێکی نوێ لە تێکۆشان و هاوخەباتیدان تاکوو ئێرانێکی نوێ و جیاواز لە ئەزموونی پێشوو بنیات بنێن. وەک نەریتێکی سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، پێمان وایە یەکڕیزی و تەبایی نێو ماڵی کورد ئەسڵێکی بنەڕەتییە بۆ گەیشتن بە ئامانجی لەمێژینە و پڕبەهای ئازادی. هەربۆیە، هاوخەباتی لەگەڵ نەتەوە بندەستەکانی نێو جوگرافیای ئێرانیش بە پڕەنسیپێکی نەگۆڕی سیاسی بۆ سازدانی هەر جۆرە هاوپەیمانییەک دەزانین. هاوخەباتی و هاوچارەنووس‌بوونی نەتەوە بندەستەکان بەرانبەر بە عەقڵییەتی پاوانخواز و ناوەندگەرا لە هەر فۆرم و شێوەیەکدا بێت، بە ئەسڵێکی دیکەی خەبات و تێکۆشانی خۆمان دەزانین. وێنای ئەم داهاتووە لە داڕشتنەوەی سیاسی و ئیداریی ئێراندا، تەنیا بە تێگەیشتنی هاوبەش و هاوخەباتیی هێزە ئازادیخوازەکان بەدی دێت.

لە دووربەڕوانی نەورۆزی ڕزگاریدا، ڕوو لە نەتەوەی کورد و هەموو نەتەوە بندەستەکان و ئازادیخوازانی ئێران دەکەین و دەڵێین: کاتی یەکڕیزیی مەیدانی و تێکشکاندنی پاشماوەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییە. لە کۆتاییشدا داوا لە کۆمەڵگەی مەدەنی، ژنانی پێشەنگ و لاوانی ئازا و چاونەترسی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکەین کە بە وشیارییەوە پارێزگاری لە ئەمنییەتی نێوخۆیی و دەستکەوتەکانی ئەم گۆڕانکارییەی بەردەم بکەن.

(هەموو پەیامەکە لە لاپەڕەی ٢دا بخوێنەوە)



## بۆمبارانی بنکەکانی حیزبی دێموکرات بە زیاتر لە ٤٠ مووشەک و دڕۆن

لەگەڵ دەستپێکردنی شەڕی نێوان ئەمریکا و ئیسرائیل لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی ئێران سوپای پاسداران شەپۆلێکی نوێی هێرشە موشەکی و درۆنییەکانی بۆ سەر کەمپە مەدەنییەکان، شوێنی نیشتەجێبوونی بنەماڵەکان و بنکەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و حیزبە سیاسییەکانی دیکەی ڕۆژهەڵات نیشتەجێ لە هەرێمی کوردستان دەست پێکرد. بەهۆی ئەم هێرشانەوە هەتا ئێستا ٥ پێشمەرگەی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران، سازمانی خەبات و پارتی ئازادیی کوردستان شەهید بوون و زیاتر لە ٢٠ پێشمەرگەش بریندار بوون. هێرشەکان بۆ سەر بنکەکانی حیزبی دێموکرات لە ڕۆژی ١١ی ڕەشەمەوە دەستیان پێ کرد و دوایە بە بەردەوامی بۆ سەر هەموو بنکەکانی حیزب لە نیزیک کۆیە، دێگەڵە و جێژنێکان بەردەوام بوون.

بەپێی ئامارەکانی هەنگاو، لە کۆی ١١١ هێرشی تۆمارکراو، زۆرترین ژمارەی هێرشەکان ڕوویان لە کەمپەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بووە. پارتی ئازادیی کوردستان، کۆمەڵەی شۆڕشگێڕانی کوردستانی ئێران، کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان و سازمانی خەباتی کوردستانی ئێرانیش بەپێی ڕیزبەندی کراونەتە ئامانجی زۆرترین هێرشەکان.

کۆماری ئیسلامیی ئێران لەم هێرش و دەستدرێژییانەیدا بە پێشێلکردنی ئاشکرای یاساکانی شەڕ، دەیان شوێنی نیشتەجێبوون لەوانە ماڵی بنەماڵەکان، قوتابخانەی منداڵە پەنابەرەکان، ناوەندە تەندروستییەکان و کتێبخانەی کردووەتە ئامانج و دەستڕاگەیشتنی بە خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکانی وەک پەروەردە و چارەسەری بۆ منداڵان و بنەماڵەکان و ئەندامانی حیزبەکانی ڕۆژهەڵات نیشتەجێ لە باشووری کوردستانی پەک خستووە.

هێرش بۆ سەر شوێنی نیشتەجێبوونی بنەماڵە و خەڵکی سڤیلی حیزبی دێموکرات لە کەمپەکانی نیزیک شاری کۆیە لە کاتێکدایە کە لە کۆبوونەوەی شورای ئەمنییەتی نەتەوە یەکگرتووەکاندا سنووربەزاندن، دەستدرێژی و هێرشەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر وڵاتانی ناوچە بە توندی مەحکووم کرابوو. هەروەها هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران داوای لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کردووە دژی هێرشە بەردەوامەکانی ئەم ڕێژیمە و میلیشیاکانی بۆ سەر هەرێمی کوردستان و کەمپە مەدەنییەکانی حیزبەکانی کوردستانی ئێران هەڵوێستی بەکردەوەی هەبێت. چەند داوای ڕوونی هاوپەیمانی بریتین لە:

١. بە بەکارهێنانی هەموو ئامرازەکانی کاریگەریی خۆیان، فشارەکان بۆ سەر ڕێژیمی ئێران بۆ ڕاگرتنی دەستبەجێی ئەم هێرشانە و گەرەنتی کردنی ئەمنییەتی پەنابەران زیاد بکەن.

٢. بۆ پاراستنی ژیانی خێزانەکان و خەڵکی سڤیل لە بەرامبەر هێرشە درۆنییەکاندا، ڕێکاری پێویست بگیرێتە بەر، ئەویش بە تەیارکردنی ناوچەکانی نیشتەجێبوونی پەنابەران بە سیستمەکانی بەرگریی ئاسمانی.

٣. تیمێکی لێکۆڵینەوەی سەربەخۆ بۆ لێکۆڵینەوە لە ڕەهەندەکانی ئەم تاوانانە و دەستنیشانکردنی ئەو زیانانەی بەر پەنابەران کەوتوون بەڕێی ناوچەکە بکرێت.

ڕوو لە وڵات و حکوومەتی عێراقیش هاتووە کە بەپێی یاسا نێودەوڵەتییەکان، حکوومەتی عێراق بەرپرسیاری ڕاستەوخۆیە لە پاراستنی ژیانی پەنابەران و چالاکانی سیاسیی کورد لەسەر خاکی خۆی. حکوومەتی عێراق دەبێ لە بەیاننامە ڕواڵەتییەکان زیاتر هەنگاو بنێت و ئەمنییەتی گیانیی ئەم کەسانە گەرەنتی بکات و بە شێلگیری و لێبڕاوییەوە لە هەمبەر پێشێلکردنی سەروەرییەکەی لەلایەن ئێرانەوە بوەستێتەوە و لە ئاستە باڵا نێودەوڵەتییەکاندا بەدواداچوون بۆ ئەو بابەتەکە بۆ بکات.

کاتی هەنگاونان هەر ئێستایە. بێدەنگی لە بەرامبەر ئەم تاوانانە، گڵۆپی سەوزە بۆ بەردەوامیی تیرۆریزمی دەوڵەتی.


**پێشمەرگە؛ مێژوو، واتا، ڕواڵەت و نێوەرۆک**
تاهیر قاسمی
٥

**ستراتیژیی تورک و کورد و ئاسۆی پلۆرالیزم لە ئێران**
شاڕوخ حەسەن‌زادە
٧

**لە دەوڵەتتەوەرەییەوە تا نکوڵیکردن لە نەتەوە**
د. مەنسوور سۆهرابی
٩

**کورد؛ هاوبەشی ستراتیژی یان سووتەمەنیی جەنگ؟**
ئاگری باڵەکی
١٠

**ڕووخانی دیواری بەرلین و هەرەسهێنانی ڕێژیمی ئێران**
ناسر ساڵحیئەسڵ
١١

## سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات:

# داهاتووی ئێران لە دەستی ئەو نەتەوە بندەستانەدایە ساڵانێکە بۆ ژیان، ئازادی و کەرامەت و مافەکانیان ڕاپەڕیون

**هاونیشتمانییانی خۆشەویست!**
**خەڵکی ئازادیخواز و خۆڕاگری کوردستان!**

لە ساتەوەختێکی مێژووییدا بەرەو ساڵی نوێ دەچین. لە دۆخێکدایین کە بنەماکانی دەسەڵات و بونیادی سیاسی، ئەمنی و ئایدیۆلۆژیی کۆماری ئیسلامیی ئێران گەیشتووەتە خاڵی کۆتایی و داڕمان. ساتەوەختی گۆڕانکاری و بەیەکگەیشتنی کۆمەڵێک قەیران و تەنگژەی کەڵەکەبووە بە کۆمەڵێک ڕەهەند و ڕووداوی نێوخۆیی و دەرەکییەوە.

ساڵی ١٤٠٤ بە ساڵی هەرەسهێنانی ئەو کۆشکە وەهمییە دادەنرێت کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بۆ چەندین دەیە بە مەبەستی پاراستنی دەسەڵاتی سەرەڕۆ و خۆسەپێنی خۆی سازی کردبوون. ئەم قۆناغە تەنیا گۆڕانکارییەکی سیاسیی ئاسایی نییە، بەڵکوو دەرەنجامی کەڵەکەبوونی قەیرانە پێکهاتەییەکانی ڕێژیمێکە چیتر توانای وەڵامدانەوەی بە هیچکام لە پرسە هەستیارەکانی سەردەم نەماوە. لەم کاتەدا کە ڕێژیم لە هەموو لایەکەوە گەمارۆ دراوە و لەژێر هێرش و تەوژمی هەمەلایەنەدایە، بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان و نەتەوە بندەستەکانیش بۆ داڕشتنەوەی قەوارەی سیاسیی جوگرافیای سیاسیی ئێران لە بەردەم دەرفەتێکی مێژوویی‌دان.

لە ڕەهەندی سەربازییەوە، شەڕی ١٢ ڕۆژەی نێوان ڕێژیم و ئیسرائیل جێی سەرنجە. ڕێژیمێک کە بۆ دەیان ساڵ سامانی وڵاتی بۆ پرۆژەی "هەناردەکردنی شۆڕش" و ڕێکخستن و تەیارکردنی گرووپە نیابەتییەکان و کاروباری تێرۆریستی تەرخان دەکرد، لە یەکەم ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆدا نیشانی دا تەنانەت لە پاراستنی ڕێبەران و ناوەندی بڕیاردانی خۆی دەستەوەستانە. تێکشانی یەکجارەکیی سیستەمی بەرگری و کوژرانی فەرماندە باڵاکانی سوپای پاسداران و زانایانی ئەتۆمی، هاوسەنگیی هێزی بە زیانی ئەم ڕێژیمە گۆڕی. بۆردوومانکردنی دامەزراوە ئەتۆمییەکانی لە لایەن ئەمریکاوە و قبووڵکردنی ئاگربەست بێ هیچ دەستکەوت یان ئیمتیازێک، نیشانەکانی شکستێکی گەورە و بۆشاییەکی ئەمنییەتی و هەواڵگری بوو.

دوای ئەم شکستە گەورەیە، ڕێژیم لە جیاتی ئاوڕدانەوە لە ژیان و گوزەرانی خەڵکی وەزاڵەهاتوو، پەنای بۆ "ئابووریی سەرکوت" برد؛ زیادکردنی بودجەی دەزگا ئەمنییەتی و هەواڵگرییەکان بە ڕێژەیەکی بەرچاو، لە کاتێکدا قەیرانی ئابووری و هەژاری و بێکاری گەیشتبووە لووتکە، نیشاندەری ئەوە بوو کە پاراستن و مانەوەی ڕێژیم تەنیا ئەولەوییەتی ڕێژیمەکەیە. دابەزینی بەهای دراوی ئێرانی، بووە هۆی تەقینەوەی نارەزایەتییە جەماوەرییەکان لە مانگی بەفرانباردا. ئەم ڕاپەڕینە کە لە شێوەی مانگرتن و خۆپیشاندان و خرۆشانی جەماوەریی سەرشەقامەکاندا هەموو ئێرانی گرتەوە، ڕووبەڕووبوونەوەیەکی ئاشکرای نێوان خەڵک و دەسەڵات بوو. لەم نێوەدا، دەزگا سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم، بە بێبەزەییانەترین شێوەی مومکین، دەستیان دایە کوشتن ، بریندارکردن و و زیندانیکردنی دەیان هەزار کەس لە خۆپیشاندەران.

ڕووداوێکی گرینگی دیکەی ساڵی ١٤٠٤ لە یادەوەریی کوردستانیاندا، مانگرتنی گشتیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو. یەکڕیزی و هاوهەڵوێستیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بەشدارییان لەم مانگرتنە بۆ مەحکوومکردنی جینایەتەکانی ڕێژیم لە کوردستان بە تایبەت لە ناوچەکانی کرماشان، ئیلام و لوڕستان و هەروەها پشتیوانی لە نارەزایەتییە سەرانسەرییەکانی ئێران، دەستکەوتێکی سیاسی کوردستانیان بوو. ڕۆژهەڵاتی نیشتمان یەکپارچە و یەکدەنگ، ئەو پەیامەی بە کۆماری ئیسلامی گەیاند کە بەرانبەر بە ڕەشەکوژی و کوژرانی ڕۆڵەکانی کوردستان بێدەنگ نابێت. دوابەدوای ئەم ڕەشەکوژییە و بە هۆی ئەم سەرکوتانەوە بوو کە یەکیەتیی ئەورووپاش بڕیارێکی مێژوویی دەرکرد و سوپای پاسدارانی خستە لیستی ڕێکخراوە تیرۆریستییەکانەوە. کاراکردنی "میکانیزمی ماشە" لە لایەن ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە، هەنگاوێکی دیکە بوو کە ڕێژیمی بردە قۆناغێکی نوێوە. ڕێژیم کە بەردەوام پشتی بە ستراتیژیی کڕینی کات بەستبوو، خۆی لە نێو گێژاوێکی یاساییدا بینییەوە. ئەمە تەنیا گەمارۆیەکی ئابووری نەبوو، بەڵکوو کۆتاییهاتن بە دەرفەتی دانوستان لەگەڵ ڕێژیمێک بوو کە وەک کارەکتەرێکی نابەرپرسیار لە هاوکێشە نێودەوڵەتییەکاندا چاوی لێ دەکرێت. ئەم گۆشەگیرکردنە، ناڕاستەوخۆ زەمینەی بۆ گوشاری زیاتر بۆ سەر ڕێژیم فەراهەم کرد، کە دواجار بە هێرشی هاوبەشی ئیسرائیل و ئەمریکا کەوتە قۆناغی جێبەجێکردنەوە.

کرانەئامانجی ژمارەیەکی زۆر لە بەرپرسانی سیاسی و فەرماندە پلەبەرزەکان، لە سەرووی هەموویانەوە عەلی خامنەیی، ڕێبەری ڕێژیم دۆخی سیاسی وئەمنیی کۆماری ئیسلامی بردە قۆناغێکی نوێترەوە. خامنەیی وەک کۆڵەکەی سەرەکیی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە گێژاوێکدا کە بۆ خەڵکی ئێران و هەموو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی پێکهێنابوو، تێداچوو. کەسێک کە تەمەنێک لەنێو خەیاڵ "قووڵایی ستراتیژی" و "بەرەی مقاوەمەت" و "وەهمی ئەتۆمیدا" ژیابوو.

ئەم شەڕەنگێزیەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بە هەموو لێکەوتە و ئاسەوار و کاولکارییەکانی بەردەوامە، بەڵام ئەوەی لە یادەوەری و زەینی خەڵکدا دەمێنێتەوە، نە سەرکەوتن و نە بەرگری ڕێژیمە؛ بەڵکوو شکست و داڕمان وئاوابوونی دەسەڵاتێکە کە هەر لە سەرەتاوە دروشمی شەڕ و سڕینەوە و مەرگ و نەمانی بۆ ئەوانی ترهەڵگرتبوو.

ئێران لە بەردەم گۆڕانکارییەکی چاوەڕوانکراودایە. داهاتووی ئەم وڵاتە لە دەستی ئەو نەتەوە بندەستانەدایە ساڵانێکە بۆ ژیان، ئازادی و کەرامەت و مافەکانیان ڕاپەڕیون. پرسی سەرەکیی گەلانی بندەست لەم جوگرافیایەدا، گرێدراوی پرسی نەتەوەیی و داڕشتنەوەی ئێرانێکە کە تێیدا بابەتی "ناوەند و پەراوێز" کۆتایی پێ هاتبێ و هەمووان وێڕای پاراستنی ناسنامە و جیاوازییەکانیان، لە ئیدارەدان و بەڕێوەبردنیدا وەک یەک بەشدار بن. نەریتی ناوەندگەرایی کە ستراتیژیی پاراستنی دەسەڵاتی ناوەند و یەک لەوان کۆماری ئیسلامی بوو، شکستی هێناوە و نەتەوەکان لەوە گەیشتوون کە مافی دیاریکردنی چارەنووس و جێگیرکردنی سیستمێکی فیدراڵ، دەستەبەری سەقامگیری و پێکەوەژیانی دڵخوازانە و ئاشتییانە دەکات. لەم نێوەدا، کوردستانی ئێران بەهۆی وشیاریی سیاسی و هەبوونی بزووتنەوەیەکی ڕەسەن و ئەزموونی ڕێکخستن و کۆمەڵگەیەکی پێشەنگ و خەباتکار، لەم گۆڕانکارییانەدا هێزێکی شوێندانەرە. ئێمە وەک هێزە کوردستانییەکان، ئامادەیی تەواوی خۆمان بۆ هەر جۆرە هاوکاری و تێکۆشانێکی هاوبەش لەگەڵ نەتەوە بندەستەکان و ئازادیخوازانی ئێرانی دەربڕیوە کە ببێتە هۆی خێراکردنی پرۆسەی ڕووخانی ڕێژیم و جێگۆڕکێکردنی بە سیستمێکی فیدراڵ و دیموکراتیک کە تێیدا مافی نەتەوەیی، پرسی دێموکراسی، یەکسانی و ئازادییەکان، دانی پێدانرابێت.

ڕوو لە جەماوەری تێکۆشەری ڕۆژهەڵات و هەموو نەتەوە بندەستەکان و هەموو ئازادیخوازانی ئێران دەکەین و دەڵێین ورە و ئیرادەی پۆڵایینی ئێوە لەم ساتەوەختەدا، لە هەموو کاتێک زیاتر دەور دەبینێت. ئەرکی مێژوویی هەموو تێکۆشەران، لایەنە سیاسییەکان و ئازادیخوازانە کە بە یەکگرتوویی و وشیارییەوە خۆیان بۆ ساتەکانی ڕووخانی ڕێژیم وقۆناغی دواتر ئامادە بکەن. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بە تێگەیشتن لە قووڵایی ئەم گۆڕانکارییانە، پێداگری دەکاتەوە لەسەر گوتاری کوردستانی و هاوخەباتی و لەم بارەوە بەرپرسیارێتیی مێژوویی خۆی لەبەر چاوە.

لە پەیوەندی لەگەڵ نەورۆز، کە بە هیواین نەورۆزی ڕزگاری بێت، ئەم بۆنەیە هەموو ساڵێک ئێمەی کورد دەباتەوە بۆ ڕاپەڕینێکی نەتەوەیی دژی چەوساندنەوە و، بڵێسەی ئاگر دەبێتە نیشانەی سەرکەوتن بەسەر تاریکاییدا و مژدەی سەرکەوتن و ئازادیمان پێ دەدا. لێرەوە، پیرۆزبایی جێژنی نەورۆز دەڵێم بە هەموو ئێرانیەکانی ئازادیخواز، کوردستانیانی خۆڕاگر، بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان و زیندانیانی سیاسی، هێزی بەهێزی پێشمەرگە و سەرجەم چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی کوردستان. بە هیوای سەرکەوتن.

**سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی**
**کوردستانی ئێران**
**مستەفا هیجری**
**نەورۆزی ١٤٠٥ی هەتاوی**




# کاتی یەکڕیزیی مەیدانی و تێکشکاندنی پاشماوەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییە

**(پەیامی نەورۆزیی دەستەی کارگێڕیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران)**

لە کاتێکدا بەرەو نەورۆز دەچین کە نەتەوەی کورد بەتەمایە زیاتر لە جاران ئەم بۆنەیە -کە هاوکاتە لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی ئێران و ناوچەکە- بکاتە هەوێنی بەرەنگاری، یەکگرتوویی و یەکڕیزیی نیشتمانی. لە هەمان کاتدا بەرەوپیری بۆنەیەک دەچین کە بۆ بەشێک لە نەتەوەکانی تر، تەنیا سەرچاوەی نوێبوونەوەی سروشتە؛ بەڵام لە کوردستاندا مانایەکی جیاوازتری هەیە. نەورۆز بۆ نەتەوەی کورد بە مانای ڕابوون و سەرهەڵدان بەرانبەر بە ستەم و سەردەستی دێت؛ واتایەک کە دەتوانێت لە دەقی گۆڕانکارییەکانی ئێستا و داهاتووشدا مانادار و ئیلهامبەخش بێت و کورد لە ڕۆژهەڵات و بزووتنەوەکەی بە هەستیارییەوە لێی بڕوانن.

ساڵی تازە نوێنگەی هەلومەرجێکی نوێیە کە تێیدا نەتەوەیەک -کە لە ناو جەرگەی خەبات و بەرگریدا قاڵ بووە- مێژوویەکی نوێ بۆ خۆی دەنووسێتەوە. ئەگەر نەورۆزی پار بۆ ئێمە نەورۆزی خاکیپۆشان و ساتی نوێکردنەوەی پەیمانی وەفا لەگەڵ خاکیپۆشانی نیشتمان بوو، ئەوا نەورۆزی ١٤٠٥ وەک ئاماژە و ئاسۆی ڕزگاری لە مێژووی ئەم نەتەوەیە و لەم بەشەی نیشتماندا تۆمار دەکرێت. ئەم وەرچەرخانە مێژووییە دەرەنجامی هەرەسی یەکجاریی دەسەڵاتێکی ستەمکارانەیە کە دەیان ساڵ بوو ژیانی نەتەوەکانی ئێرانی کردبووە قوربانیی سیاسەتی سەرکوت و فراوانخوازییەکانی خۆی. ئێمە لە کاتێکدا پێ دەنێینە ئەم ساڵە نوێیە کە جیهان شایەتی داڕمانی یەکێک لە دیکتاتۆرییەکانی سەدەی بیست و یەکەمە. کۆی ڕووداوەکانی ساڵی ڕابردوو ئەو ڕاستییەی سەلماندووە کە پێگە و ڕەوایی سیاسی و دەسەڵاتداری بە خوێن و سێدارە و سەرکوت بونیاد نانرێت؛ ژێرخانی ڕاستەقینەی ئێران کە دەبوو سامانی مرۆیی و کەرامەت و ژیانێکی شایستە بۆ خەڵکەکەی بێت، لەلایەن ڕژێمەوە وێران کرا.

لێکەوتەی سیاسەتە چەوتەکانی ڕژێم، لە سەرەتای بەدەسەڵات گەیشتنییەوە تا ئەم ساتانە، سیاسەتی بێبەشکردن و شکاندنی کەرامەتی مرۆڤەکان و مافەکانیان بووە. قەیرانی ئابووریی بەربڵاو دەرهاویشتەی ئەم سیاسەتەیە. ئەم داڕمانە ئابوورییە دەرەنجامی پلانەکانی ڕژێمێکە کە سەرچاوە و سامانی نەتەوەیی نەتەوەکانی ئێرانی بۆ پرۆژە تێرۆریستییەکان و تەیارکردنی گرووپە چەکدارەکان لە دەرەوەی سنوورەکان تەرخان دەکرد؛ لە ڕێی هەناردەکردنی شۆڕشەوە وەک هەڕەشەیەکی جددی بۆ ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هاتە کایەوە و لە ئەنجامدا دژکردەوەی وڵاتانی ناوچەکە و جیهانی بەدوای خۆیدا هێنا.

لەمساڵدا، شەڕی ١٢ ڕۆژە خاڵێکی وەرچەرخانی بێوێنە و یەکلاکەرەوە بوو کە نەک هەر لاوازیی سیستەمی بەرگریی ڕژێمی بۆ جیهان ئاشکرا کرد، بەڵکوو زیانێکی بەربڵاویشی بە ژێرخان و جەستەی نیوەگیانی ئابووریی ئێران گەیاند. کرانە ئامانجی ڕێبەران و بەڕێوەبەرانی سەربازی، ئەمنی و دەزگاکانی سەرکوت، هەروەها بێ توانایی لە دابینکردنی وزە، توانای وەبەرهێنان و سەقامگیریی بازاڕی گەیاندە نزمترین ئاستی خۆی. لە ئەنجامدا، بەهای دراوی ئێرانی بەرەو داڕمانێکی وا چوو کە ژیانی ڕۆژانەی خەڵکی تووشی شۆک کرد.

لەو چوارچێوەیەدا، ڕاپەڕینەکانی مانگی بەفرانبار وەک بوومەلەرزەیەکی سیاسی و شەپۆلێکی ڕووخێنەر دەرکەوتن کە تیایدا جەماوەری ڕاپەڕیو، بێترس و لێبڕاوانە سەرلەبەری حکوومەتەکەیان کردە ئامانج. لە ڕەهەندی دەرەکییەوە ڕژێمی تاران گەیشتە بنبەستێکی مێژوویی. ناساندنی سوپای پاسداران وەک ڕێکخراوێکی تیرۆریستی لەلایەن پەرلەمانی ئەورووپا و دواجار چالاککردنی "میکانیزمی ماشە"، لێدان بوو لە شادەماری دیپلۆماسی و دارایی کاناڵەکانی سەر بە دامودەزگای سەرکوتی ڕژێم. یەکێک لە لێکەوتەکانی ئەم قۆناغە، لاوازی و لەبەریەک هەڵوەشانەوەی زیاتری تۆڕی هێزە پرۆکسییەکانی کۆماری ئیسلامی بوو کە ساڵانێکی زۆر بە هۆی تاڵانکردنی خەڵکی برسیی ئێران تەیار کرابوون. شکستی ئەم پرۆژە دەرەکییانە کە لەژێر ناوی "قووڵایی ستراتیژیک" ڕێکخستنیان بۆ کرابوو، سەلماندی کە ئاسایشی هاوردەکراو و شۆڕشی هەناردەکراو ناتوانێت ڕێگری لە تەقینەوەی وزەی پەنگخواردووی خەڵکی وەزاڵەهاتوو بکات.

هەر لە ناو جەرگەی ئەم شکستەدا و لە درێژەی شەڕ و ململانێکان لەگەڵ ئەمریکا و ئیسرائیلدا، کوژرانی عەلی خامنەیی وەک کۆڵەکەی ئەم سیستەمە، زەبرێکی گورچبڕ بوو لە تەواوەتیی ئەم ڕژێمە. لە ڕاستیدا کوژرانی عەلی خامنەیی تەنها مەرگی دیکتاتۆرێک نەبوو، بەڵکوو هەرەسهێنانی پرۆژەیەکی سیاسی و ئایدۆلۆژی بوو کە لەسەر بنەمای وەهم، ستەمکاری و کاولکاری بونیاد نرابوو.

لە تویێی ئەم گۆڕانکارییانەدا، ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە گوتاری کوردستانی و پلاتفۆرمی هاوپەیمانیی سیاسیی حیزبەکانی کوردستانی ئێران وەک جەمسەرێکی یەکانگیر و خاوەن پرۆژە دەرکەوت. ئەم پلاتفۆرمە تەنیا ڕێککەوتنێکی حیزبی نییە، بەڵکوو نەخشەڕێگایەکی نەتەوەییە. بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردستان، بەختەوەریی خۆی لە ژێردەستی، پەراوێزخستن و ئینکاری ناسنامەکانی تردا نەبینیوە، بەڵکوو پێداگری لەسەر "کەرامەتی مرۆڤ" و مافی تاک و کۆی نەتەوەکان کردووەتەوە. ئەم پلاتفۆرمە بووەتە سەرچەشنێکی بەهێز بۆ هەموو هەرێمە نەتەوەییە بندەستەکانی ئێران تا پێکەوە کۆتایی بە سەدەیەک لە پەراوێزخستن و بێمافی بهێنن. گەشەی سیاسی و ئابووریی داهاتوو و بەدامەزراوەییکردنی بونیادەکانی حکوومەتێکی سێکۆلار، دیموکراتیک و فیدراڵ بەستراوەتەوە بەم گۆڕانکارییە پێکهاتەییەوە. هەر جۆرە هەوڵێک بۆ بازدان بەسەر ویستی نەتەوەکان یان بنیاتنانەوەی ئەزموونی ناوەندگەرایی، تەنیا دەبێتە هۆی دووبارەبوونەوەی ئەزموونێکی شکستخواردوو و ناسەردەمیانە.

ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە هێزە سیاسییە تێکۆشەرەکانی و کۆمەڵگەی مەدەنیی وشیار و بەرپرسیاریەوە، وێڕای هاوپەیمانانی لە هەرێمە نەتەوەییەکانی دیکەی ئێران، لە قۆناغێکی نوێ لە تێکۆشان و هاوخەباتیدان تاکوو ئێرانێکی نوێ و جیاواز لە ئەزموونی پێشوو بنیات بنێن. وەک نەریتێکی سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، پێمان وایە یەکڕیزی و تەبایی نێو ماڵی کورد ئەسڵێکی بنەڕەتییە بۆ گەیشتن بە ئامانجی لەمێژینە و پڕبەهای ئازادی. هەربۆیە، هاوخەباتی لەگەڵ نەتەوە بندەستەکانی نێو جوگرافیای ئێرانیش بە پرەنسیپێکی نەگۆڕی سیاسی بۆ سازدانی هەر جۆرە هاوپەیمانییەک دەزانین. هاوخەباتی و هاوچارەنووس‌بوونی نەتەوە بندەستەکان بەرانبەر بە عەقڵییەتی پاوانخواز و ناوەندگەرا لە هەر فۆرم و شێوەیەکدا بێت، بە ئەسڵێکی دیکەی خەبات و تێکۆشانی خۆمان دەزانین. وێنای ئەم داهاتووە لە داڕشتنەوەی سیاسی و ئیداریی ئێراندا، تەنیا بە تێگەیشتنی هاوبەش و هاوخەباتیی هێزە ئازادیخوازەکان بەدی دێت.

لە دوورەڕوانی نەورۆزی ڕزگاریدا، ڕوو لە نەتەوەی کورد و هەموو نەتەوە بندەستەکان و ئازادیخوازانی ئێران دەکەین و دەڵێین: کاتی یەکڕیزیی مەیدانی و تێکشکاندنی پاشماوەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییە. لە کۆتاییشدا داوا لە کۆمەڵگەی مەدەنی، ژنانی پێشەنگ و لاوانی ئازا و چاونەترسی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکەین کە بە وشیارییەوە پارێزگاری لە ئەمنییەتی نێوخۆیی و دەستکەوتەکانی ئەم گۆڕانکارییەی بەردەم بکەن.

هاتنی جێژنی ڕەمەزان و نەورۆزی کوردەواری لە هەموو موسوڵمانان و خەباتکاران و ئەویندارانی ئازادی، بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان، بنەماڵەی زیندانیانی سیاسی و سەرجەم ڕێبوارانی ڕێگەی ڕزگاری پیرۆز بێت.

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**دەستەی کارگێڕی**
**نەورۆزی ١٤٠٥ی هەتاوی**

کوردستان
• ژمارە: ٩١٥
٢٩ی ڕەشەمەی ١٤٠٤ _ ٢٠ی مارسی ٢٠٢٦

# مستەفا هیجری: ڕێژیمی ئێران داوای دانوستانی لێ نەکردووین

**ئاماژە: کاک مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە وتووێژێکدا لەگەڵ کاناڵی ئاسمانیی "العربیة" و "الحدث" تیشکی خستەسەر ئەوەی لە داهاتوودا خەڵکی ئێران دێنە سەر شەقامەکان و بەوەش ڕووخانی ڕێژیم چاوەڕوانکراوە. سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات لەو وتووێژەدا ڕایگەیاندوە کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی داوای هیچ دانوستانێکی لە حیزبی دێموکرات نەکردووە.**

**ئایا دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ئەمریکا یان بەرپرسیارانی ئەمریکا و ئەورووپا پەیوەندییان بە بەڕێزتان و هاوپەیمانی هێزە سیاسیەکانی کوردستانی ئێران کردووە، و چی پێشکەشی ئێوەی کردووە؟**

ئێمە لە ڕابردوو و ئێستاش لەگەڵ ئورووپا و ئەمریکا لە ڕێگای نوێنەرانمان لەگەڵ ئەو وڵاتانە بیروڕامان گۆڕیوەتەوە لەسەر بابەتەکانی جیاوازی سیاسی قسەمان کردوە.

**هەڵوێستی ئێوە سەبارەت بە هێرشەکانی ئەمریکا و ئیسرائیل بۆ سەر ئێران چییە؟**

ئەوەی کە ئەمریکا و ئیسرائیل هێرشیان بۆ سەر کۆماری ئیسلامی ئێرانیان دەست پێکرد لە هەموو کەس ڕوونە، بەڵام ئەم هێرشانە هەر لە خۆرا دەستیان پێ نەکردوە، بەڵکوو ئاکامی کردەوەکانی نزیک بە چل و حەوتساڵی ئەو ڕێژیمەن.

ئەو ڕێژیمە هەر لە سەرەتای بەدەسەڵات گەیشتنی، دەستی بەسەر باڵوێزخانەی ئەمریکا لە تاران داگرت و هەموو پێرسونێلی ئەو باڵوێزخانەی بۆ ماوە ٤٤٤ ڕۆژ بە بارمتە گرت، لەو کاتەوە تا ئێستاش دژایەتی لەگەڵ ئەمریکای درێژە داوە. هەر لەو کاتەشەوە بڕیاری لەنێوبردنی ئیسرائیلی داوە و بە کردەوەش هێزە نیابەتییەکانی خۆی لە دەوری ئیسرائیل پڕ چەک کردوە و بازنەیەکی ئاگرینی پێک هێناوە. کۆماری ئیسلامی تەنانەت هەڕەشە و هێرشەکانی تا ئێستا لەسەر وڵاتانی کەنداویش بەردەوام بووە و زۆر هێرشی کردووەتە سەریان، هەروەک دەبینین لەم شەڕەشدا بە بیانووی هێرش بۆ سەر بنکە و دامەزراوەکانی ئەمریکا لەو وڵاتانەدا، زۆر شوێنی نیشتەجێبوونی خەڵکی سڤیلیشی کردووەتە ئامانج. ئەوە لە حاڵێکدایە کە زۆربەی ئەو وڵاتانە دژی هێرشی ئەمریکا بوون و تەنانەت نێوانگیرییان کردووە لە نێوان ئەمریکا و ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی. وڵاتانی ڕۆژئاوا (ئەمریکا و ئورووپا) دەیان ساڵ لەگەڵ ئێران مدارایان کردووە و حەولیان داوە کە ئەو سیاسەتە شەڕئەنگێزانەی بگۆڕن، بەڵام ئەو ڕێژیمە ڕۆژبەڕۆژ زیاتر پێداگر بووە لەسەر درێژەدانی سیاسەتی خۆی. بۆیە ئەو هێرشانەی کرانە سەر کۆماری ئیسلامی دەرهاوێشتەی ئەو سیاسەتەن و چاوەڕوانکراو بوون. ئێمە پشتیوانی لە شەڕ ناکەین و لایەنگری ئەوەین ناکۆکییەکان لە ڕێگای دیالۆگ چارەسەر بکرێن، بەڵام کاتێک بە دیالۆگ نەکرێ ڕێگەچارە بۆ ناکۆکییەکان بدۆزرێتەوە، شەڕ وەک دوابژاردە دێتە ئاراوە.

**تا چەند ئامادەی ئەم شەڕەن؟ ئایا ئۆپەراسیۆنی زەمینی دژی ئێران دەست پێ دەکەن؟**

ئەمریکا و ئیسرائیل ڕایانگەیاندووە شەڕەکەیان بۆ ڕووخاندنی ڕێژیم نییە، خەڵکی ئێرانیش لە ترسی سەرکوت و کوشتاری بێبەزەییانەی ڕێژیم ـ هەروەک لە ٧ و ٨ فێورییەی ئەمساڵدا دیتمان –زۆر بە زەحمەتە لانیکەم لە کورتماوەدا– بتوانن بە هاتنە سەرشەقام ڕێژیم بڕووخێنن، بەڵام لە داهاتوودا ڕووداوێکی ئەوتۆ چاوەڕوانکراوە.

**هەڵوێستت چییە لەسەر دەسەڵاتی ئێستای ئێران و ئایا داوای دانوستاندنیان لە بەڕێزتان کردووە؟**

حکوومەتی ئێران حکوومەتێکی دیکتاتۆرییە کە لەسەر بنەمای ئایینی شیعەی دوازدە ئیمامی ویلایەت فەقیهی دامەزراوە و، هەموو داهاتی وڵاتێکی دەوڵەمەندی ئێرانی لە ڕێگای ئیدئولۆژی خۆی بەکارهێناوە، لە کاتێکدا دانیشتووانی ئێران لە هەموو خزمەتگوزارییەک بێبەشن سامانی گشتی وڵات بۆ پڕچەککردن و بەهێزکردنی هێزە نیابەتییەکان، پەرەدان بە پیتاندنی یۆرانیوم بە مەبەستی دەستڕاگەیشتن بە چەکی ئەتۆمی و پەرەدان بە تێرۆریزم بەکار دێنێ. دەستی بەهەر جێگایەک بگا برسیتی، شەڕ، دووبەرەکی پێکدێنێ. ڕێژیمی ئێران لەم ساڵانەی دواییدا، داوای دانوستانی لە ئێمە نەکردووە.

# هەتا ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی مابێت، بەهاکانی "ژن"، "ژیان"، "ئازادی" نایەنە دی



**بەیاننامەی دەستەی کارگێڕیی حیزبی دێموکرات بەبۆنەی ٨ی مارس**

**تێکۆشەرانی ڕێگای ئازادی!**
**ژنانی وشیار و پێشەنگی کوردستان!**

ئەمساڵ لە کاتێکدا یادی ٨ی مارس بەرز ڕادەگرین، کە ڕێژیمی دژەژن و ستەمکاری کۆماری ئیسلامی لە ئەنجامی سیاسەتە چەوتە نێوخۆیی و دەرەکییەکانیدا، ئێران و ناوچەکەی بەرەو شەڕێکی ماڵوێرانکەر پەلکێش کردووە کە بێگومان ئەنجامەکەی بە نەمانی خۆی تەواو دەبێت. مێژووی خەبات و تێکۆشانی ژنان، لە ڕاپەڕینی ساڵی ١٨٥٧ی نیویۆرکەوە تا بەرەنگاربوونەوەی سیاسەتی شوومی "حیجابی زۆرەملێ" و پێشەنگایەتیی ژنان لە بزووتنەوەی "ژن، ژیان، ئازادی"دا، هەڵگری ئەو ڕاستییەیە کە هیچ هێزێکی خۆسەپێن ناتوانێت ڕێ لە ئیرادەی ژنان بۆ ڕزگاری و مافەکانیان بگرێت.

٨ی مارس بۆنەیەکە بۆ بەرزنرخاندنی دەستکەوتەکان و هاوکات وەبیرهێنەرەوەی ئەو ستەم و هەڵاواردنە سیستماتیکەیە کە لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا، بووەتە دۆخێکی بەردەوام. بێگومان بزووتنەوەی مافخوازیی ژنان، بەتایبەت لە کوردستان، ئاودیوی قۆناغێکی نوێ بووە؛ ئێستا ئەم بزووتنەوەیە خاوەن سەرمایەیەکی کۆمەڵایەتیی بەنرخە کە وەک توێژێکی یەکلاکەرەوەی سیاسی، دژ بە عەقڵییەتی دژەژنی ئەم ڕێژیمە دەوەستێتەوە و بزووتنەوەی "ژینا"شی لە کارنامەی خۆیدا هەیە. ئەم مەیدانارییە تەنیا دروشم نییە، بەڵکوو تێکشکاندنی کردەیی ئەو سیستمە سەرکوتکەرەیە کە ٤٧ ساڵە مافە نەتەوەیی و مرۆییەکانی زەوت و پێشێل کردووە.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، کە هەر لە سەردەمی کۆماری کوردستان و بە دەستی پێشەوا قازی محەممەد، بەردی بناغەی خەباتی ڕێکخراوەیی ژنانی لەژێر ئاڵای "یەکیەتیی ژنان"دا دانا، ڕزگاریی نیشتمان، مافی نەتەوەیی و ئازادیی ژنانی بە یەک ستراتیژی لێکگرێدراو زانیوە. لە بەرنامەی حیزبی ئێمەدا، مافی یەکسانیی ژن و پیاو ئەسڵێکی بنەڕەتی و نەگۆڕە و وەک پرەنسیپێکی دێموکراتیک و جیهانی باوەڕی پێیەتی.

لێرەوە داوا لە هەموو چین و توێژەکانی کوردستان، بەتایبەت ژنانی وشیار و ئازادیخواز دەکەین؛ با لەم قۆناغە هەستیارەدا کە ڕێژیم دەیەوێت بە شەڕەنگێزی ململانییەکان بۆ دەرەوەی سنوورەکان بگوازێتەوە، بە ڕێکخستنی مەدەنی و بەهێزکردنی ناوەندەکانی خەباتی سیاسی لە ناوخۆدا، خۆتان بۆ گۆڕانکاریی قووڵ ئامادە بکەن. پێشمان وایە لە کوردستان، ئەرکی هەموو تاکێکی یەکسانیخوازە کە خەبات بۆ مافەکانی ژنان وەک بەشێکی دانەبڕاو لە خەباتی نەتەوەیی و دژ بە ستەمکاری ببینێت و بەشدارییەکی چالاکانە لە هەڵوەشاندنەوەی تەواوەتیی ئەم ڕێژیمەدا بکات.

دەستەی کارگێڕیی حیزب وێڕای پیرۆزبایی ٨ی مارس، جەخت دەکاتەوە کە تا ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی مابێت، بەهاکانی "ژن"، "ژیان" ، "ئازادی" نایەنە دی. با ٨ی مارس ببێتە هەوێنی یەکگرتوویی هەموو ئازادیخوازان بۆ کۆتاییهێنان بەم ڕێژیمە دژەژن و چەوسێنەرە.

سەرکەوێت خەباتی ڕەوای ژنان بۆ دەستەبەرکردنی ماف و ئازادییەکانیان.

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**٨ی مارسی ٢٠٢٦**

## هاوپەیمانیی هێزە سیاسیەکانی کوردستانی ئێران:

# کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەبێ لەهەمبەر هێرشە مووشەکییەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر هەرێمی کوردستان هەڵوێستی هەبێت

**هاونیشتمانییانی تێکۆشەر!**
**ناوەند و کۆڕ و کۆمەڵە نێودەوڵەتییەکان!**

هەرێمی کوردستانی عێراق لە سەرەتای شەڕی ئێران لەگەڵ ئەمریکا و ئیسرائیلەوە هەتا ئێستا سەدان جار بە مووشەک و درۆن هێرشی کراوەتە سەر. لەو نێوەدا بنکەکانی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران و کەمپە مەدەنییەکانی ئەم حیزبانەش لە هەرێمی کوردستان بەئامانج گیراون کە لە تازەترینی ئەو هێرشانەدا پێشمەرگەیەکی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران بە ناوی ئۆمید وەیسی و دوو پێشمەرگەی سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران بە ناوی فەخرەدین مورادی و ئیقباڵ ساڵحی شەهید بوون.

هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران بە توندی دەستدرێژی و هێرشە مووشەکی و درۆنییەکانی کۆماری ئیسلامی و گرووپ و تاقمە تێرۆریستییەکانی سەر بەو ڕێژیمە بۆ سەر هەرێمی کوردستان و بەئامانج گرتنی شوێن و جێگەی ژیانی سڤیلی پەنابەرانی کوردستانی ئێران نیشتەجێ لە هەرێم و هەروەها هێرش بۆ سەر کۆنسوولخانە و بارەگای سیاسیی وڵاتان لە هەرێمی کوردستان بە توندی مەحکووم دەکات. هاوکات داوا لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەکات دژی هێرشە بەردەوامەکانی ئەم ڕێژیمە و میلیشیاکانی هەڵوێستی بەکردەوەی هەبێت.

هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران ڕادەگەیەنێ کۆماری ئیسلامی لە نێوخۆی وڵاتدا بە کۆمەڵکوژکردنی خەڵکی ناڕازی و خۆپێشاندەران و بەبارمتەگرتنی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و لە دەرەوەی سنوورەکانی بە قەیرانخوڵقێنی و هەڵگیرساندنی شەڕ و ناسەقامگیری هەوڵ دەدا تەمەنی دەسەڵاتەکەی چەندی دەکرێ درێژتر بکاتەوە. بۆیە پێویستە وڵاتان و کۆمەڵگەی جیهانی پشتیوانی نەتەوەکانی ئێران و ماف و داخوازییە ڕەواکانیان بن.

هەروەها دژی دەستدرێژی و پەلامارەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر خەڵکی سڤیل لە هەرێمی کوردستان و وڵاتانی دیکەی ناوچە بوەستنەوە.

**هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران**
**٢٢ی ڕەشەمەی ١٤٠٤ (٢٠٢٦/٣/١٣)**

# بەشێک لەو زیانە گیانی و خەسارە ئابوورییانەی بەر ڕێژیم کەوتوون

لە یەکەم هێرشەکانی ئیسرائیل و ئەمریکا بۆ سەر ئێران هەتا ئێستا زۆر ڕێبەری سیاسی و فەرماندەی نیزامیی کۆماری ئیسلامی کوژراون.

لە ڕۆژی ٩ی ڕەشەمە، دەسپێکی هێرشەکان بۆ سەر کۆماری ئیسلامی خامنەیی، ڕێبەری ڕێژیم کرایە ئامانج. هەم لەگەڵ خامنەیی و هەم لە هێرشەکانی دواتریشدا زۆر کاربەدەستی نیزامیی ڕێژیم لە سپای پاسداران کوژران کە دیارترینیان بریتی بوون لە: محەممەد پاکپوور، فەرماندەی گشتیی سپای پاسداران؛ عەبدولڕەحیم مووسەوی، سەرۆکی ستادی گشتیی هێزە چەکدارەکان، عەلی شەمخانی، ڕاوێژکاری باڵای ئەمنییەتیی کۆماری ئیسلامی؛ عەلی لاریجانی، ڕاوێژکاری خامنەیی، سەرۆکی پێشووی مەجلیس و سەرۆکی شورای بەرزی ئەمنییەتی میلیی ئێران؛ عەزیز نەسیرزادە، وەزیری بەرگری؛ ئیسماعیل خەتیب، وەزیری ئیتلاعات؛ غوڵامرەزا سولێمانی، فەرماندەی بەسیج. هەروەها دەیان فەرماندە و کاربەدەستی دیکەی کۆماری ئیسلامی لە درێژەی شەڕەکەدا هەتا ئێستا کوژراون و بەوە زەبرێکی گورچووبڕ لە کۆماری ئیسلامی دراوە. لەو پێوەندییەدا ئەمریکا و ئیسرائیل هاوکات باس لە کوژرانی زیاتر لە ٦٠٠٠ کەس لە هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی دەکەن.

هەر لە ماوەی ئەو سێ حەوتووەدا بەشێکی زۆری توانای بەرگریی ئێران تێدا چووە، وەک: زیاتر لە سەتا ٨٥ی ڕادار و سیستەمی بەرگریی ئاسمانیی ئێران تێکشکاوە. سەتا ٧٠ی سەکۆ مووشەکییەکانی ڕێژیم هەڵتەکاون، سەدان عەمباری مووشەکیی ڕێژیم تەقێندراونەتەوە و نزیکەی ١٢٠ پاپۆڕی جەنگی کۆماری ئیسلامی لە کەنداوی فارس و دەریای خەزەر نوقم کراون یان لەکار خراون.

لێدانی قوورس لە هێزە نیابەتییەکانی کۆماری ئیسلامی و کەمکردنەوە لە دەسەڵاتی ناوچەیی ڕێژیم بەشێکی دیکە لە زیانەکانی هەتا ئێستای کۆماری ئیسلامی لەو شەڕەدا بووە. بەشێک لە زیانە ئابوورییەکانی ڕێژیم لەو شەڕە هەتا ئێستا بریتی بووە لە خەسارەکانی سەر کەرتی وزە لە هێرشەکان بۆ سەر دوورگەی خارک کە شادەماری هەناردەی نەوتی ئێرانە و دامەزراوەکانی گازی عەسەلوویە. هەروەها بەهۆی تێکچوونی دۆخی گەرووی هورمز هەنارده و هاوردە لە ئێران نزیک بووەتەوە لە سفر و چالاکییە پیشەسازی و بازرگانییەکان لە باشترین حاڵەتدا بە ڕێژەی سەتا ٥٠ کەمی کردووە.



کوردستان
• ژمارە ٩١٥
٢٩ی ڕەشەمەی ١٤٠٤ _ ٢٠ی مارسی ٢٠٢٦

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:**

# ئەوەی کوردەکان دەبێ بیکەن، ڕێکخستنی ڕیزەکانی خۆیانە و دانانی ڕێوشوێنێک بۆ ئەگەرەکانی داهاتوو

**ئاماژە: تۆڕی مێدیایی ٩٦٤+ وتووێژێکی تایبەتیی لەگەڵ مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە، کەسایەتیی سیاسی و ئەدەبی و سیمای ناسراوی بزووتنەوەی کورد کردوە و ڕا و بۆچوونی بەڕێزیانی لەبارەی هۆکار و دەرەنجامەکانی شەڕی ئێران لەگەڵ ئەمریکا و ئیسرائیل دەربڕیوە. لەو وتووێژەدا کە لە ڕۆژی دەهەمی شەڕەکەدا کراوە، مامۆستا حەسەنزادە تیشکی خستووەتە سەر دۆخی کورد لە دڵی قەیرانەکانی ئەو شەڕە، داهاتووی ئێران و پێوەندییەکانی لەگەڵ وڵاتانی ناوچە. "کوردستان" ئەو دیمانەیەی بۆ خوێنەرانی گواستۆتەوە:**



**مامۆستا ماوەی دە ڕۆژە ئەو هێرشانە بۆ سەر ئێران دەستی پێ کردووە. خوێندنەوەی جەنابت بۆ ڕووداوەکان تا ئێستا چۆنە؟**

زۆرجار دەڵێم قسەوباس و کاروباری دۆناڵد ترامپ کەس بە ئاسانی تێیان ناگا. بەڕاستی ئەوەی تا ئێستا گوزەراوە بەرچاڕوونیی نەداوە بە کەس. ئەوەی ئەمن تێیدەگەم، لەگەڵ هەموو گەورەیی شەڕەکە، لەگەڵ هەموو ئەو توانایانە کە دوو دوژمنی ئێران، ئەمریکا و ئیسرائیل هەیانە، هەموویان لە حیساباتی خۆیاندا تووشی هەڵە بوون. تەنانەت ئەگەر بە زمانیش نەیڵێن، لێیان دەردەکەوێ کە بۆ خۆیان هەستیان بە هەڵەبوونی موحاسەبەکەی خۆیان کردووە.

ئەمریکا وای حیساب کردبوو کە بە پێچەوانەی شەڕی ١٢ ڕۆژە کە زۆر بە توندی و بە قورسی نەهاتنە نێو کارەکەوە، ئەم سەفەرە بە سێ چوار ڕۆژان کارەکە تەواو دەکەن. ئیحتیمالەن نەتانیاهووش هەروا حاڵی ببوو. هەر لەو کاتەدا کۆماری ئیسلامییش وا حاڵی ببوو کە بە قەولی خۆیان دەرسێک دەدەن بە ئەمریکا و ئیسرائیل کە قەت لەبیریان نەچێتەوە. ئێستا دەرکەوت ئەو حیساباتەی هەردوولا بە هەڵە دەرچووە و مەعلووم نییە ئایندەی ئەو شەڕەی بە کوێ دەگا، کەنگێ تەواو دەبێ، یان بڵێین بە جۆرێک لە جۆران تەواو دەبێ. چونکە دیارە تەواوبوونی شەڕ هەر یەک حاڵەتی نییە. شەڕ دەتوانێ بە ڕێککەوتن تەواو بێ، یان ئەوەی پێی دەڵێن ئاوربەس.

**مامۆستا ئەگەر ئەو ڕووداوانەی ئێستا بۆ دوو بەش دابەشی بکەین، هەم نێوخۆی ئێران، هەم دەرەوەی ئێران، یانی جۆرێک ڕەوایەتیی ئەو جەنگە هەیە کە ئەمریکا و ئیسرائیل لە بەرانبەر ئێران پیادەی دەکەن، ئایا ڕەوایەتیی جەنگەکە هەیە؟**

دەزانی چۆنە؟ هەندێک یاسای نێودەوڵەتی هەن، یاسای ناوچەیی هەن، تەنیا لە حاڵەتێکی سروشتیدا ئەوانە ڕەچاو دەکرێن. دەنا هیچ کامیان ڕەچاو ناکرێن. دەوڵەتێک کە ئێستا حاکمی ئێرانە، نە دڵخوازی خەڵکی ئێرانە بە هەموو میللەتەکانیەوە، نە دڵخوازی خەڵکی هەرێمەکەیە، نە دڵخوازی خەڵکی دنیاشە، ئەوە ڕاستە. یانی دەوڵەتێکی بەڕاستی خراپە. بەڵام ئێستا وەکوو دەڵێن لە جیاتی "هێزی مەنتیق"، "مەنتیقی هێز" حوکم دەکا. موخالەفەتیان هەیە، ئەوانیش لە خۆیان ڕا دەبینن و دێن شەڕێکی ئاوا دەکەن.

**مامۆستا پێت وایە گۆڕانکاری دروست بکا؟ پێشتر ١٢ ڕۆژ شەڕ بوو، ئێستاش ئەوە پێی نایە ١٠هەمین ڕۆژ. پێت وایە ئەوە گۆڕانکاری لە نەخشەی ئێران یان لە ناوچەکەدا دروست بکات؟**

زۆر قابیلی پێشبینی نییە، تەنانەت دیمەنەکە بۆ ئەوانەی کە لەشەڕەکەشدا هەن ئەوەندە ڕوون نییە. بەڵام وا فکر دەکەمەوە ئەم سەفەرەی ناتوانێ وەک جاری دیکە تەواو بێ. ئەوەی ترامپ لەو ڕۆژانەی دواییدا ئیعلانی کردووە، کە دەڵێ هیچ شتێکمان قبووڵ نییە، جگە لە تەسلیمی بێ قەید و شەرت. تەسلیمی بێ قەید و شەرت وەک ئەوەی شوارتسکۆف لە سەفوان بە عێراقییەکانی گوت کە من ناچم بۆ دانوستان، دەچم دەڵێم ئەوە ئیمزا بکەن. ئەمن بەش بە حاڵی خۆم لە کەللەڕەقیی ڕێبەرانی ئێرانێ بە دووری دەزانم ئەوەی بکەن. کەواتە ڕەنگە ئەوەیان نەبێ، بەس بەهەرحاڵ بۆ ئابڕووی دەوڵەتێکی زلهێزی وەک ئەمریکا و هێزێکی ناوچەیی وەک ئیسرائیل ڕەنگە ئاسان نەبێ ئەم جارەیان هەروا بکشێنەوە. یان دەبێ ئامانجەکانیان بەدی بهێنن، یان ئەگەر ئامانجەکە بەدی نەیە دەبێ بڕۆن هەتا لایەکی وەلایەکی دەکەوێ، و ئەوەی پیاو لێی تێ دەگا و ئەگەر بە مەنتیق بیر بکەیەوە دەبێ ڕووخانی کۆماری ئیسلامیی لێ بکەوێتەوە.

**پێشبینیی جەنابت چییە؟ شەڕەکە زۆر دەخایەنێت؟ گۆڕانکارییەکان چی دەبن؟ ئایا بە ڕووخان کۆتایی دێت؟**

ئەمن هەتا سێ چوار ڕۆژ پێش ئێستا دوو ئیحتمالم بەرچاو دەکەوتن، یەکێکیانم بە نزیکتر دەزانی. ئەویش ئەوە بوو کە لە ئاخر دەقیقەدا ئێران بۆی دەرکەوێ کە ئەو شەڕە شەڕێکی قورسە و بەوی بەڕێوە ناچێ، قەبووڵ بکا کە مەرجەکانی قەبووڵن. ئەوی دیکە ئەوە بوو بڕوا هەتا ڕووخان. ئێستا ڕەوتی ڕووداوەکان پێم دەڵێ کە نا؛ ئەگەری تەسلیمبوون و قبووڵکردنی مەرجەکانی ئەمریکا و ئیسرائیل دوورترە لەوەی بڕوا هەتا سەر. بەڵام بە پێچەوانەی ئەوەی پێشتر بیریان لێ دەکردەوە کە شەڕەکە ٢ ڕۆژ و ٣ ڕۆژە، یان لە دواتردا فکریان لێ دەکردەوە کە ڕەنگە حەوتوویەک یان دوو حەوتوو بێ، وا دێتە بەرچاو کە ئەو شەڕە پتر درێژە دەکێشێ، ڕەنگە بە حەوتووان ڕازی نەبن و ببێتە چەند مانگێک.

**ئەی پێشبینییەکان بۆ گۆڕانکاری لە نەخشەکاندا چۆن دەبن؟**

یەکێک لە کێشەکانی ئەم شەڕە و تەنانەت کێشەی ئەوانەش کە هاتوون شەڕی ئێران دەکەن ئەوەیە کە بەدیل (جێگرەوە)یان نییە لە نێو ئێراندا. مەعلووم نییە چی دەبێ. ئێستا هەوڵی ئەوە هەیە کە گویا لە نێوخۆی دەسەڵاتدا شتێک دروست کەن کە لەگەڵ ئامانجەکانی ئەمریکا و ئیسرائیلدا بتوانێ بگونجێت. ئەمن ئەوەی زۆر بە زەحمەت دەزانم چونکە لە ئێراندا غەیری ئەو تاقمەی ئێستا دەسەڵاتیان بەدەستە، لە زەمانی خومەینییەوە تا ئەمڕۆ، هەتا دوێنێش کە کوڕەکەی خامنەیی بووەتە جێگری بابی، کەسانی دیکە ئەو هێزەیان نییە بڵێن ئێمە ڕاست دەبینەوە و دەسەڵات لە دەستی ئەوان دەر دێنین. ئەوانیش زۆر بە زەحمەتە مل ڕاکێشن، بەڵام لە کۆتاییدا ئەگەر شەڕ بوو ئیحتمالاتی زۆری هەیە، یەکێکیان ئەوەیە کە لە نێوخۆیی ئێراندا بە دەسەڵات و نادەسەڵاتەوە بەدیلێک هەڵکەوێ. یەکێکیان ئەوەیە بۆ ماوەیەک ببێتە شەڕی نێوخۆیی و بێسەرەوبەری. ئەگەرێکی دووریش هەیە کە من زۆر بە دووری دەزانم چونکە تا دێ دوور دەکەوێتەوە کە کوڕی محەمەدڕەزاشا بهێننەوە سەرکار. دیارە من بە دوورتری دەزانم چونکە ئەو کابرایە لە نێوخۆی وڵاتدا نفووزێکی وای نییە، حیزبی نییە، ڕێکخراوی نییە. تەنیا شتێکی میراتییە ئەویش میراتێک کە لە ئێراندا ٢٥٠٠ ساڵ ڕابردووی هەیە، هەمووی نامەتڵووب بووە و دیکتاتۆری بووە ئەو خەڵکەی بە خوێن و فیداکاری پاشایەتیی ڕووخاندوە، ئێستا چۆن دەچێ بە ئیختیاری خۆی دەیهێنێتەوە؟

**دیارە سەرۆکی ئەمریکاش ڕەتی کردەوە کە کوڕی شا بگەڕێنێتەوە، دەڵێ دەبێ گۆڕانکارییەکان لە نێوخۆی ئێران بن.**

بەڵێ وایە. دوو هەفتە پێش شەڕەکە ڕۆژئاوا هەمووی هاتنە پشت ڕەزا پەهلەوی. بە ڕۆژێکی سێ جار لە سێ شوێن خۆپیشاندانیان کرد لە مونیخ، لە تۆرۆنتۆ، لە لۆس ئەنجلیس. هەموو میدیای ڕۆژئاوایی هاتبوون، بە سوێند و قورئان دەیانگوت لەوێ ٢٥٠ هەزار بوون، لەوێ ٣٠٠ هەزار کەس بوون. لە حاڵێکدا پۆلیسی ئەڵمان حیسابێکی دەقیقی کردبوو کە دەڵێ ئەو حەشیمەتەی کە لەوی بووە بەپێی حیساباتی دەقیق دەتوانێ ٥٠ هەزار کەس بێ، هەر ئەوەندەی دەگرێ. کەچی ئەوان دەیانگوت ٢٥٠ هەزار کەسە بۆ ئەوەی گەورەی بکەنەوە. بەڵام لە پاشان وا دیار بوو تێیان گەیاندن کە ئەو کوڕە بۆخۆی نە ئەو تواناییەی هەیە و نە ئەو پێگەیەی هەیە. بۆیە لە کۆتاییدا گوتی ئێمە کەسێکمان دەوێ کە لە ئێرانێ بێ و لە ئێرانیش مەقبوڵییەتی هەبێ.

**مەبەستی چییە؟ واتە لە نێوخۆی ئێران؟**

وا تێدەگەم تا ئێستا بەدوای ئەوەوەن لەنێو دەزگای حاکمدا، نە ئیلزامەن لەنێو دەسەڵاتدارەکاندا، ئەوانەی کە پێیان دەڵێن ئیسلاحتەڵەب، لەنێو ئەواندا کەسانێک دەربکەون و ئەوانیش پشتیان بگرن. پێم وایە تا ئێستا بیر لەوە دەکەنەوە کە من ئەوە زۆر بە ئاسان نازانم. چونکە بەشێک لە کۆمەڵگەی ئێران، جا بە دڵخواز یان بە نابەدڵخواز، لەگەڵ دەسەڵاتەکەدایە. ئەوی دیکە هیچ بەرەیەکی نێو حکوومەتی ناوێ. بەڵام لە زەروورەتدا ڕەنگە ئەگەر ڕەوتی ڕووداوەکان ئاوا بچێتە پێشێ، لەوانەیە دەستەیەک، تاقمێک تێکەڵاو لە هەندێک کەسایەتیی نێوخۆی وڵات لە دەرەوەی دەسەڵات، لە دەرەوەی دامەزراوە حکوومەتییەکان و بەشێک لەوانەی کە بە ئیسڵاحخواز حیسابن وەک حەسەن ڕوحانی و زەریف و خاتەمی و ئەوانە بێنە گۆڕێ، ئەگەرچی ئەوانە هیچ وەختێک وەک نوقتەی هێز دەرنەکەوتوون لە کۆماری ئیسلامیدا.

**باشە ئەوانە ئەستێرەیان ئاوا نەبووە؟**

لە بنەڕەتدا هەر ئەستێرەیان نەبووە هەتا ئاوا بێ. کابرا دەڵێ سەرۆککۆمار تەدارۆکاتچییە، باشە. ئێران تەنیا وڵاتە کە سەرۆککۆمارەکەی کەسی یەکەمی وڵات نییە. کەسێکی دیکە لە سەرەوەی هەیە، ئەویش نەک لە سەرەوەی، لە سەرەوەی ئیرادەی هەموو میللەتەکەیە، چونکە ئەو ئەمر لە خودا وەردەگرێت و بەرانبەر بە عەبدی گوناهبار هیچ ئیلتزامێکی نییە!

**لە چەند ڕۆژی ڕابردوو، واتە لە میانی ئەو جەنگە بینیمان کە ئێران هێرشی کردە سەر زۆربەی وڵاتانی ناوچەکە. ئەوەشمان بینی کە مەسعوود پزیشکیان، سەرۆککۆماری ئێران، هات داوای لێبوردنی کرد و گوتی ئەگەر هێرشمان نەکرێتە سەر، ئێمە چیتر هێرش ناکەین. بەڵام هەر ئەو ڕۆژە...**
پێیان دەوێ کردەوە [بە پێکەنینەوە]

**مامۆستا ئەوانە چۆن خوێندنەوەیان بۆ دەکرێ؟**

دیارە هەموومان ئەوە دەزانین ئەو وڵاتانەی لێیان درا بە جۆرێک لە جۆرەکان حزووری ئەمریکایان تێدایە، هێز و بنکەی ئەمریکییان تێدایە. بەڵام لە هەموو حاڵەتێکدا ئەوە هەڵەیەکی گەورەی کۆماری ئیسلامی بوو. دوو دەوڵەت هاتنە شەڕی، بەڵام ١٠ دەوڵەتی لە خۆی کردنە دوژمن. پێی وابوو کە دەتوانێ لەو بارەیەوە هەم زەرەر لە بنکەکانی ئەمریکا بدا و هەم ئیحتیمالەن ئەو وڵاتانەش لە خۆی نەکاتە دوژمن. لە حاڵێکدا بە پێچەوانەوە، ئەو وڵاتانە هەتا جارێک ئازار بە هێزەکانی ئەمریکا گەیشتوە، ١٠ جار ئازار بەوان گەیشتووە، ئەوان هەر دەبنە دوژمن و وەکوو زانیمان هەر دوێنێ ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی بە توندی بەرپەرچی ئێرانی دایەوە. بەڵام ئەوی دیکە نیشانەی ئەو واقیعییەتەیە کە باسمان کرد، کە سەرۆککۆمار شتێک نییە. سەرۆککۆمار دەتوانم بڵێم کارێکی عەقڵانە و مەدەنی بوو کە داوای لێبوردنی لە خەڵکەکە کرد و گوتی ئێمە شەڕمان لەگەڵ ئێوە نییە و شەڕمان لەگەڵ بنکەکانی ئەمریکایە، بەڵام بە زۆر فشاریان بۆ هێنا کە بە زمانی خۆی قسەکانی وەربگرێتەوە. ئەوە کە دەڵێ وا خراپ تەفسیر کراوە، وا خراپ تەفسیر نەکراوە، ڕاست بوو ئەوەی گوتی، ئەوەی لە دڵیدا بوو ئەوەی گوت، بەڵام ئێستا دەڵێن حەقت نییە ئەوە بڵێی.

**لە دوای شەڕەکە، پەیوەندیی ئێران لەگەڵ ئەو وڵاتانە چاک دەبنەوە؟**

مەربووتە بەوەی کێ دێتە سەر دەسەڵات، بەبێ شک سارێژبوونەوەی ئەو برینانە لە هیچ حاڵەتێکدا ئاسان نییە، بەڵام لە سیاسەتدا شتی نامومکین نییە. سووریە و ڕۆژئاوای کوردستان شتێکی باشمان پێ دەڵێن کە هەموو شتێک دەکرێ. کابرایەک کە هەتا دوێنێ ١٠ ملیۆن دۆلار دادەنرا بۆ خەبەرێکی، یەکسەر دەیهێنن بەدەستی خۆیان دایدەنێن و دەیکەنە دەسەڵاتداری سووریە، ترامپ بۆخۆی گوتی ئەمن هێناومە. یانی لە شک و گومانی لا برد، ئەوەش هەر مومکینە، بەڵام بەهەرحاڵ هەر دەبێ تەبیعی بێتەوە. ئاگات لێیە لە عومرێکی ڕابردوودا ئیختلافاتی بەینی وڵاتانی عەرەبی و ئیسرائیل! دەی لە چەند ساڵی ڕابردوودا چەند وڵاتی عەرەبی پەیوەندییان لەگەڵ ئیسرائیل کردۆتە پەیوەندییەکی ئاسایی و سەفیریان لە وڵاتی یەکتردا داناوە. هەموو شتێک مومکینە.

**لە دوای کوژرانی خامنەیی، هەست دەکەین ئێران جۆرێک تەحەدای کرد کە توانی موجتەبای خامنەیی با بڵێین کوڕ لە جێی باوکی دابنێتەوە. خومەینی تەوجهێکی هەبوو زیاتر کە دینی بەکار هێنابوو بۆ بابەتی سیاسی، دوای خامنەیی هات چەکیشی لەگەڵ دین بەکار هێنا. پێت وایە موجتەبا بتوانێ لەو سنوورانەی خومەینی و خامنەیی لابدات و گۆڕانکارییەک لە سیاسەتی ئێراندا بکات؟**

خومەینی مەوقعییەتێکی دیکەی هەبوو، یەکەم ئەوەی ڕێبەرێکی خەباتگێڕ بوو لە دژی ڕێژیمی پاشایەتی، لە پاشاندا هەرچەندە یەکەمین پلە و پایەی عیلمی نەبوو لە موئەسەسەی دینیی شیعەدا، بەڵام پلە و پایەیەکی دینیی بەهێزی هەبوو. بەڵام بۆ پاش خومەینی، ئەوەی کە بوو بە جێگری خومەینی لە واقیعدا سیاسەت کردی، شایستەیی دینی و عیلمی و کۆمەڵایەتیی خامنەیی وەک خومەینی قەبووڵ نەبوو، بەڵام دەسەڵات دای نا. ئەوەی ئێستا فاسیلەکەی لەوەی دیکەش پترە. واتە ئێستا حاکم لە ئێراندا لە بنەڕەتدا سپای پاسدارانە، بەڵام بە قەول واجیهە یان بڵێین عەبایەکی دەوێت کە دەسەڵاتەکەی لە ژێردا بشارێتەوە. ئەو پیاوە، واتە موجتەبا خامنەیی، نە پلەی عیلمیی وای هەیە نە پلەی کۆمەڵایەتیی وای هەیە. باوەڕ کە تا دە ساڵ پێش ئێستا زۆرکەس نەیدەزانی خامنەیی کوڕێکی هەیە بە ناوی موجتەبا، بەڵام وردە وردە دەریان خست. ئەوەش هەندێک دوێنێ و پێرێ دەیانگوت کە نارازی بوون بەوەی خامنەیی کوڕەکەی جێگەی خۆی بگرێ، ئەوە بە تەواوی بە باوەڕی من ناڕاستە، چونکە لە پشتی پەردەوە بە جۆرێک لە جۆرەکان وەک دەورانی سەدام حوسێن و ئەحمەد حەسەن بەکر، ئەوەی ڕەئیس جمهور بوو ئەحمەد حەسەن بەکر بوو، بەڵام ئەوەی کارەکانی دەکرد سەدام بوو. ئەوە وا نەبوو لە واجیهەدا دیار بێ، بەڵام لە واقیعدا وەک کەسێکی بەدەسەڵات و باڵادەست کاری دەکرد و پەیوەندیی هەبوو لەگەڵ سەرانی پاسداران و ئەوانە.

**هێزە کوردییەکانی ڕۆژهەڵات لەو بارودۆخەدا چی بکەن باشە؟ ئایا بە قسەی ئەمریکا بکەن یاخود مەجالێک ماوە پێی بڵێن دانوستاندن لەگەڵ ئێران؟**

با لە بەشی دووهەمەوە جواب بدەمەوە کە پێم وایە ئەوانەی پێشووش بەتایبەتی دوای ئەوەی یەکەمجار هەموویان کاری خراپ بوون و هەموویان موحاسەباتی ناتەواو بوون. چونکی کەسێک کە لەگەڵی دانیشتووی پیاوێکی سوڵحخواز و دێموکرات وەکوو د. قاسملوویان تێرۆر کردوە، ئیتر بۆ دەبێ باوەڕی پێ بکەی؟ ئێستاش ئیدی لە بنەڕەتدا ئەسڵێک هەیە کە دەڵێن کۆتایی هەموو شەڕێک دەبێ بە تێگەیشتن بێ یا بە ئاشتی تەواو دەبێ یان بە لەبەینبردنی لایەکی شەڕەکەی. ڕەنگە لە بنەڕەتدا ئەوە نەتوانین نەفی بکەین کە دەوڵەتی ئێرانێ هەر کەس و هەر لایەنێک بێ حیزبە سیاسییەکان یان ڕێبەرانی بزووتنەوەی کورد مەجبوورن ئەگەر ئیمکانی موزاکەرە هەبوو لەگەڵی بکەن، بەڵام بەش بە حاڵی خۆم پێم وایە قەت لەگەڵ کۆماری ئیسلامی مەجال نەماوە بۆ ئەوەی دانیشن، چونکە کە دانیشتن مەعنای ئەوەیە کە دەڵێ ئەگەر جارێکت فریو دام ماڵت خرابێ و ئەگەر دووجارت فریو دام ماڵم خرا بێ. ئەوە وای لێ دێتەوە. حیزبە سیاسییەکان یان ڕێبەرانی بزووتنەوەی کورد مەجبوورن ئەگەر ئیمکانی موزاکەرە هەبوو دەگەڵی بکەن، بەڵام لە ئایندەدا ئەگەر دەسەڵاتێکی دیکە هەبێ، کوردەکە مەجبوورە دەگەڵی تەڕەف بێ، ئەگەر بکرێ لە جیاتی شەڕ، ئاشتی و موزاکەرە و تێگەیشتن بکرێ.

بەڵام ئەوەی کە لە بەشی یەکەمی پرسیارەکەدا بوو، کورد بەقسەی تڕەمپی بکا یان بۆخۆی بیکا، ئەگەر بە پێخۆشبوون...

درێژە بۆ لاپەڕەی ٥

## پەیامی هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران

# ڕوو لە نەتەوەکان و تەواوی ئازادیخوازانی ئێران، نەتەوەی تورکی ئازەربایجان و وڵاتانی دراوسێ

**نەتەوە ستەملێکراوەکان و ئازادیخوازانی سەرانسەری ئێران!**

هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران لەم بڕگە هەستیارەی خەباتدا، بە پشتبەستن بە پێشینەی مێژوویی و بنەماکانی خەباتی بزووتنەوەی نەتەوەیی و دێموکراتیکی کوردستان و، بە تێگەیشتن لە بەرپرسیارێتیی مێژوویی خۆی لە بارودۆخی هەستیاری ئێستای ئێراندا، جارێکی دیکە بۆ تێپەڕین لە سەرەڕۆیی و بونیادنانی داهاتوویەکی دێموکراتیک، جەخت لەسەر پێویستیی هاوپێوەندی و یەکیەتیی نێوان تەواوی هێزە ئازادیخوازەکان و نەتەوە ستەملێکراوەکانی ئێران دەکاتەوە.

ئێمە لەو بڕوایەداین داهاتوویەکی سەقامگیر بۆ ئێران تەنیا لە سایەی جێگیربوونی سیستمێکی دێموکراتیک، و لەسەر بنەمای بەفەرمی ناسینی مافە نەتەوەییەکانی نەتەوەکان، دادپەروەری و یەکسانی، و زامنکردنی ئازادییە بنەڕەتییەکانی هاووڵاتییان چێ دەبێت. هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران لەم پێناوەدا و بە مەبەستی بونیادنانی ئێرانێکی ئازاد، دێموکراتیک و فرەچەشن ئامادەیی خۆی بۆ هاوکاری و هاوئاهەنگی لەگەڵ تەواوی هێزە سیاسی و مەدەنییە دێموکراتیکەکان ڕادەگەیەنێت.

**خوشک و برایانی ئازەری!**

هەمووان ئەم ڕاستییە مێژووییە دەزانین کە لە چەند شار و ناوچەدا، بەتایبەت لە ئازەربایجان و کوردستان، ئازەرییەکان و کوردەکان بە درێژایی مێژوو لە تەنیشت یەکدی ژیاون. بۆیە داهاتووی ئەم ناوچانەش هەر دەبێت لەسەر بنەمای هاوکاری، بەڕێوەبردنی هاوبەش و زامنکردنی مافی یەکسانی هەموو پێکهاتەکان بێت. هاوپەیمانیی حیزبەکانی کوردستانی ئێران لەو ناوچە تێکەڵاوانەدا پشتیوانی لە دروستکردنی میکانیزمەکانی بەڕێوەبەریی هاوبەشی خۆجێیی دەکات کە ڕەنگدانەوەی پێکهاتەی دانیشتووان و ویستی خەڵک بێت.

هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران لەو بڕوایەدایە ئەمنییەت و سەقامگیریی بەردەوام تەنیا کاتێک دەستەبەر دەبێت کە هەموو خەڵکی ناوچەکە، لەوانە کورد و تورک لە ئازەربایجان، کوردستان و ناوچەکانی دیکە، خاوەنی مافی سیاسی، کولتووری و زمانیی یەکسان بن و کاروباری خۆجێیی لە ڕێگەی دامەزراوە دێموکراتیک و وەڵامدەرەکانەوە بەڕێوە ببرێت.

ئێمە وەک هەمیشە دەستی هاوکاری بۆ لای نەتەوەی تورکی ئازەری و هێزە سیاسییەکانیان درێژ دەکەین و ئامادەیی خۆمان بۆ گفتوگۆ، هاوئاهەنگی و دروستکردنی میکانیزمێک کە ئەمنییەتی گشتی و سەقامگیریی ناوچە هاوبەشەکان دەستەبەر بکات، ڕادەگەیەنین.

داهاتووی ناوچەکە دەبێت لەسەر بنەمای پێکەوەژیان، ڕێزی دوولایەنە و بەشداریی یەکسانی هەموو خەڵکەکەی بونیاد بنرێت. هەروەها بە جەختکردنەوە لەسەر پەیوەندییە مێژووییەکان و بەستێنە کۆمەڵایەتییەکانی نێوان نەتەوەی کورد و نەتەوەی تورکی ئازەری، پێمان وایە داهاتووی پەیوەندییەکانی نێوان ئەم دوو نەتەوەیە دەبێت لەسەر بنەمای گفتوگۆ، ڕێزی دوولایەنە و پێکەوەژیانی ئاشتییانە بێت. بۆیە لەم چوارچێوەیەدا، جارێکی دیکە پابەندیی خۆمان بە نێوەڕۆک و ڕۆحی پەیمانی دۆستایەتیی نێوان کۆماری کوردستان و حکوومەتی نەتەوەیی ئازەربایجان ڕادەگەیەنین و بە نەخشەڕێگە و هێمایەکی هاوکاری و لێکتێگەیشتنی نێوان بزووتنەوە دێموکراتیکەکانی کوردستان و ئازەربایجانی دەزانین.

هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران لە بەردەوامیی ڕێگەکەیدا، بەهێزکردنی هاوکاریی نێوان هێزە دێموکراتیکەکان و پەرەپێدانی گفتوگۆی نێوان نەتەوەکان بۆ دروستکردنی میکانیزمی هاوبەش بۆ پێکەوەژیانی دادپەروەرانە، بە یەکێک لە کۆڵەکە سەرەکییەکانی گەیشتن بە داهاتوویەکی ئازاد و دادپەروەرانە بۆ تەواوی نەتەوەکانی ئێران دەزانێت و لەم پێناوەدا پێشوازی لە هەر جۆرە هاوکاری و هەوڵێک دەکات.

سەبارەت بە نەتەوە و وڵاتانی دراوسێ، هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران جەخت لەسەر پێویستیی دراوسێیەتیی باش و ڕێزگرتن لە بەرژەوەندییە ڕەواکانی یەکدی لەگەڵ تەواوی وڵاتانی ناوچەکە دەکاتەوە و بڕوامان وایە ئاشتی و سەقامگیریی ناوچەیی تەنیا لە ڕێگەی گفتوگۆ، هاوکاری و ڕێزی دوولایەنەی نێوان نەتەوەکان و دەوڵەتەکانەوە بەهێز دەبێت.

**هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران**
**٢٣ی ڕەشەمەی ١٤٠٤ی هەتاوی**

---

## درێژەی وتووێژ لەگەڵ مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە

..... بێ، خۆش نیە هیچ بزووتنەوەیەکی کوردی و هیچ بزووتنەوەیەکی ئازادیخواز، چاوی لە دەوڵەتێکی بێگانە بێ کە بێ ڕزگاری بکا. بەڵام حەقیقەتێکی تاڵی دیکە هەیە کە ئێستا ئەو دەوڵەتانە، دەوڵەتانی حاکم بەسەر کوردستاندا و هێزی دیکەش بەشێکیان لەوە دەرچوون کە بکرێ بەبێ یارمەتیی دەرەکی بگۆڕدرێن.

لە وڵاتانی دێموکراتدا خەڵک دەچێتە سەر سندووقی دەنگدان و ڕایەکەی چۆن دەرچوو، بە سەلامەتیش دەردەچێ، کابرا دڵی لەبیک و قبوولی دەکا و دەچێ دادەنیشێ، بەڵام لەو وڵاتانەدا ڕێگە نییە بە شێوەی دێموکراتیک ڕێژیمەکە بگۆڕێ. ئەگەر دەکەوێتە مەیدانی هێز و قودرەتیش، مەعلوومە ئەوانە هەموو ئیمکاناتی دەسەڵاتیان هەیە، بزووتنەوە ئازادیخوازەکە حەدی ئەقەللی هەیە. جاران ئێمە لانی کەممان هەبوو، ئێستا جیاوازییەکە لە نێوان قودرەتی نیزامیی دەوڵەت و بزووتنەوەی کورد لەوە دەرچووە، جاران دەمانگوت شەڕێکی نابەرانبەرە. ئێمە کڵاشینکۆفمان پێ بوو، ئەویش کڵاشینکۆفی پێ بوو، ئێمە سەد فیشەکمان هەبوو، ئەو بە میلیۆنێکی لە پشت بوو، بەڵام ئێستا ئەو مووشەکی دوورهاوێژ لە ئیسرائیل دەدا، ئێمەش هەر کڵاشینکۆفەکەمان پێیە. کەواتە بە هێزی نێوخۆیی ئیمکانی ڕووخانی ئەو ڕێژیمە نییە. بە هەرحاڵ کورد بەشێک لەو شەڕەی ئێستا نیە، بەڵام ئەگەر هێرش کرایە سەر ئێرانێ، هیچ دەلیل نییە نە ئێمەی کورد، نە میللەتانی دیکەی وەزاڵەهاتووی ئێران و نە ئازادیخوازانی ئێران بەگشتی فرمێسک بۆ کۆماری ئیسلامی بڕێژن.

**لەو ماوەیەدا سەرۆکی ئەمریکا پەیوەندیی بە زۆر لایەنی کوردییەوە کرد، واتا وردەکاریی پەیوەندییەکە ئەگەر جەنابت بۆیان باس کردبێت چی بوو؟**

ئەمن وردەکاریی پەیوەندییەکان نە تێیدام بۆم باس بکەن، نە پرسیومە بۆم باس بکەن، نە بۆشیان باس کردووم، بەڵام ئەوەی لە نیشانەکان دەیخوێنینەوە، ئەو پیاوە پیاوێک نییە لەسەر قسەی خۆی سوور بێ. هەفتەیەک پێشتر دەیگوت ئەگەر کوردەکان ڕاپەڕن شتێکی زۆر باش دەبێ. دوێنێ و پێرێ دەڵێ ئێمە وازمان لەوە هێناوە کە ناوچەیەکی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردەکان هەبێ، واتا وازی لە کورد هێناوە. مەرج نییە ئەو وازهێنانە قەتعی و هەمیشەیی بێ، بەڵام پیاوێکە بەپێی مەسڵەحەت و بەپێی هەڵسەنگاندنی خۆی، جاروبار کەمێک بە بڕوای من بەبێ حیساب و بەبێ هەڵسەنگاندن بڕیارەکانی دەدا و هەڵسوکەوت دەکا.

**لە ماوەی ئەم ١٠ ڕۆژە هیچ پەیوەندییەکی ئێرانی بە حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتەوە کراوە؟**

ئەمن وەکوو گوتم ئاگام لەو شتانە نییە، چونکە ئەمن بەناوی حیزبی دێموکراتەوە قسە ناکەم، بەڵام ئەوەندەی بزانم هیچ پەیوەندییەکی ئاوها نەبووە. ئەگەر بیکەن، پێم وایە هێزە کوردییەکان نابێ وەڵامی ئیجابی بدەنەوە. چونکە ئەو کاتەی کە ئێمە زۆرمان قووەت هەبوو، ئەو دەوڵەتە لەگەڵمان ڕێک نەدەکەوت. ئێستا بۆ دەڵێ ڕێک دەکەوین؟ لە پاشان بەپێی مەنتیق ئەگەر ڕێژیمێکی حاکم و زاڵم، لە خەتەردا بێ، مەزڵوومەکە یان ئازادیخوازەکە بۆ دەبێ کۆمەکی بکا نەجاتی بدا؟ بۆیە پێم وایە ئەگەر داواش بکا، هێزە کوردییەکان لە ئێستادا هیچ مانایەکی نییە بچن لەگەڵی بۆ وتووێژ و دانوستاندن دانیشن.

**مامۆستا چەند ئەزموونێک لەبەر دەستی ئێمە هەبووە، با بڵێین ئەزموونی باشووری کوردستان، ئەزموونی ڕۆژئاوای کوردستان، ئێستا کە ڕووداوە گەرمەکان کەوتوونەتە سەر ڕۆژهەڵاتی کوردستان، هێزە کوردییەکان چی بکەن لەوێ باشە، بە سوودوەرگرتن لە ئەزموونەکانی پێشتر؟**

ئەوەی کە کوردەکان دەبێ بیکەن، ڕێکخستنی ڕیزەکانی خۆیانە. هەر حیزبێک لە نێو خۆیاندا هەموویان بەسەر یەکەوە، دانانی ڕێوشوێنێک بۆ ئەگەرەکانی داهاتوو. بۆ نموونە ئەگەر دۆخێکی وەکوو ساڵی ١٩٧٩ لە ئێراندا بێتە پێشێ، ئەو حیزبانە یەکەم جار هەوڵ بدەن چەندی دەکرێ ناوچەکەی خۆیان بە دەستەوە بگرن، پاشان بە یەکدەستی بەڕێوەی ببەن. ئەو ئەزموونەی دوای ڕێژیمی پاشایەتی ئەزموونێکی باش بوو، بەڵام بە تەواوی سەرکەوتوو نەبوو، چونکە ئەو کاتە دوو حیزبی دیار هەبوون کە دەسەڵاتیان هەبوو، یەکەمیان حیزبی دێموکرات، دووەمیان لەگەڵ عوزریشم لەوان، بە مەودایەکی زۆر کۆمەڵە بوو. کۆمەڵە لە جێیەک شوڕایان هەبوو، حیزبی دێموکرات لە جێیەک. جێ هەبوو دوو شوڕای تێدا بوو، ئەنجومەنی دێ، یەکیان هی دێموکرات و یەکیان هی کۆمەڵە. یاسایەکیان دەردەکرد حیزبی دێموکرات، کۆمەڵە یاسایەکی دیکەی دەردەکرد. تەنانەت کاتێک هەوڵمان دەدا کتێبی خوێندن دابنێین، حیزبی دێموکرات کتێبێکی دادەنا و کۆمەڵە کتێبێکی دیکە. دەبێ هەوڵ بدرێ ئەوە دووبارە نەبێتەوە. دەبێ هەموویان لەسەر بنەمایەک ڕێک بکەون، لە هەمان کاتدا چەندی دەکرێ لەو بارودۆخەی بۆ کۆماری ئیسلامی دێتە پێش بەهۆی دەرەکییەوە، دەبێ کەلکی خۆمان وەربگرین وەکوو کورد.

**ئەو بەرەیەی کە بەم دواییانە دروست بوو لە نێوان هێزەکانی ڕۆژهەڵاتدا، بۆچوونت چییە لەسەر ئەو بەرەیە؟ پێت وایە شتێکی باش بێت لەم کاتەدا؟**

وەڵڵا قسەیەکم زۆرجار لە مەجلیسی تایبەتدا گوتووە و ئێستاش لێرە بیڵێم پێم خراپ نییە، بە بڕوای من ئەگەر هێزە کوردستانییەکان لە هەموو وڵاتەکان، یەک لەوان لە وڵاتەکەی مندا، لەو بەشەی ڕۆژهەڵاتدا، ئەگەرلە چایخانە پێکەوە دانیشن و دۆمینەی بکەن هەر باشە کە پێکەوە دانیشن و دیالۆگیان هەبێت کە ئێستا شەش لایەنیان پێکەوە هاتوون و دانیشتوون و هاوپەیمانییان دروست کردووە، حەتمەن ئیشەڵڵا خێری لێ دەبینین و سوودی دەبێ. لە نێو خۆیاندا ڕێوشوێنێکیان داناوە، پێم شتێکی زۆر بەسوودە.

**بەڵام درەنگ نەبووە؟**

درەنگ بوو بەڵێ، بەڵام فارس قسەیەکی جوانیان هەیە، مەسەلەیەکیان هەیە دەڵێن: "ماسی هەر کاتێک لە ئاو بیگری تازەیە". وانییە؟ یان کار بە درەنگەوە بکرێ، هەر باشترە لەوەی هەر نەکرێ.

**سەبارەت بە هێزەکانی دیکە با بڵێین جگە لە کورد لە نێوخۆی ئێران با بڵێین باسی کوڕی ڕەزاشا ئەکرێ و هەروەها موجاهدینی خەلق ، پێت وایە جووڵانەوەی کوردی با بڵێین حیزبە کوردییەکان لە کامەی نزیکترن زیاتر؟**

حیزبە کوردییەکان ئێستا لە دوو شتدا هەن، یەکێکیان پێی دەڵێن «کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدرال». ناوەکە کەمێک ناتەواوە، چونکە ئێران خۆی فیدراڵ نییە، مەبەست ئەوەیە نەتەوە فیدراڵخوازەکانن کە پێکهاتووە لە گەلانی ژێردەستەی ئێران وەک کورد و بەلووچ و عەرەب و ئازەری و ئەوانە، ئەوە لەوێدا هەن. لەگەڵ موجاهیدین و کوڕی شای و ئەوانی دیکەش هێندەی من ئاگام لێ بێ پەیوەندی هەر هەبووە تەنانەت وەختی خۆی لەگەڵ کوڕی شا، هەندێک لە ڕێبەرانی کورد و لە ڕێبەرانی ئەو شەش لایەنەش کە ئێستا هەن، کوڕی شایان دیوە. کەواتە هەوڵمان ئەوەیە کە کەس دوژمنمان نییە، دوژمنی کەس نیین، بەڵام بۆ ئایندەی وڵاتەکەمان ئێمە خۆمان لەوانە بە نزیک دەزانین کە باوەڕیان بە فرە نەتەوەبوونی ئێران هەیە، باوەڕیان بە دێموکراسی هەیە. وەختێکی یەکەم جار بوو کە من مەسئوولییەتم وەرگرتبوو، چاوپێکەوتنێکم لەگەڵ کرابوو، لەسەر کوڕی شا پرسیاریان لێ کردم، گوتم ئێمە دوژمنایەتییەکمان لەگەڵ شا و کوڕی شا نییە، دوژمنایەتی شەخسیمان نییە، دوژمنایەتیمان لەگەڵ سیاسەتەکان هەیە. ئەو کوڕە با ئیعلانێ هەڵوێستی خۆی بکا کە چۆن تەماشای ئێران دەکا، چۆن تەماشای کورد دەکا، باوەڕی بە ماف و ئازادییەکانی ئەو گەلانە چۆنە، ئەو وەختە هیچ مانعێکمان نییە. بەڵام ئەو کابرایە تا ئێستایش شتێکی نەگوتووە، تەنانەت ئەم دواییانە هەڕەشەی کردووە کە ئەگەر بێتە دەسەڵات ئەوەڵ کاری ئەوەیە لەشکر دەنێرێتە سەر بە قەولی خۆیان تەجزیەتەڵەبان یان بڵێین جوداییخوازەکان. یا مەسەلەن وەختێک بە دۆستایەتی قسەی کرد، کوردی بە عەشایری کورد ناو برد نەک بە نەتەوە.

**ئێستا گۆڕانکاری لە بۆچوونی موجاهیدینی خەلق دروست نەبووە لە بەرانبەر کورد؟**

دەزانم پەیوەندیمان لەگەڵ موجاهیدین هەیە، بەڵام نازانم پەیوەندییەکە لە چ ڕادەیەکدایە، لە چ پلەیەکدایە. ئەوەندە دەزانم کە موجاهیدین پێشتریش بۆ خۆیان بەرنامەیەکیان هەبوو، بەرنامەی خودموختاری بۆ کوردستان کە شووڕای میللیی موقاوەمەتیش پێکهات و ئێمەی تێدا بووین، شوڕای میللی موقاوەمەتیش بەرنامەیەکی دانا بۆ خودموختاری کوردستان، ئەویشیان هەر ئیمزا کرد. لەو ماوەیەدا دوو شتی تازەشم لێ دیون، ئەوەڵەن چەند جارێک گوێم لێ بووە کە دەڵێن لە ڕەئسی هەموویانەوە مریەم ڕەجەوی دەڵێ ئێمە وەفادارین بەو بڕیارانەی داومانە. ئەوی دیکە وەختێک بەرنامەی خودموختاری کوردستانیان پەسەند کرد، باسی خودموختاری ئازەربایجان کرا، خودی مەسعوود ڕەجەوی گوتی ئەگەر ڕۆژێک باسی خودموختاریی ئازەربایجان بکرێ، موجاهیدین لە شوڕادا نامێنێ. ئێستا بۆ خۆیان دەڵێن ماف بۆ هەموو نەتەوە ستەملێکراوەکانی ئێران، ئازەربایجان، بەلووچستان، عەرەب، تورکمان و ئەوانە، یانی ئەوەشیان زیاد کردووە کە باوەڕیان بەوە هەیە. کابراش کە دەڵێ، دەینووسێ، ئەتۆ حەقت نییە بڵێی درۆیە دەکات و بڕوای پێ ناکەم، ئەتۆ لەگەڵ دڵی خەڵک تەرف نی، لەگەڵ سیاسەت و هەڵوێستەکانی تەرفی.

**مامۆستا دوور لە بابەتە سیاسییەکان، لەسەر بابەتی ئەدەبیات و وەرگێڕان نێوانت چۆنە ئێستا؟**

پیری و چووزانم جاروبار نەخۆشی پەکی کارکردنێ دەخا، بەڵام پێت سەیر نەبێ کە بڵێم بە حەیاتی خۆم ڕۆژێک لە ڕۆژان خۆم بە ئەدیب نەزانیوە، بەڵام خۆم بە ئەدەبدۆست دەزانم.

**بەڵام، مامۆستا جەنابت زمانزانێکی زۆر گەورەی.**

خەڵک وادەڵێن، بۆ خۆم واناڵێم، ئەوەندەی مەجالم هەبێ هۆگریم بە ئەدەبیات، بە شتی جوان، بە شێعری جوان هەیە. لە هەر کوێ بیبینم پێم خۆشە بیخوێنمەوە، پێم خۆشە بیبینم.

**شتی تازەت لەبەردەستە وەک نووسینی کتێب یان بڵاوکردنەوە؟**

شتی تازەم بەدەستەوە نییە، بەڵام بە جۆرێک لە جۆران هەر سەروکارم لەگەڵ ئەو شتانە هەیە. ئەگەر بۆ خۆشم نەیکەم، دۆست و برادەری دیکە هەن تووشم دەکەن، مەسەلەن جەنابت کتێبێکت نووسیوە، بۆم دەهێنی دەڵێی بیخوێنەوە ئەگەر ڕایەکت لەسەری هەیە پێم بڵێ، یا ئیحتمالەن شتێکی لەسەر بنووسە، زۆر بەوانەوە مەشغووڵم، کەمتر دەستم بە تاڵ دەبێ.

***

# زێدی ڕاپەڕینی "ژن ، ژیان ئازادی"
# وەک هەمیشە لە سەنگەرە پتەوەکانی خەباتی دژی هەڵاواردنی ڕەگەزییە




**پەیام بە بۆنەی هەشتا ساڵەی دامەزرانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران**

**خەڵکی خەباتگێڕی کوردستان!**
**ژنانی ئازادیخوازی ڕۆژهەڵاتی کوردستان!**

سەرجەم خەباتکاران و تێکۆشەرانی یەکسانیخواز!

٢٤ی ڕەشەمەی ئەم ساڵ، هەشتا ساڵ بەسەر دامەزرانی یەکیەتییەکەمان، یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا ڕادەبرێت. ٢٤ی ڕەشەمە وەک ڕۆژی دامەزرانی یەکەمین ڕێکخراوی تایبەت بە ژنان لە کوردستان، ڕێکخراوێک کە لە سەردەمی کۆماری کوردستان، بە ڕێنوێنی و پشتیوانیی سەرکۆماری کوردستان، پێشەوا قازی محەممەد پێک هات و هەتا ئێستاش لە خەبات و تێکۆشان بەردەوامە. بۆ ژنانی کوردستان بە گشتی و بۆ ئێمە ئەندامانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە تایبەتی، ڕۆژێکی گرینگ و جێگای شانازییە. بەم بۆنەیە سڵاو بۆ گیانی دامەزرێنەرانی یەکیەتییەکەمان و لە سەرووی هەمووانەوە زیندەیاد مینا خانمی قازی هاوسەر و هاوژیانی سەرکۆماری کوردستان دەنێرین. سڵاو لە گیانی پاکی ئەو خاتوونە تێکۆشەرانەش دەکەین کە لە ڕیزەکانی پێشەوەی تێکۆشانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتدا گیانیان لە پێناوی ئامانجە پیرۆزەکانیاندا پێشکەش کرد؛ لەنێویاندا دوو سکرتێری گشتیی یەکیەتیی ژنانی دێموکرات، شەهیدان نەسرین حەدداد و سوهەیلا قادری کە ڕێژیمی تێرۆریستی ئێران لە مووشەکبارانی قەڵای دێموکرات لە خەرمانانی ١٣٩٧(سێپتامبری ٢٠١٨)دا وێڕای چەندین تێکۆشەری دیکە گیانی لێ ئەستاندن.

دامەزرانی ڕێکخراوێکی تایبەت بە ژنان لە هەلومەرجی هەشتا ساڵ لەمەوبەری ئێران و کوردستاندا هەنگاوێکی ڕچەشکێنانە، بوێرانە و پێشکەوتنخوازانە بوو. پێشەوا قازی محەممەد وەک ڕێنیشاندەر و پشتیوانی ئەم کارە، مینا خانمی قازی، هاوژیانی سەرکۆماری کوردستان، کە ڕۆڵی یەکەمی لەم دامەزراندنەدا هەبوو، هەروەها ئەو خانمانەی تریش کە لەم ڕچەشکێنیەدا بەشدار بوون، سیمای دێموکراتی و ناوەرۆکی پێشکەوتنخوازانەی کۆماری کوردستانیان بەم هەنگاوەیان جوانتر و دەوڵەمەندتر کرد. لەهەمان کاتدا، ڕێگایەکیان خستە بەردەم نەوەکانی دوای خۆیان. ئەوان بزووتنەوەی نەتەوەیی و ڕزگاریخوازی کوردستان بە گشتی و بە تایبەتی ژنان و پیاوانی دێموکرات و تێگەیشتوویان ئەرکدار کرد کە هیچ کات و لە هیچ هەلومەرجێکدا نابێت لە گرنگیدان بە پرسی ژنان غافڵ بن.

یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە دامەزرانییەوە هەتا ئێستا بە قۆناغی سەخت و پڕ هەوراز و نشێودا تێپەڕیوە، بە تایبەتی لە قۆناغی دوای ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتی لە ئێران هەتا ئێستا، وەک ڕێکخراوێکی چالاکی ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، سەرەڕای هەموو سەختی و کەند و کۆسپەکان، لە خەبات و تێکۆشان نەوەستاوە. کاری ڕێکخراوەیی و تێکۆشان لەنێو ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە ئاوارە و پەڕیوەی باشووری کوردستان، عێراق و وڵاتانی دەرەوە بوون، یەکێک لە مەیدانەکانی تێکۆشانی یەکیەتییەکەمان بووە.

یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە گوێرەی توانایی، لە پێوەندیگرتن بە ژنانی وشیار و ئازادیخواز لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش غافڵ نەبووە. لە لایەکەوە هەوڵی داوە بۆ دەولەمەندکردنی ڕوانگە و بەرنامەکانی خۆی سوود لە ڕاو و بۆچوونەکانیان وەربگرێ و لە لایەکی ترەوە، تێکۆشاوە دەنگی ئەوان و ڕاستیی ئەو بارو دۆخەی ژنانی کوردستان تێیدان، بە کۆڕ و کۆمەڵە مرۆڤدۆستەکان و بیروڕای گشتیی دنیای ئازاد بگەیەنێ.

لە دەرەوەی کوردستان، بە تایبەتی لە وڵاتانی ڕۆژاوایی، کۆمیتەکان و نوێنەرایەتییەکانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بە ئامادەبوون لە کۆڕ و کۆمەڵە و کۆنفرانس و کۆنگرەکانی پێوەندیدار بە ژنان، ڕۆڵێکی دیار و بەرچاویان لە گەیاندنی دەنگی ژنانی کوردستان و ئێران بە ناوەندەکانی داکۆکی لە یەکسانی و پرسی ژناندا هەبووە.

کاری پەروەردە و پێگەیاندن لە نێو ژناندا بوارێکی دیکەی تێکۆشانی ڕێکخراوەکەمان بووە. کۆنفرانسەکان و کۆنگرەکانی یەکیەتیی ژنان بەردەوام لەسەر گرنگیی پەروەردە و پێگەیاندن پێداگر بوون. بە سەرنجدان بەم پێداگرییە، بەڕێوەبەریی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان، لە کوردستان و دەرەوەی وڵات، بە تایبەتی لەم ساڵانەی دواییدا کە ئیمکان و کەرەستەی باشتر بۆ پێوەندیگرتن و فێرکردنی ئانلاین هەیە، گرنگیی بە پێکهێنانی کلاس و دەورەی تایبەت بۆ پێگەیاندنی ژنان داوە. جێگای خۆشحاڵیمانە کە یەکیەتیی ژنانی دێموکرات لە ماوەی تێکۆشانی خۆیدا فێرگەی پێگەیاندنی ژنانی بڕوابەخۆ و لێهاتوو بۆ گرتنە ئەستۆی بەرپرسایەتی لە مەیدانە جۆراوجۆرەکانی بەڕێوەبەری و خەباتدا بووە.

یەکێک لەو مەیدانانەی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەر لە زووەوە تێیاندا چالاک بووە، گرنگیدان بە کاری ڕاگەیاندن بووە. گۆڤاری "ژنان" کە گۆڤاری یەکیەتییەکەمانە، نزیک بە ٢٥ ساڵە، بێ ڕاوەستان درێژەی هەیە و بواری بۆ ژنانی قەڵەم بەدەست و هۆگری نووسین، پێک هێناوە و لاپەڕەکانی خۆی بۆ باسکردن لە خەباتی ژنان و تیشک خستنە سەر ستەم و کێشەکان و هەڵاواردنەکانی پێوەندیدار بە ژنان تەرخان کردووە. پێ بە پێی گەشەی پێوەندییە ئەلکترۆنییەکان و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، یەکیەتیی ژنانیش هەوڵی داوە بۆ گەیاندنی پەیامی خۆی و بەرینکردنەوەی تێکۆشانی ئەم ڕێکخراوەیە، هەروەها بۆ دروستکردنی پێوەندییەکی دوولایەنەی زیندووتر لە گەڵ بەردەنگەکانی، سوودیان لێوەربگرێت.

یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە ئەرکی خۆی زانیوە لە گۆڕەپانی کاری هاوبەش لە گەڵ ڕێکخراوەکانی ژنان لە کوردستانیشدا، چالاکانە بەشدار بێت. بەخۆشییەوە لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا بە تایبەتی لە دوای ڕاپەڕینی ژن، ژیان ئازادی، هاوهەڵوێستی و هاوکاری لە نێوان ڕێکخراوەکانی ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ڕووی لە زیادبوون کردووە. ئێمە پێمانوایە لە هەلومەرجی ئێستادا پێویستە ئەم هاوخەباتی و هاوهەڵوێستییە لە جاران زۆر زیاتر بێت، بۆ ئەوەی ژنان بە گشتی و ڕێکخراوەکان و بزووتنەوەی ژنان بە تایبەتی، بتوانین ڕۆڵێکی زیاترمان لە ئاڵوگۆڕەکانی بەردەم وڵاتەکەماندا هەبێت.

**ژنان و پیاوانی یەکسانیخواز لە کوردستان!**

لە کاتێکدا یادی هەشتا ساڵەی دامەزرانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەکەینەوە کە ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە بەردەم گۆڕانی گەورەدان. ڕێژیمی ئێران لە درێژەی سیاسەتی تێرۆریستی و شەڕخوازانەیدا جارێکی دیکە بۆتەوە ماکەی هەڵگیرسانی شەڕ لە ناوچەکەدا. ئەم ڕێژیمە بە کردەوە بە دنیای سەلماندووە، هەروا کە لە نێوخۆی ئێراندا سەرچاوەی سەرکوت، هەڵاواردن، بێمافی و ڕۆژڕەشیی هاونیشتمانانە، بۆ وڵاتانی ناوچە و تەنانەت بۆ ئاسایشی نێودەوڵەتییش سەرچاوەی هەڕەشە و مەترسییە. زیاتر لە دوو حەوتوویە قەوارەی ئەو ڕێژیمە هەر لە ڕێبەری و بەرزترین فەرماندەرانییەوە، تا سەرجەم ناوەند و بنکە نیزامی و ئەمنیەتییەکانی، بوون بە ئامانجی هێرشی ئەمریکا و ئیسرائیل و هاوپەیمانەکانیان. ئەم ڕێژیمە دوای کوشتاری دەیان هەزار کەسیی خەڵکی وەزالەهاتوو و ڕاپەڕیوی ئێران لە مانگی بەفرانباری ڕابردوودا، هەروەها دوای ئەو زەبرانەی بە هۆی ئەم شەڕەی ئێستاوە لێی دراوە، پێی ناوەتە قۆناغی لەبەر یەک هەڵوەشان و داڕمان.

بەهێزبوونی ئەگەری ڕووخانی ئەو ڕێژیمە، ئاسۆیەکی گەشی خستووەتە بەردەم ڕێکخراوەکانی بەشدار لە بزووتنەوەی ئازادیخوازی و یەکسانیخوازیدا. ئێمە پێمانوایە دەبێ خۆمان بۆ قۆناغێکی نوێ لە خەباتی ڕێکخراوەیی و جەماوەری ئامادە بکەین. ئەگەر تا ئێستا شوێنی سەرەکیی خەباتمان تاراوگە و دوور لە نیشتمان بووە، دەبێ بۆ گواستنەوەی چەقی خەباتی ڕێکخراوەییمان بۆ نێوخۆی نیشتمانەکەمان ئامادە بین. چڕکردنەوەی خەبات و تێکۆشانی گشتی بۆ کۆتاییهێنان بە تەمەنی کۆماری ئیسلامی و پاک کردنەوەی کوردستان و سەرانسەری ئێران لە دەسەڵاتی دژەژن و دژەمرۆیی ئەو ڕێژیمە، ئێستا بووە بە ئەرکی سەرەکیی سەرجەم هێزو ڕێکخراوە و لایەنە خەباتکارەکانی کوردستان و ئێران. ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لانکەی سەر هەڵدانی ڕاپەڕینی "ژن ، ژیان ئازادی"، لە درێژایی تەمەنی ئەو ڕێژیمەدا یەک لە سەنگەرە پتەوەکانی خەباتی دژی هەڵاواردنی ڕەگەزی بووە؛ ژنانی کوردستان یەکێک لە توێژە دیارەکانی بەشدار لە خەباتی جەماوەری و پێشمەرگایەتی و بەشێکی گرنگ لە بزووتنەوەی نەتەوەیی و خۆڕاگری بەرانبەر دیکتاتۆری و کۆنەپەرستی بوون. بە سەرنجدان بەم ڕاستییانە بە ئەرکی ڕێکخراوەکەمان و ڕێکخراوەکانی دیکەی ژنانی کوردستانی دەزانین کە چالاکانە و بەو پەڕی وشیاری و یەکگرتوویییەوە بە پێشوازی داهاتووە بچین. هەروا کە نابێ بهێڵین جارێکیتر دیکتاتۆرییەک، جێگای دیکتاتۆرییەکی تر بگرێتەوە، نابێ ڕێگاش بدەین ژنان لە ناوەندەکانی بڕیار و لە دارشتنەوەی بناغەکانی داهاتوودا پشتگوێ بخرێن. وەدیهاتنی ئەم ئامانجانەش لە گرەوەی هەرچی زیاتر لە مەیداندابوون و بەشداریی چالاکانە و یەکگرتووانەمان لە قۆناغی ئێستای خەبات بۆ ڕووخاندنی ڕێژیمی ئێستای ئێران و جێگیرکردنی سیستەمێکی فیدڕاڵ و دیموکراتیکی بە دوور لە هەڵاواردنی ئایینی، نەتەوەیی، زمانی و ڕەگەزیدایە.

ئێمە لە کاتێکدا بە بۆنەی هەشتا ساڵەی دامەزرانی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان، پیرۆزبایی لە ئەندامان و لایەنگری ئەو یەکیەتییە و هەموو دڵسۆزان و هۆگرانی ڕێکخراوەکەمان دەکەین، بەڵێنیش دووپات دەکەینەوە کە لێبڕاوتر و هیوادارتر لە هەمیشە، بۆ ڕزگاریی نەتەوەکەمان لە دیکتاتۆری و بندەستی، هەروەها بۆ نەهێشتنی هەڵاواردن و ستەم بەرانبەرژنانی کوردستان درێژە بە خەبات دەدەین.

سڵاو لە ٢٤ی ڕەشەمە، ڕۆژی دامەزرانی یەکەمین و لەمێژینەترین ڕێکخراوی ژنان لە کوردستان.

پیرۆز بێت یادی ٨٠ ساڵەی تێکۆشانی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستانی ئێران

سەرکەوێ خەباتی نەتەوەی کورد و نەتەوەکانی تری ئێران بۆ کۆتاییهێنان بە تەمەنی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی.

**یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**دەستەی بەڕێوەبەری**
**٢٤ی ڕەشەمەی ١٤٠٤**

# ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەڕێکخراوترین و زیندووترین کۆمەڵگەکانە




ئەمڕۆ ٢٤ی ڕەشەمەی ١٤٠٤ی هەتاوی، هاوکاتە لەگەڵ یادی ٨٠ ساڵەی دامەزراندنی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران. هەشتا ساڵ لەمەوبەر یەکیەتیی ژنان لەسەر دەستی حیزبی دێموکراتی کوردستان، حیزبی دامەزرێنەری کۆماری کوردستان دامەزرا. گەر بمانەوێ لە گرینگیی ئەم هەوڵە کەموێنەیە تێبگەین، پێویستە بچینە ئەو بەستێنە مێژووییەی ئەو سەردەمە، سەردەمێک کەوا کۆمەڵگەی کوردستان بەگشتی و توێژی ژن بەتایبەتی لەوپەڕی بێبەشی و نەخوێندەواری‌دا بوون و لە زۆر ڕووەوە ژنان لەژێر ستەمی سیستەمی پیاوسالاری کۆمەڵگەی دەرەبەگایەتی‌دا دەچەوسانەوە، لە زۆریەک لە وڵاتانی جیهان ژنان لەو سەردەمەدا مافی دەنگ‌دانیان نەبوو و تەنانەت لە بنەڕەتیترین مافەکانیشیان بێبەش بوون.

ئاوڕدانەوە لە پرسی ژنان و دامەزرانی ڕێکخراوی ژنان دەگەڕێتەوە بۆ وردبینی و بەمشووریی ڕێبەرانی ئەوکاتی حیزبی دێموکرات و کۆماری کوردستان لە سەرووی هەمووشیانەوە پێشەوا قازی محەممەد، کە هەستیان بە گرینگیی پێگەی ژن لە کۆمەڵگەدا کرد و ژنانیان هان دا بۆ ئەوەی خۆیان بێنە مەیدانی چالاکیی سیاسی و مەدەنی و خۆیان داواکار و پارێزەری مافەکانیان بن و چارەنووسی خۆیان بە دەستەوە بگرن.

لە ئەمڕۆدا کەوا دەبینین لە کۆمەڵگەی کوردستان ژنان لە زۆر ڕووەوە ڕۆڵی هەرە پێشکەوتووانە و پێشەنگانە دەگێڕن و لە هیچ چالاکییەکی مەدەنی و سیاسی‌دا جێیان بەتاڵ نییە، لە ڕاپەڕینی ژینا لەژێر دروشمی ژن، ژیان، ئازادی‌دا دەوری بەرچاو دەگێڕن، لە ژینگەپارێزی و بەڕێوەبردنی کلاسی تایبەت بە زمانی کوردی و زۆربەی ڕەهەندە کولتوورییەکانی دیکەش‌دا بوونێکی شایانی سەرنجیان هەیە؛ بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە پاشخانێکی هزری و کرداریی بەهێزیان هەیە و لەم نێوەدا ڕۆڵی یەکیەتیی ژنانی دێموکرات لە وەئاگاهێنانەوەی ژنانی کورد لەم هەشت دەیەی ڕابردوودا جێی سەرنج و شانازی پێکردنە.

لێرەدایە گرینگیی کاری ڕێکخراوەییمان بۆ دەردەکەوێ کەوا دەبینین کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە پاشخانێکی هەشتا ساڵە لە خەبات، لە هەموو پوتانسیەلەکانی خەبات و توانای هەموو چین و توێژەکانی ئەو کۆمەڵگەیە کەڵکی وەرگرتووە و هاوکات خەباتێکی فرەڕەهەندی بردووەتە پێش؛ بۆیە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ئێران و ناوچەدا یەکێک لە بەهێزترین و بەڕێکخراوترین و زیندووترین کۆمەڵگەکانە.

ناوەندی ڕێکخراوە مەدەنییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە بۆنەی هەشتا ساڵەی دامەزرانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە گەرمترین پیرۆزبایی ئاڕاستەی یەکیەتیی ژنان و هەموو ژنانی کوردستان دەکات و هیوا دەخوازین سەرەکیترین ئامانجەکانیان کە بەختیاریی کۆمەڵی کوردەواری و یەکسانیی ڕەگەزییە بێتە دی.

**ناوەندی ڕێکخراوە مەدەنییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان**
**٢٤ی ڕەشەمەی ١٤٠٤ی هەتاوی**

# دوایین وەلی فەقیھ!



ڕەزا دانشجوو



هەڵبژاردنی موجتەبا خامنەیی وەک جێنشینی عەلی خامنەیی، دیکتاتۆری لەنێوچووی کۆماری ئیسلامی بە هیچ شێوەیەک شتێکی سەرنجڕاکێش و پێشبینینەکراو نەبوو. پرۆسەیەک کە لە چەند ساڵ لەمەوبەرەوە بە سەرپەرشتی و کارگێڕیی ڕێکخراوی تیرۆریستیی سپای پاسداران دەستی پێکرد و دواتر بە شێوەکێ زۆر ئاشکرا خرایە بەر سەرنجی کۆمەڵگەش. ڕاستی ئەوەیە بۆ زۆربەی ئەو کەسانەی لە چەند ساڵی ڕابردوودا چاودێریی ڕووداوەکانی نێو دەسەڵاتی ڕێژیم بوون، زۆر ڕوون و ئاشکرا بوو بوو کە موجتەبا خامنەیی تاکە بژاردەیە بۆ جێنشینی دیکتاتۆری پیری کۆماری ئیسلامی. بەڵام واقیعەکە ئەوەیە ڕێبەری نوێی ڕێژیم کە دوای برینداربوونی لە هێرشەکانی ئەمریکا و ئیسرائیل لە یەکەم ڕۆژی شەڕدا مان و ژیانی لە مەترسیدایە، تەنانەت لە ئەگەری ئەوەی زیندووش بمێنێت، داهاتووی حوکمڕانییەکەی بەرەوڕووی چەندین ئالەنگاریی گەورەیە کە پێدەچێت زاڵبوون بەسەریاندا مەحاڵ بێت!

### بەردەوامی شەڕ

هەرچەندە دۆناڵد ترامپ لە قسەکانیدا سەبارەت بە درێژەدان بە شەڕ لەگەڵ کۆماری ئیسلامیدا زۆر جیاواز دەردەکەوێت، بەڵام چاوخشاندنێک بە کەسایەتیی و شێوازی هەڵسوکەوتکردنی لەگەڵ ڕووداوەکان نیشان دەدات هێرشەکان لانیکەم تا گەیشتن بە خاڵێکی دیاریکراو کە تێیدا کۆماری ئیسلامی زۆربەی تواناکانی بەرگریی خۆی لەدەست بدات یا بە تەسلیمبوون ڕازی بێت؛ بەردەوام دەبن. ئاشکرایە کە ئیسرائیل و نەتانیاهووش نایانهەوێت بە ئاسانی ئەم دەرفەتە زێڕینەی لەدەست بدن کە پاڵپشتی ترەمپ پێی بەخشیون و لە دۆخێکی نادیاردا کۆتایی بە شەڕە بهێنێن. سەرکردەکانی ئیسرائیل چەندین جار دانیان بەوەدا ناوە کە لە سەردەمی هیچ سەرۆکێکی دیکەی ئەمەریکادا ئەوەندە ئازادیی کارکردن و پشتیوانییان نەبووە!

خاڵێکی تری گرنگ کە نابێت سەبارەت بە ئەمریکا پشتگوێ بخرێت، تێچووی ئەم شەڕەیە کە ڕەنگە بگاتە ملیاردها دۆلار! نەگەیشتن بە خاڵێکی دیاریکراو یان ڕێککەوتنێکی ئەگەری کە بەتەواوی داواکارییەکانی ئەمریکا جێبەجێ بکات، دۆناڵد ترامپ و کۆماریخوازەکان دەخاتە دۆخێکی زۆر خراپەوە و ڕەنگە ڕووبەڕوی ڕەخنەی توندی کۆمەڵگەی ئەمریکا بەتایبەت دەنگدەران و لایەنگرانی ترامپ ببنەوە. ترامپ دەیەوێت بە جۆرێک لە جۆرەکان وڵامێکی گونجاو بۆ هۆکاری ئەم هێرشە و قەرەبووکردنەوەی تێچووی ئەم شەڕە بدۆزێتەوە، جا یان بە لەکارخستن و خاپوورکردنی بەشی سەرەکی توانایی نیزامی کۆماری ئیسلامی یان بە سەپاندنی ڕێکەوتنی زۆرەملێ و تەسلیمبوون و یان لە کۆتاییدا ئەگەر بکرێت بە ڕووخانی ڕێژیم!

ڕاستی ئەوەیە موجتەبا خامنەیی هیچ زانیارییەکی لەسەر ئاڵۆزییەکانی دۆخی ئێستا نییە و ئەوەی بە ناوی ئەو و پەیامە نووسراوەکەیەوە بڵاو بۆوە زیاتر لە هەموو شتێک ئاماژەیەکە بۆ هەژموونی و دەسەڵاتداریی ڕێکخراوی تیرۆریستیی سپای پاسداران بەسەر هەموو کاروباری ڕێژیمدا. لە ڕاستیدا ئەم بەیاننامەیە نیشانی دا کە لانیکەم لە دۆخی ئێستا و لەگەڵ ئەگەری برینداربوونی موجتەبا خامنەیی، سپای تیرۆریستی پاسداران بە شێوەیەکی کاریگەر وڵات بەڕێوە دەبات. ڕووداوێکی سەرنجڕاکێش کە دەرخەری ئەم ڕاستییە ئەوەیە تەنانەت پێش ناساندنی موجتەبا خامنەیی وەک ڕێبەری نوێی ڕێژیم لە ماوەی کورتخایەنی ئەنجومەنی ڕێبەریی کاتیدا، لێدوانێکی کورتی پزیشکیان سەبارەت بە داوای لێبوردن لە وڵاتانی دراوسێ ڕووبەڕوی کاردانەوەی توندی سوپای پاسداران بۆوە و نیشانی دا کە ڕێژیم بە شێوەیەکی کاریگەر لەلایەن سپای پاسداران بەڕێوە دەبرێت. بۆیە دەبێ بگوترێت کموجتەبا خامنەیی لە ئێستادا هیچ ڕۆڵێکی لە بەڕێوەبردنی وڵات بە شێوەکێ گشتی و ڕووداوەکانی شەڕ بە تایبەت نییە و ئەوە ڕێکخراوی تیرۆریستیی سپای پاسدارانە کە بە ناوی ڕێبەری تازەی ڕێژیم بڕیار دەدات و جێبەجێی دەکات.

### پێگەی سیاسی

هەرچەندە هەڵبژاردنی عەلی خامنەیی وەک ڕێبەری کۆماری ئیسلامی دوای مردنی خومەینی خۆی لە خۆیدا چیرۆکێکی سەیر و جێی ئاماژەیە و لە ڕاستییدا دیکتاتۆری مردوو بۆ وەرگرتنی کورسیی ڕێبەری ڕێژیم قەرزداری گێرانەوە درۆینەکانی هاشمی ڕەفسنجانی بوو، بەڵام پێویستە بگوترێت کە عەلی خامنەیی کەسایەتییەکی ناسراوی کۆماری ئیسلامی بووە و لە سەرەتای سەقامگیربوونی ڕێژیم، چ لە شۆرای کاتی ئینقلابی ئیسلامی، چ دواتر لە مەجلیسی ڕێژیم، یان وەک سەرۆک کۆمار، هەمیشە یەکێک بوو لە کەسایەتییە ناسراوەکانی ڕێژیم. سەرەتای هەموو ئەم پۆست و پێگە سیاسییانە، عەلی خامنەیی لە ساڵانی سەرەتایی ڕێبەرییدا ڕووبەڕووی ڕەخنەی زۆر بووە و لەلایەن زۆرێک لە ئاخوندەکانی دەستڕۆیشتووی و ناسراوی شیعە گومانی جددی لە توانایی ڕێبەری هەبوو. لە ڕاستیدا تەنیا تێپەڕبوونی کات و بێگومان سەرکوتکردن و گۆشەگیرکردنی هەندێک لە نەیاران بوو کە خامنەیی گەیاندە ئەو قۆناغە کە بتوانێت بە تەواوی دەست بەسەر دەسەڵاتدا بگرت. بەراورد بە باوکی دۆسیەی موجتەبا خامنەیی، جێی دوودڵی و بێمتمانەیی زۆر زیاترە. موجتەبا لە دامودەزگاکانی ڕێژیمدا هیچ ئەزموونێکی تایبەتی نییە و جگە لە خوێندن دەرسی مەلایەتی لە حوجرەدا هیچ کارێکی دیکەی نەکردووە. ڕەنگە گرینگترین چالاکیی وەلی فەقیهی تازە، پیلانگێڕی و دارشتنی پلان دژی نەیاران لە پشت پەردەوە و ئەندازیاری پروسەی بە ناو هەڵبژاردنەکانی ڕێژیم و دانانی کەسانی نزیک لە خۆی بێت!

دیارە مرۆڤێکی لەو جۆرە هەرگیز ناتوانرێت لەلایەن سیاسەتمەدارە ناسراوەکان و ئاخوندە دەستڕۆیشتوو و خاوەن پێگەی ڕێژیم بەئاسانی قبوڵ بکرێت!

### قەیرانی شەرعییەت

واقیعەکە ئەوەیە ئەگەر دیکتاتۆرە گەنجەکە لە شەڕی ئەمریکا و ئیسرائیل ڕزگاری بێت یان ڕێککەوتنامە و لە ڕاستییدا تەسلیمبوونێکی سەپێنراو قبوڵ بکات، تەنانەت ئەگەر بتوانێت بەسەر ڕکابەرە سیاسییەکانیدا زاڵ بێت و پێگەی سیاسیی خۆی وەک وەلی فەقیھ مسۆگەر بکات، ئەوا تازە لە سەرەتای ڕێگای ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ قەیرانەکاندایە! ئابووریی خاپوورکراو و شەرعیەتی لەبەینچوو هیچ ئابڕوویەکی بۆ ڕێژیم نەهێشتۆتەوە. ئێستا لە ڕوانگەی خەڵکەوە هەر جۆرە پەیوەندییەک لەگەڵ ڕێژیم پێناسەی خەیانەت و تاوانبارییە و هاوکاری لەگەڵ جینایەتکاران و پیاوکوژانە!

هەنگاوی دواتر زۆر سەختتر و دژوارترە، شەقام و خەڵک تووڕە و بێزار لە ساڵانێک سەرکوتکردن و چەوساندنەوە، چاوەڕێی دیکتاتۆری گەنجن. ڕەنگە ئێستا شەڕ و ئاڵۆزییەکان بەرەو پەناگەی بردبێن، بەڵام ئیرادە و پاڵنەرەیان بۆ کۆتاییهێنان بەم کابوسە چل و چەند ساڵەیە لە هەمیشە زیاترە! هەموو شمشێر بەدەست، ئامادەن بۆ بەرەنگاربوونەوەی میراتی ڕەشی دیکتاتۆری پیر! ئەگەر دوایین وەلی فەقیھ لە هێرشی سەربازی ئەمریکا و ئیسرائیل نەکوژرێت، بە دڵنیاییەوە دەستی خەڵکی نارازی لەناوی دەبات!

ڕۆژانێکی پڕ لە ئازار چاوەڕێی موجتەبا خامنەیین! مردنی ئەو کۆتایی سەردەمێکە! کۆتایی دەسەڵاتێکە! دوایین وەلی فەقیھ!

# ستراتیژیی تورک و کورد و ئاسۆی پلۆرالیزم (فرەچەشنی) لە ئێرانی داهاتوودا



شاڕوخ حەسەنزادە

هێرشە نیزامییە قورس و دژوارەکانی ئەمریکا و ئیسرائیل بۆ سەر ژێرخانە نیزامی و ئەمنییەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران پێی ناوەتە سێزدەهەمین ڕۆژی خۆیەوە و شیرازەی دەسەڵات زیاتر لە هەر کاتێکی دیکە لە لێواری دارماندایە و سێبەری ڕووخانی یەکجارەکی زۆر لە جاران زیاتر باڵی بەسەر فەزای سیاسی ئێراندا کێشاوە. لەم ساتەوەختە مێژووییە چارەنووسسازەدا، تێپەڕین لە هەست و سۆز و هەڵچوونە کاتییەکان و بیرکردنەوە لە داهاتووی قۆناغی تێپەڕین بە پشتبەستن بە عەقڵانییەتی سیاسی، زەرووڕەتێکی هەنووکەییە.

لە ئاسۆی پڕ لە ئاڵۆزیی گۆڕەپانی سیاسیی ئێران و لە خاڵی بەهێزی ڕووخانی پێکهاتەی هێزە سەرکوتکارەکان لەگەڵ گوشارە وێرانکەرە نێودەوڵەتییەکاندا، شیکردنەوەی داهاتووی ئەم جوگرافیایە بووەتە بنەڕەتیترین پرسیاری چینی دەستەبژێر و ڕای گشتی؛ پرسیارێک کە وەڵامەکەی بە دوور لە دروشمە خەیاڵییەکان، لە قبووڵکردنی واقیعە دیمۆگرافییەکان و لێکتێگەیشتنی نێوان هێزە گەورە نەتەوەییەکان بەتایبەت هەردوو نەتەوەی تورک و کورددا شاردراوەتەوە. لەم هاوکێشە ئاڵۆزەدا دوو نەتەوەی تورک و کورد وەک کۆڵەکەکانی ڕەشماڵی دانیشتووانی ئەم وڵاتە پان و پۆڕە، بایەخ و گرنگییەکەی یەکلاکەرەوەیان هەیە. کۆکردنەوەی سەرمایەی کۆمەڵایەتی و سیاسیی ئەم دوو کۆمەڵگەیە کە بەشێکی گەورەی پێکهاتەی دانیشتووانی ئێران پێکدەهێنن لە ڕوانگەی کۆمەڵناسیی سیاسییەوە بەو مانایەیە کە هیچ گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی و سەقامگیری پێکهاتەی دەسەڵات بەبێ بەشداریی کارا و ڕەزامەندیی ئەم دوو هێزە بزوێنەرە جێبەجێ نابێت و سەر ناگرێت. لێککەوتنەوەی ستراتیژیی ئەم دوو ڕەوتە دەتوانێت ببێتە هۆی پێکهێنانی گەورەترین بەرەی دیموکراسیخواز لە ناوچەکەدا؛ بەرەیەک کە بە پشتبەستن بە هێزی حەشیمەت و جوگرافیا، نەک تەنیا شەمەندەفەری دیکتاتۆری دەوەستێنێت، بەڵکوو هەر هێزێکی تۆتالیتێر (پاوانخواز) و ناوەندگەرایش ناچار دەکات بە قبووڵکردنی پلۆرالیزم (فرەیی) و دابەشکردنی دادپەروەرانەی دەسەڵات.

### شیکاریی

یادەوەریی مێژوویی دەریدەخات کە هاوپەیوەندی ئەم دوو هێزە کۆمەڵایەتییە، بیرۆکەیەکی کتوپڕ یان لە دەرەوەی مێژوو نییە. ئاوڕدانەوە لە ئەزموونە دیرۆکییەکانی وەک ئەو ڕێککەوتنانەی لە نێوان پێشەوا و پیشەوەری لە سەردەمی حکوومەتە نەتەوەییەکانی کوردستان و ئازەربایجاندا پێکهاتبوون —بەتایبەت پەیوەندییەکانی نێوان پێشەوا قازی محەممەد و جەعفەر پیشەوەری— بەڵگەیەکی ڕوونە بۆ ئەو بانگەشەیەی کە نوخبە پێشەنگەکان دەیان ساڵ لەمەوبەر پێویستیی ئەم هاوتەریب بوون و پێکەوەییەی چارەنووسیان هەست پێکردبوو. ئەوان بە خوێندنەوەیەکی وردی پەیوەندییەکانی دەسەڵات باش لەوە تێگەیشتبوون کە دیکتاتۆریی حاکم، ئازادی و بوونی هەردوو نەتەوەکەی بە یەک ڕادە کردووەتە ئامانج. ئەمڕۆش دووبارە خوێندنەوەی ڕەخنەگرانە و بونیادنەرانەی ئەو ئەزموونە مێژووییانە دەتوانێت ببێتە چرا و ڕێنوێنیی چالاکوانانی مەدەنی و سیاسی بۆ ئەوەی نەکەونە ناو داوی گرژییە دروستکراو و مەترسیدارەکان. لە ڕاستیدا، تێگەیشتن لەم هاوچارەنووسییە مێژووییە، پێشمەرجی تێپەڕینە لە قەیرانەکانی قۆناغی گواستنەوە (تێپەڕین) و گەیشتن بە پێکهاتەیەکی سیاسیی جێگیر.

سەرەڕای ئەمەش، یەکێک لە جدیترین کۆسپەکانی بەردەم ئەم هاوپێوەندییە، بەرهەمهێنانەوەی ئەنقەستی کەلێنە نەتەوەیی و جوگرافییەکانە لەلایەن ڕەوتە دەسەڵاتخوازەکانی ناوەند و هەندێک ئەکتەری دەرەوەی ناوچەکەوە. ستراتیژیی کلاسیکی "پەرتەوازەیان بکە و حوکمڕانی بکە"، هەمیشە ئامرازێک بووە بۆ بەردەوامیی هێژمۆنی دەسەڵاتە ناوەندییەکان. لەپاڵ ئەم پیلانە چەپەڵ و مەزنەدا، نابێت لە مەترسیی ئەو ڕەوت و کەسانەی نێوخۆی هەردوو لاش غافڵ بین کە بەهۆی نەبوونی عەقڵانییەت و وشیاریی سیاسییەوە، دەهۆڵی توندوتیژی دەکوتن؛ کەسانێک کە بەبێ تێگەیشتن لە لۆژیکی سیاسی و مەترسییە قەرەبوونەکراوەکانی پێکدادان، بەئاگایی یان بێئاگاییەوە قسەگەلێک دەکەن کە دەبێتە هۆی دڵەڕاوکێ و ترس لەنێو ڕای گشتیدا. ئەم ڕەوتانە، چ لە ناوەند بن یان لە پەراوێزە ڕادیکاڵەکان، مانەوەی خۆیان لە ئەندازیاریی ململانێکاندا دەبیننەوە و بە پەرەپێدانی ناکۆکییە مێژوویی یان ژئۆپۆلەتیکییەکانی نێوان تورک و کورد، هەوڵی لاوازکردنی ماتەوزەی ڕزگاریخوازانەی هەردوو نەتەوە دەدەن هەتا لە کۆتاییدا خۆیان وەک تاکە پارێزەری سیستەم و ئاسایش و تەناهی پێناسە بکەن. دژەژەهری ئەم ستراتیژییە، وشیاریی نوخبەکانە بەو واقیعە بەرجەستەیەی کە سڕینەوەی فیزیکی یان هێژمۆنیی هیچ یەک لەم دوو نەتەوەیە لەلایەن ئەوی دیکەوە نەک تەنیا لە ڕوانگەی کۆمەڵناسییەوە مەحاڵە بەڵکوو هەر جۆرە پێکدادانێک، تەنیا دەبێتە هۆی بەفیڕۆچوونی وزە دیموکراسیخوازەکان و لەدەستدانی دەرفەتە مێژووییەکان لەم قۆناغە هەستیارەدا. پێکەوەژیانی ئاشتییانە و تێکەڵاویی کولتووریی ئەم دوو کۆمەڵگەیە لە جوگرافیایەکی هاوبەشدا زەمینەیەک دەڕەخسێنێت تاوەکوو چالاکوانانی مەدەنی لە ڕێگەی دروستکردنی هاوپشتیی ناوچەییەوە ڕێگری بکەن لە سەرهەڵدانی توندوتیژییە پلانبۆداڕێژراوەکان و نەکەونە ژێر کاریگەریی هاندانەکانی ڕەوتە نابەرپرسەکان.

لە ڕوانگەیەکی بەراوردکارییەوە و بە پشتبەستن بە مۆدێلە سەرکەوتووە جیهانییەکان لە کۆمەڵگە فرەنەتەوەکانی وەک سویس، بەلژیک و کانادا، تێدەگەین کە ناساندنی فەرمیی جیاوازییە زمانی، کولتووری و نەتەوەییەکان، نەک هەر هەڕەشە نین بۆ سەر سەقامگیریی سیاسی، بەڵکوو هەوێنی یەکگرتوویی و هاودەنگیی کۆمەڵگە مۆدێرنەکانن. ئەم دیموکراسییە گەشەسەندووانە بە تێپەڕین لە سیاسەتەکانی تواندنەوە و یەکسانسازیی زۆرەملێ و پەنابردن بۆ پێکهاتە فیدراڵییەکان و ناناوەندیبوونی دامەزراوەکان، جیاوازییەکانی خۆیان کردووەتە سەرمایەیەکی نەتەوەیی. لەسەر ئەم بنەمایە، ئاسۆی داهاتووی ئێرانێکی ئازاد و فرەچەشن لەگرەوی ئەوەدایە کە شوناسی هیچ مرۆڤێک نەکرێتە بنەمایەک بۆ جیاوازیدانان یان سەرکوتکردن. بەدیهێنانی ئەم ئامانجە، پێویستی بە دارشتنی بەرنامەیەکی سیاسیی هاوبەش و بەڕێوەبردنی گفتوگۆی ڕەخنەگرانە و ڕاستگۆیانەی نێوان پارت و ڕەوتە مەدەنییەکانی هەردوو لایە هەیە، تاوەکوو لە ڕێگەی نەهێشتنی لێکتێنەگەیشتنە مێژووییەکانەوە، مافە بنەڕەتییەکان و مافی دیاریکردنی چارەنووس لە چوارچێوەی هاوپشتییەکی دیموکراسییانەدا دەستەبەر بکرێت. ئەگە نوخبە سیاسییەکانی کورد و تورک بتوانن بە پێگەیشتوویەکی ستراتیژییەوە لە میراتی بەرەوڕووبوونەوە و دژایەتی یەکتر تێپەڕن و بەرەیەکی یەکگرتوو لە دژی دیکتاتۆری پێکبهێنن، نەک تەنیا مافە بنەڕەتییەکانی نەتەوەکانیان جێگیر دەکەن، بەڵکوو دەبنە ئەندازیارانی سەرەکیی عەقڵانییەت، سەقامگیری و دیموکراسی لە ئێرانی داهاتوودا؛ ئەرکێکی قورس و چارەنووسساز کە تاکە ڕێگەی ڕزگاریی ئەم جوگرافیایەیە لە بازنەی بەتاڵی دیکتاتۆری.

کوردستان
ژمارە ٩١٥
٢٩ی ڕەشەمەی ١٤٠٤ _ ٢٠ی مارسی ٢٠٢٦

## هەکبەی شاخ و شۆڕش



**"لەگەڵ تۆ ئەدوێم ئەی نیشتیمان**
**چاوەکانم جگە لە تۆ هیچ نابینێ..."**

**شەهید وەلی عەوێزی**



برایم چووکەڵی

ئاوایی "نەڕوێ" یەکێک لەو ئاواییانەی هەورامانە کە کۆمەڵێک ڕۆڵەی فیداکارو ئازای لێ هەڵکەوت لە ماوەی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا قۆڵیان هەڵماڵی و زۆر ئازایانە لە بەرامبەر ناعەداڵەتییەکانی ئەو ڕێژیمە وەستانەوە، وەک هەڵۆیەکی تیژباڵی شاهۆی سەربەرز ئەوەندەی لە ژیاندا مابوون چاوەدێری ئاو خاک و نیشتمانیان دەکرد و نەیاندەهێشت پۆستاڵی پیسی دوژمنان بێتە ناوچەکەیان و زۆر ئازایانە هەتا دوا دڵۆپی خوێنی گەشیان وەفادار بە ڕێبازیان مانەوە و بە خوێنی خۆیان حەقانییەتی گەلەکەیان تۆمار کرد و سەریان لە و ڕێبازەدا دانا، یەکێک لەو کەسانە شەهید وەلی عەوێزی خەڵکی ئاوایی نەڕوێ لە هێزی شاهۆی سەربەزر.

وەلی عەوێزی کاتێک لە ساڵی ١٣٣٦ی هەتاویدا چاوی بە دنیای ڕوون کردەوە کە ساواک باڵی ڕەشی خۆی بەسەر کوردستاندا دەکێشا و ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ڕەوانەی سیاچاڵەکانی پاشایەتی دەکرد. وەلی لە وەها بارودۆخێکدا چاوە گەشەکانی بە جوانیی ناوچەی هەورامان کردەوە، بەرە بەرە بە هەوای بێگەردی هەورامان پێرۆکە بوو. ڕۆژ هات و مانگ تێپەڕی و وەڵی باوخۆش بوو و وێڕای بنەماڵەکەی ملی بەر کار و ژیانی نەمر نەژی نا، هەر ئەو ژیانە تاڵە کە بەرۆکی بەشی هەرە زۆری خەڵکی کوردستانی گرتبوو و بنەماڵەی وەلی یەک لە هەزاران بنەماڵانە بوو کە تا سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران بەمجۆرە تێپەڕی.

دوای ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتی و هاتنی ڕێژیمی تازە بەدەسەڵاتگەیشتووی ئیسلامی، زیاتر لە ڕێژیمی پاشایەتی سەرکوت و خەفەقان دەستی پێ کرد و هێزی کۆنەپەرستی بە کوردستان وەر کرا. جینایەتەکانی ڕێژیمی ئیسلامی هەستی وەلی عەوێزیی زەحمەتکێشی خەوشدار کرد. هەر چەند ژیانی ئەو لە ئاستێکی نەزمدا بوو، بەڵام بە باشی هەست بەوە کردبوو کە نەتەوەکەی لە توانەوە دایە. ئەو پێی وابوو ژیان بێ ئازادی و سەربەستی مانایەکی نیە، هەربۆیە دوای ئەوەی هێزی کۆماری ئیسلامی بە سەدان و هەزاران لاوی کوردیان کۆمەڵکوژ کرد و بە ئاگر ئاسن وڵامی داخوازەکانی گەلی کوردیان دایەوە، ڕۆڵەی قارەمانی ئەم چیرۆکەمان وێڕای چەند کەس لە لاوانی گوندەکەی خۆیان شانیان بەر بەرپرسایەتییەکی قورس دا. ئەوان کاتێک دیتیان حیزبی دێموکراتی کوردستان بە کردەوە دژی زۆرداری وەستاوەتەوە، و بووەتە پێشڕەوی ئەو بەربەرەکانێیە؛ هاتنە نێو ڕیزەکانی حیزبەوە.

وەلی وەک زۆر لاوی دیکەی کوردستان قۆڵی لە خەبات هەڵماڵی هەر لە یەکەم ڕۆژەکانی دەستبەکاربوونی کۆمیتەی حیزبی لەو ناوچەیە وەک هەڵۆیەکی بەرزەفر لەگەڵ پۆلێک لە پێشمەرکەگان بەرپەرچی هێرشی دوژمنانی کوردیان دایەوە و بۆ گیانی ئەوان بوونەتە مۆتەکە. کاتێک دوژمن بە چەکی قورس و هێزی زۆر و سێ هێلیکۆپتێرەوە پەلاماری "سەرکۆیان"ی دا، قارەمانانی وەک وەلی بە دەیان و سەدان لە بەرەکانی شەڕدا بوون و هێزی کۆماری ئیسلامییان بەرەو خوار ڕاماڵی و چیای سەرکۆیان لە دوژمن پاک کردەوە. ئەوە یەکەم شەڕی ئازایانەی وەلی نەبوو بەڵکوو شەڕەکانی کەللەقەندی و تاش باسی ئەو داستانانە دەکەن کە کوڕی دێموکرات حەماسەی تێدا خوڵقاندووە کە وەک لاپەڕەیەکی پڕشنگدار لە دەفتەری پێشمەرگایەتیدا تۆمار کراوە.

وەلی لە ماوەیەکی کەمدا بوو بە خۆشەویستی هاوسەنگەرانی و زۆر زوو بەرپرسایەتیی پێ سپێردرا و بە ماندووبوونی بەردەوام لە کارکردندا توانی ئەرکی قورس بخاتە سەر شان و وەک فەرماندەری لک لە ناوچەی هەورامان دیاری بکرێ. ئەو لە بەڕێوەبردنی ئەرکە پیرۆزەکانیدا سەرلەپێناو بوو و بۆ هەموو مەئموورییەتێکی حیزبی ئامادە بوو.

وەلی بەڕێوەبەرێکی بەمشوور، پێشمەرگەیەکی ئازا و بەئیمان، خاوەن نەزم و بەدسیپلین بوو. کاتێک دوژمن پەلاماری ناوچەی دا ئەوە وەلی و چەند تیمێکی چووکەی دیکە پێشمەرگە و هێزی بەرگری بوون  کە دەرسێکی لەبیر نەکراویان بە هێزی کۆماری ئیسلامی دا. ئەو کەسایەتییەکی کۆمەڵایەتی لەنێو خەلکی ناوچەکە و خۆشەویستی کۆمەڵانی خەڵک بوو. لە ڕاستیدا بە مانای وشە پێشمەرگەی حیزب و گەلەکەی بوو. ئەو هەرچی توانای هەیبوو بۆ بەڕێوەبردنی ڕێکوپێک و ئەنجامگەیاندنی ئەرکە پیرۆزەکانی وەگەڕی خستبوو. وەلی هەتا کاتی شەهیدبوونی لە دەیان کەمین و بەربەرەکانی و گرتنی مۆڵگەی دوژمن بەشداری چالاکانەی دەکرد، بۆیە خەڵکی قارەمانی ئەو ناوچەیە هەمیشە یادی ئەو ڕۆڵە فیداکارە دەکەنەوە و وەک قارەمانێکی بوێر و ئازا ناوی دێنن.

ڕۆژانی پێشمەرگایەتیی وەلی زۆر درێژ نەبوو و بەداخەوە مەرگ مەودای نەدا کە زیاتر خزمەت بە نەتەوە بەشخوراوەکەی بکا و مخابن لە ڕۆژی ٢٥ی خەزەڵوەری ساڵی ١٣٦٣ی هەتاوی لە شەڕی نێوخۆیی لەگەڵ کۆمەڵە شەهید کرا.

# کوردەکان،
# کۆنترین دوژمنەکانی کۆماری ئیسلامی

**ڕۆئیا حەکاکیان – فری پرێس**
**و لە ئینگلیزییەوە: کەماڵ حەسەنپوور**



کوردەکان نەبەزترین ئۆپۆزیسیۆنی ڕێژیمی ئێرانن؛ ئەوان بۆ ڕووخاندنی، یەکلاکەرەوە دەبن. دوو نیشانەی سەرەتایی داهاتووی کارەساتباری شۆڕشی ئیسلامیی ١٣٥٧، هۆنراوەیەک و وێنەیەک بوون. ئێرانییەکان هێشتا سەرخۆشی سەرهەڵدانی ئەو ساڵە بوون کاتێک، لە گەلاوێژی ١٣٥٨، ئەحمەد شاملوو، یەکێک لە گرنگترین شاعیرانی نیشتمان، هۆنراوەیەکی بڵاو کردەوە لەژێر سەردێڕی "ڕۆژگارێکی سەیرە، گوڵم". دێڕە سەرەتاییەکانی ڕەنگدانەوەی نائارامییەک بوو کە بە خشکە دەهاتە نێو ژیانی ڕۆژانەوە، کاتێک پۆلیسی شۆڕش (بەسیج)، خاڵی پشکنینی بۆ سەپاندنی قاچاخکردنی کحوول دانابوو:

**"بۆن بە دەمتەوە دەکەن**
**نەکا گوتبێتت خۆشم دەوێی**
**بۆن بە دڵتەوە دەکەن،**
**دێن و نێو دڵت دەگەڕێن**
**نەوەک بڵێسەی ئەوینێکی تێدا شاردرابێتەوە**
**ڕۆژگارێکی سەیرە، گوڵم"**

دووەمین نیشانەی ناخۆش، مانگێک دواتر دەرکەوت: وێنەیەکی ڕەش و سپی لەژێر مانشێتی "پەلی تەقە لە ئێران" بێ درکاندنی ناوی وێنەگرەکە لە ڕۆژنامەی ئیتلاعاتدا، لە ١٠ی گەلاوێژی ١٣٥٩ بڵاو بووەوە. لەوێدا ١١ پیاوی چاوبەستراو لە دەشتێکی بەتاڵ لە کوردستان، بەرەوڕووی پەلێکی تەقە ببوونەوە؛ بەشێکیان پێشتر تەقەیان لێ کرابوو و خەریکی کەوتن بوون، ئەوانی دیکە هێشتا لە چاوەڕوانیدا وەستابوون. کاتێک وێنەکە خەڵاتی پۆلیتزەری لە ١٣٥٩ بۆ (وێنە-ڕووداو) پێ درا، دنیا نەیزانی ناوی وێنەگرەکە چییە؛ جەهانگیر ڕەزمی بۆ ماوەی ٢٧ ساڵ بە نەناسراوی مایەوە.

ئەوەی ڕەزمی گرتبووی، چرکەساتێک بوو کە پەلی تەقە فەرمانی حاکمی بەدناوی شۆڕش، سادق خەڵخاڵی، ترسناکترین و بێزراوترین مەلای ئەو کاتەی جێبەجێ دەکرد. ئەو دادگاییەکی لەگۆترەی بەڕێوە بردبوو، ئەو پیاوانەی بە "موحاریب" یان شەڕکەری دژی خودا، لەگەڵ تۆمەتی دیکەدا تاوانبار کردبوو و حوکمی سێدارەی بۆ بڕیبوونەوە.

وێنەکە دڕندەییەکی خوێنڕێژانەی پیشان دەدا کە بوو بە هێمای ڕێژیمی نوێ. ئەو هەروەها هیرارشییەکی ئاشکرا دەکرد کە ڕێژیم وەک دوژمن پێناسەی دەکردن. زۆر پێش دەستپێکی جەنگ لەگەڵ عێراق، یان تەنانەت بەر لەوەی "خوێندکارانی هێڵی ئیمام" دەست بەسەر باڵوێزخانەی ئەمریکادا بگرن، و زۆر پێش ئەوەی دەستەواژەی "جیهاد" بێتە نێو وشەدانی ڕۆژاواییەوە، خومەینی پێشتر شەڕی پیرۆزی دژی کوردان ڕاگەیاندبوو و حیزبەکەیانی وەک "حیزبی شەیتان" مەحکووم کردبوو. ماوەیەکی کورت دوای ئەو ڕووداوە، ئەو دەستەواژەی "شەیتانی مەزن"ی بۆ وڵاتە یەکگرتووەکان و "شەیتانی بچووک"ی بۆ ئیسرائیل داهێنا.

ئەمڕۆ، نزیکەی نیو سەدە دواتر، لەناکاو ئەو مێژووە دەستبەجێ هەستی پێ دەکرێتەوە. لە حەوتووی دوای دەستپێکی جەنگ، مشتومڕەکان لەمەڕ ئەوەی کە ئاخۆ دەبێ کوردەکان تێکەڵی شەڕ دژی تاران بن شانبەشانی وڵاتە یەکگرتووەکان و ئیسرائیل، یان نا، بووەتە هۆی نیگەرانی لەنێو گەلێک لە ئێرانییەکاندا. دەیان ساڵە ڕێژیم هۆشداریی داوە کە کوردەکان بەتەمای لێکهەڵوەشاندنی ئێرانن و ئەو تاوانبارکردنانە چووەتە نێو هەناوی وشیاریی نەتەوەییەوە. بۆیە، ترس شێوازێکی بەرەوڕووبوونەوەیە لەگەڵ ئەو هەواڵەدا؛ بەڵام مێژوو ڕوانگەیەکی جیاواز پێشکەش دەکات.

خومەینی بە کوردەکانی دەگوت جیاوازیخواز. بەڵام ئەو پیاوەی بڕیاری دابوو شوناسی ئێرانی بە قازانجی شوناسێکی پان-ئیسلامی بسڕێتەوە، کەنگێ بۆ یەکپارچەیی خاکی ئێران بەپەرۆش بووە؟ تاوانبارکردن بە جیاخوازی تەنیا بیانوویەک بوو بۆ شاردنەوەی ئەوەی بەڕاستی ئایەتوڵڵاکەی تووڕە کردبوو: کوردەکان ببوونە نەبەزترین ئۆپۆزیسیۆن. ئەوان کە سوننی بوون، بە هەمان شێوە گەردوونی شیعەی یەکچەشنیان کە بۆ ئێران بیری لێ دەکرایەوە، تووشی ئاڵنگاری دەکرد.

هەتا هەشتاکانی زایینی، ڕێژیم زۆربەی ڕێبەریی جووڵانەوەی سیاسیی ئێرانی دەستبەسەر، زیندانی یان ئێعدام کردبوو. لەگەڵ ئەوەشدا حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، سەرەڕای ئەو شکستانەی خواردبوونی، وەک ڕێکخراوێکی نهێنی، بەڵام چالاک مایەوە. ڕێبەرەکەی، عەبدولڕەحمان قاسملوو بوو، کەسایەتییەکی سەرنجڕاکێش: خاوەن کاریزمایەکی فرەزمانزان بە بڕوانامەی دوکتورا لە ئابووری و زانستە سیاسییەکان لە زانکۆی پڕاگ.

ئەستێرەیەک لە گۆڕەپانی سۆسیال دێموکراسیی ئورووپا؛ لەنێو جەنگاوەرە پێشمەرگەکانیدا لە چیاکانی کوردستان بە هەمان شێوەی قاوەخانەکانی پاریس، لەپەنا هاوسەرە چێکییەکەی (هێلێن)، خەریکی گفتوگۆ لەسەر بیرۆکەی مەزن لەگەڵ سیاسەتوانان و ڕووناکبیرانی ئورووپایی، حەساوە بوو. لە نێوەڕاستەکانی هەشتاکانی زایینیدا، کاتێک پاشماوەکانی ڕووناکبیران لە نێوخۆی ئێران تووشی مەترسیی دەستبەسەرکران دەبوون، کوردستان ببوو بە پەناگەیەک بۆیان.

قاسملوو، دوایین ڕێبەری مەزنی ئۆپۆزیسیۆن تا کاتێک مابوو، لەلایەن هێزەکانی پێشمەرگەی خۆیەوە پشتگیریی لێ دەکرا و ڕێبەری جووڵانەوەیەکی باش ڕێکخراویش بوو. بە تواناییەکانی و دەستڕۆیشتوویی نێودەوڵەتییەکەیەوە، بوونی ئەو نەک تەنیا بۆ کوردان ژیانی بوو، بەڵکوو هەموو ئێرانییەکان ئەویان وەک کەسایەتییەکی پێگەیشتوو سەیر دەکرد، کە توانایی ڕێبەریکردنی جووڵانەوەی دێموکراتیکی سەرانسەریی هەبوو. ئەوە قاسملوو بوو کە ژیانی گەلێک لە کەسایەتییە سیاسی و ڕووناکبیرەکانی لەو سەردەمەدا ڕزگار کرد، لەنێو خەڵکی خۆیدا پاراستنی و پاشان بواری دەربازبوونیانی بە سنوورەکانی کوردستاندا ڕەخساند.

لە کۆتایی جەنگی ئێران-عێراق لە ١٣٧٦، پاش هەشت ساڵ جەنگ کە بووە هۆی کوژرانی یەک ملیۆن کەس و ژمارەیەکی زۆرتر بریندار و نەبووە هۆی هیچ دەستکەوتێک یان دۆڕاندنێکی خاک، تارانی لاوازکراو لە نەمانی خۆی دەترسا. ئایەتوڵڵا فەتوایەکی دا و داوای کوشتنی پیاوێکی کرد کە نەیتوانیبوو بە چۆکی دابێنێت.

ساڵێک دواتر، تیمێکی مرۆڤکوژ کە خۆی وەک وەفدێکی نێردراو لەلایەن تارانەوە دەنواند کە بۆ وتووێژی ئاشتی لەگەڵ کوردان هاتووە، قاسملوو و یاریدەدەرەکەی لە ڤییەن کوشت. ئەوە یەکەم دۆخ لە زۆر نموونەی دیکە بوون کە تێیدا مەلاکان کەڵکیان لە دەمامکی دانوستانکار بۆ بەڕێوەبردنی پیلانە کوشندەکانیان وەرگرت. بکوژەکانی قەت نەخرانە بەردەم دادگا. کاربەدەستانی ئوتریش خێرا بکوژەکانیان، کە توانیبوویان دەستبەسەریان بکەن، دیپۆرت کردەوە؛ بۆیە پەروەندەکە هێشتا کراوەیە.

هەڵمەتی تۆڵەئەستێنیی تاران لە ڤییەن کۆتایی نەهات. سێ ساڵ دواتر، تیمێکی لوبنانی و ئێرانی جێگرەوەی قاسملوویان، لەگەڵ سێ کەس لە هاوکارانی، لە ڕێستورانتێکی بەرلین تیرۆر کرد. بەڵام بەپێچەوانەی تیرۆری ڤییەن، ئەمجارەیان ئەم تاوانە بووە هۆی لێکۆڵینەوەیەکی بەرفراوان و دادگاییەک کە بوو بە یەکێک لە پڕکاردانەوەترینەکانی دوای جەنگی جیهانیی دووەم لە ئورووپا.

بڕیاری دادگا لە ١٣٧٦، پلەبەرزترین ئەندامانی ڕێبەریی تارانیان (لەنێویاندا خامنەیی، ڕێبەری کۆماری ئیسلامی) وەک پلاندانەرانی تیرۆرەکان تێوەگلاند. حوکمەکە بووە هۆی پچڕاندنی کاتیی سەرجەم پەیوەندییە سیاسییەکانی وڵاتانی ئورووپایی لەگەڵ تاران و ڕێژیمیان ناچار کرد بۆ چەند ساڵێک ئۆپەراسیۆنە تیرۆریستییەکانی لە ئورووپا ڕاگرێت.

ئەمە مەزنترین شکستی مەلاکان بوو لە دوای دامەزراندنی کۆماری ئیسلامی.

بەڵام ئەوە تەنیا ڕێبەرانی کورد نەبوون کە تاران بەدوایانەوە بوو. بۆ ماوەی دەیان ساڵ، کوردی ئاسایی، کە کەمتر لە ٢٠ لەسەدی دانیشتووانی ئێران پێک دێنن، تووشی ڕێژەیەکی ناهاوسەنگ لە زیندانیکردن و لەسێدارەدان بوون. ئەم مێژووە دووروردرێژەی سەرکوت، ڕوونترین نموونەی خۆی لە ئەیلوولی ٢٠٢٢دا دەرکەوت، کاتێک ژنە ٢٢ ساڵەی کورد، ژینا ئەمینی لەلایەن گەشتی ئێرشاد لە تاران دەستبەسەر کرا و سێ ڕۆژ دواتر لە کاتی دەستبەسەریدا مرد. مردنەکەی بووە هۆی دەستپێکی جووڵانەوەی "ژن، ژیان، ئازادی"، مەزنترین نارەزایەتییەکانی ئێران لە دوای ١٣٥٧.

یەکێک لە سەرنجڕاکێشترین لایەنەکانی سەرهەڵدانەکە ئەو یەکگرتووییە بوو کە بووە ئیلهامبەخش لە سەرانسەری وڵات و لەنێو گەلێک لە کۆمەڵگە ئەتنیکییەکانی ئێراندا. لە شارەکانی کوردستانەوە، دروشمی ڕێزگرتن لە یادی ژینا لەسەر دیوارەکان و دەڕابەی دووکانەکان دەرکەوتن. کوشتنی کچێکی کورد دەیتوانی بە ئاسانی تەنیا ببێتە کارێکی سەرکوتکارانە لە درێژەی مێژوویەکی دووروردرێژی ئەمجۆرە تاوانانەدا؛ بەڵام لەجیاتیدا، بوو بە یەکێک لە یەکخەرترین ساتەوەختەکانی مێژووی هاوچەرخی ئێران.

ئێستا کوردەکان جارێکی دیکە بەرەوڕووی ئەگەری ڕێبەرایەتیکردنی شەڕ دژی ڕێژیم بوونەتەوە. ڕاستییەکان ڕوون و ئاشکران: نە وڵاتە یەکگرتووەکان، ئیسرائیل یان هیچکام لە هاوپەیمانانی واشینگتۆن ئامادە نین هێزی سەربازی بنێرنە نێو خاکی ئێرانەوە. کوردەکان کە دەیان ساڵە ئەزموونی جەنگ لەگەڵ ڕێژیم و هاوکارییان لەگەڵ هێزە ئەمریکییەکان لە ناوچەکەدا هەیە، تەنیا تاقمێکی خاوەن زانیاری و توانایی چوونە نێو شەڕەکەن. ژمارەیان لە بەراورد لەگەڵ هێزە سەربازییەکانی ئێران کەمە، بەڵام ئەوان دەتوانن ببن بە بەشێک لە هێزێکی مەزنتر کە وردە وردە ڕێژیم بە چۆک دادێنێت.

سەرەڕای پاشگەزبوونەوەی سەرۆک کۆمار ترامپ لە بڕیارە سەرەتاییەکەی بۆ تێوەگلاندنی کوردەکان لە جەنگ دژی ئێران، گەلێک لە پێشمەرگەکان هەر ئێستا خەریکی خۆئامادەکردنن بۆ ئەو ئەگەرە.

ئەوانەی هۆشداری لە شەڕی نێوخۆ دەدەن، وا باشترە بیر لە ڕاستییەکی تاڵ بکەنەوە: شەڕی نێوخۆیی لە ئێران لە گەلاوێژی ١٣٥٨دا، کاتێک پەلی تەقە ١١ کوردی کوشت دەستی پێ کرد، و لەو کاتەوە بەرۆکی هەر ژنێکی گرت کە بەرەوڕووی گەشتی ئێرشاد بووەوە، دەستبەسەر کرا یان کوژرا، و هەموو زیندانییەک کە لەسێدارە درا. ڕووداوەکانی هەفتەی ڕابردوو لە کۆتاییدا دوایین دەرفەت بۆ ئاڵوگۆڕ لە ئێران دەخەنە ڕوو و، کوردەکان بۆ دەستەبەرکردنی، یەکلاکەرەوەن.

ئێرانییەکان دەتوانن لەو ساتەوەختە وەک هەلێک بۆ ئاشتیی نیشتمانی کەڵک وەربگرن؛ دەرفەتێک بۆ نەتەوەیەک کە تووشی ئەو هەموو خەسارە بووە تا یەک بگرن بۆ وەدیهێنانی خەونێکی هاوبەش. کوردەکان دەتوانن دەوری خۆیان بۆ چوون بەرەو ئێرانێکی دێموکراتیک کە ئەوان و زۆر لایەنی دیکەش ئەو هەموو ساڵانە قوربانییان بۆ داوە، بگێڕن.

کوردستان
• ژمارە: ٩١٥
٢٩ی ڕەشەمەی ١٤٠٤ _ ٢٠ی مارسی ٢٠٢٦

# لە دەوڵەتتەوەرەییەوە تا نکوڵیکردن لە نەتەوە

## (وەڵامێک بۆ دیبەیتەکەی شەریعەتمەداری-ئەمیرئەحمەدی سەبارەت بە ناسنامەی کوردی)

د. مەنسوور سۆهرابی

بەشی فارسیی دەنگی ئەمریکا ڕۆژی ٢٤ی ڕەشەمە بەرنامەیەکی بە بەشداریی "حەسەن شەریعەتمەداری" و "هوشەنگ ئەمیرئەحمەدی" پێشکەش کرد، کە تەوەرە سەرەکییەکەی لێکدانەوەی پەیامی هاوپەیمانیی لایەنە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران بۆ خەڵک و چالاکانی سیاسیی ئازەربایجان بوو. بەڵام ئەوەی زیاتر لە ئەسڵی هەواڵەکە سەرنجی ڕاکێشا، چوونە نێو باسە تیۆرییەکانی میوانەکان بوو دەربارەی چەمکگەلێکی وەک نەتەوە، نەتەوایەتی و فیدراڵیزم. لەم گفتوگۆیەدا، بانگەشەی نەتەوەنەبوونی کوردان و مەحاڵبوونی فیدراڵیزم لەسەر بنەمای ئەتنیک خرانە ڕوو، کە پێویستییان بە ڕەخنەیەکی جیدی و بەڵگەمەند هەیە. ئەم نووسینە هەوڵ دەدات بەدەر لە پێشگریمانە سیاسییەکان، ئەم بۆچوونانە بە وردی تاوتوێ بکات.

### ١. تێکەڵکردنی نەتەوە و دەوڵەت: وردبوونەوە لە هەڵەیەکی تیۆریی کلاسیک

یەک لە کۆڵەکە سەرەکییەکانی بەڵگەهێنانەوەکەی شەریعەتمەداری و ئەمیرئەحمەدی لەم دیبەیتەدا، گرێدانی بووونناسانەی نەتەوە بوو بە بوونی دەوڵەتەوە. شەریعەتمەداری بە دروستکردنی جیاکارییەکی دەستکرد و پلەبەندی لە نێوان نەتەوایەتی و نەتەوەدا، و ئەمیرئەحمەدی بە مەرجدارکردنی پێناسەی نەتەوە بە هەبوونی سەروەریی سەربەخۆ (Statehood)، بە کردەیی چەمکی نەتەوەیان لە چوارچێوەیەکی تەسک و کۆنی دەوڵەت-نەتەوەکانی سەدەی نۆزدەهەمدا قەتیس کرد.

لە ئەدەبیاتی مۆدێرنی زانستە سیاسییەکان و کۆمەڵناسیدا نەتەوە لە پێکهاتەیەکی یاسایی-سیاسی زیاترە؛ وەک کۆمەڵگەیەکی خەیاڵکرد (Imagined Community) یان گروپێکی مرۆیی پێناسە دەکرێت کە خاوەنی پەیوەندیی قووڵی زمانی، مێژوویی، کولتووری و لە هەمووی گرنگتر، وشیارییەکی سیاسیی بەکۆمەڵە بۆ دیاریکردنی مافی چارەنووسی خۆی.

ڕەخنەی بنەڕەتی لە دیدگای ئەم دوو میوانە ئەوەیە کە بێتوو بوونی دەوڵەت بە مەرجێکی پێویست بۆ پێناسەی نەتەوە بزانین، ئەوا بەشێکی گەورە لە مێژووی سیاسیی جیهانمان پشتگوێ خستووە. بۆ نموونە، ئایا دەکرێ بگوترێ پۆڵەندییەکان لە سەدەی نۆزدەهەمدا، لەو سەردەمەی کە خاکەکەیان لە نێوان سێ ئیمپراتۆریەتدا دابەش کرابوو و بێدەوڵەت بوون، نەتەوە نەبوون؟ یان ئایا جوولەکان پێش پێکهێنانی دەوڵەت لە ساڵی ١٩٤٨ تایبەتمەندییەکانی نەتەوەبوونیان تێدا نەبووە و نەتەوە نەبوون؟ بێگومان وەڵامەکە نەخێرە.

ئەمڕۆ چەمکی نەتەوە بێدەوڵەتەکان (Stateless Nations) لە پرسە نێودەوڵەتییەکاندا پۆلێنبەندییەکی تەواو ناسراوە کە نەتەوەکانی وەک کورد، کەتەلان، باسک و سکۆتلەندییەکان دەگرێتەوە. نەبوونی چەترێکی کیانێکی سەربخۆ و سەروەریی یەکگرتوو، هەرگیز بە مانای نەبوونی ناسنامەی نەتەوەیی (Nationhood) نییە، بەڵکوو لە زۆر حاڵەتدا، هەر ئەم وشیارییە نەتەوەییەیە کە دەبێتە هۆی دروستبوونی و دەبێتە هاندەر بۆ پێکهێنانی پێکهاتە نوێیە سیاسییەکان یان چێکردنی فیدراڵیزم.

### ٢. کورد و گونجان لەگەڵ پێوەرە زانستییەکانی نەتەوەبوون

لە بەشێکی دیبەیتەکەدا، بانگەشەی ئەوە کرا کە کوردان تایبەتمەندییەکانی نەتەوەیان نییە. ئەم بانگەشەیە نە لەگەڵ ڕاستییە مەیدانییەکان دەگونجێت و نە لەگەڵ پێناسە ئەکادیمییەکان. ئەگەر پێوەرە بابەتی و دەروونییەکانی نەتەوەبوون ڕیز بکەین، کورد هەموویانی تێدایە:

**زمان و کولتووری سەربەخۆ:** زمانی کوردی بە هەموو شێوەزارەکانییەوە (کرمانجی، سۆرانی، هەورامی، زازایی، گۆرانی و هتد)، تەنیا ئامرازێکی پەیوەندی نییە، بەڵکوو هەڵگری دنیابینییەک، ئەدەبیاتێکی نووسراوی کۆن و بەرهەمە مۆدێرنە کولتوورییەکانە کە سنوورێکی کولتووریی ڕوون لەگەڵ فارسی، تورکی و عەرەبیدا دەکێشێت. ئەم جیاوازییە کولتوورییە، بەردی بناغەی ناسنامەی بەکۆمەڵیی کوردە.

**بیرەوەریی مێژوویی و گێڕانەوەی هاوبەش:** مێژوونووسیی کوردی لە ماوەی سەدەکاندا، "ئێمە"یەکی بەکۆمەڵیی جیاوازی وێنا کردووە. ئەزموونە تاڵ و شیرینە هاوبەشەکان، لە ڕاپەڕینە نێوخۆییەکانەوە تا خەباتە مۆدێرنەکان، بوونەتە بەشێکی جیانەکراوە لە بیرەوەریی بەکۆمەڵی کورد کە وەک یەکەیەکی مرۆیی لە سەرووی عەشیرەت و تائیفەکانەوە بەیەکەوە گرێیان دەدات.

**خاک (نیشتمان)ی مێژوویی هاوبەش:** ئەگەرچی سنوورە سیاسییە مۆدێرنەکان، خاک و نیشتمانی کوردیان لە نێوان چوار وڵاتدا دابەش کردووە، بەڵام یەکپارچەیی جوگرافیی ئەم ناوچانە لەژێر ناوی کوردستاندا لە تەواوی نەخشە مێژووییەکان، دەقی ڕۆژهەڵاتناسان و ئەتڵەسە جوگرافییە سیاسییەکانی جیهاندا دانی پێدا نراوە.

**ئیرادە و وشیاریی سیاسی:** ئامادەیی بەردەوامی کورد وەک بلۆکێکی سیاسی لە هاوکێشەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا لە ماوەی سەدەی ڕابردوودا، بەڵگەیەکی ڕوونە لەسەر هەبوونی ئیرادەیەکی نەتەوەیی.

بۆیە، بانگەشەی نەبوونی تایبەتمەندییەکانی نەتەوە لەبارەی کوردەوە، زیاتر لەوەی داوەرییەکی زانستی بێت، نیشاندەری جۆرە بەرگرییەکی دەروونییە لە ئاست قبووڵکردنی لێکەوتە سیاسییەکانی ئەم ڕاستییە. حاشاکردن لەم ناسنامەیە، بە مانای پشتگوێخستنی داواکارییە بەکۆمەڵەکانی میلیۆنان مرۆڤە کە خۆیان وەک نەتەوە پێناسە دەکەن و ڕێگەی ئەوەشیان پێ نادرێ.

### ٣. دووبارە خوێندنەوەی فیدراڵیزم: لە سەرووی مۆدێلی یەکگرتنی یەکە سەربەخۆکانەوە

ئەمیرئەحمەدی لە شرۆڤەی فیدراڵیزمدا، بە شێوەیەکی کورتکراوە تەنیا بە مۆدێلێکیاین زانی کە تێیدا یەکە پێشتر سەربەخۆکان بۆ بەهێزبوونیان بەیەکەوە یەک دەگرن (مۆدێلی Coming together). ئەم دیدگایە تەنیا بەشێکی بچووکە لە مێژووی فیدراڵیزم و دەستکەوتە گەورەکانی ئەم سیستمە لە چارەسەرکردنی ململانێ ناوخۆییەکان لە نیو سەدەی ڕابردوودا فەرامۆش دەکات.


لە تیۆرییەکانی فیدراڵیزمدا ئێمە ڕووبەڕووی مۆدێلێکی تر دەبینەوە بە ناوی فیدراڵیزمی ڕاگرە (Holding together). لەم مۆدێلەدا، ئامانجی سەرەکی نەک یەکگرتنی وڵاتە سەربەخۆکان، بەڵکوو دووبارە دارشتنەوەی دەوڵەتێکی مەرکەزی و سادەیە بۆ ڕێگریکردن لە هەڵوەشانەوە و پاراستنی یەکپارچەیی خاک لە کۆمەڵگە فرەنەتەوەکاندا. وڵاتانی وەک بەلجیکا، کەنەدا و ئیسپانیا ڕێک لەم ڕێگەیەوە تێپەڕیون. لەم کۆمەڵگەیانەدا، نوخبە سیاسییەکان تێگەیشتن کە سووربوون لەسەر مەرکەزییەتێکی ڕەق، دەبێتە هۆی لێکدابڕانی زیاتر؛ بۆیە بە قبووڵکردنی پێکهاتەی فیدراڵ یان نیمچەفیدراڵ و پێدانی خۆبەڕێوەبەری بە یەکە نەتەوەییەکان (وەک کێبێک لە کەنەدا یان کەتەلۆنیا لە ئیسپانیا)، توانییان هاوپێوەندیی نەتەوەیی لە ئاستێکی بەرزتر و ئارەزوومەندانەتردا بپارێزن. بۆیە کورتکردنەوەی فیدراڵیزم بۆ ئەزموونی سەدەی هەژدەی ئەمریکا، لەگەڵ زانستی سەردەم ناتەبایە.

### ٤. فیدراڵیزمی ئەتنیکی؛ مۆدێلێکی بەڵگەمەند لە جوگرافیای سیاسیی جیهاندا

یەکێکی تر لە بابەتە پڕ مشتومڕەکان لەم دیبەیتەدا، نکوڵیکردن بوو لە هەبوونی فیدراڵیزم لەسەر بنەمای ئەتنیک لە جیهاندا. ئەم دەربڕینە لە ڕووی زانستییەوە پێچەوانەی ڕاستییە. زاراوەی Ethnic Federalism یان فیدراڵیزمی لەسەر بنەمای ئەتنیک، ئەمڕۆ یەکێکە لە بابەتە سەرەکییەکان لە توێژینەوە بەراوردکارییەکانی سیستمە سیاسییەکاندا. بۆ نموونە:

**ئیتیۆپی:** ئەم وڵاتە یەکێکە لە نموونە هەرە ڕوونەکانی فیدراڵیزمی نەتەوەیی. دەستووری ساڵی ١٩٩٥ی ئیتیۆپی، وڵاتەکەی لەسەر بنەمای سنوورە زمانی و نەتەوەییەکان دابەش کردووە و تەنانەت مافی چارەنووسیشی بۆ ئەم یەکانە بە فەرمی ناسیوە.

**بێلژیک:** پێکهاتەی سیاسیی بێلژیک بە ڕادەیەک لەسەر بنەمای ناسنامە ئەتنۆ-زمانییەکان (فلاندەرییەکان و واڵۆنەکان) دارێژراوە کە تەنانەت پارتە سیاسییەکان و سیستمە پەروەردەییەکانیشی لەسەر ئەم بنەمایە جیا کراونەتەوە. ئەم مۆدێلە نەک بۆ جیابوونەوە، بەڵکوو بۆ بەڕێوەبردنی ململانێیەکی قووڵی مێژوویی داڕێژراوە.




**هیندستان:** بونیادنانەوەی ویلایەتەکانی هیندستان لە ساڵی ١٩٥٦ لەسەر بنەمای سنوورە زمانییەکان، یەکێکە لە سەرکەوتووترین ئەزموونەکانی جیهان لە مهارکردنی هەمەچەشنییە گەورە ئەتنیکییەکاندا. هیندستان بە قبووڵکردنی ڕاستییە زمانییەکان، توانی دیموکراسییەکەی لە بەرانبەر مەترسیی هەڵوەشانەوەدا بپارێزێت.

بۆیە، نکوڵیکردن لە هەبوونی ئەم جۆرە مۆدێلانە لە جیهاندا، نیشاندەری جۆرە پشتگوێخستنێکی بەرژەوەندیخوازانەی ڕاستییە نێودەوڵەتییەکانە بۆ پێشخستنی ئەجێندایەکی سیاسیی تایبەت.

### ٥. لێکەوتە سیاسییەکانی دەوڵەتتەوەرەیی و نکوڵیکردن لە نەتەوە

نکوڵیکردن لە پێگەی کورد وەک نەتەوە، تەنیا جەنگێکی وشەیی نییە، بەڵکوو لێکەوتەی جیدیی لە کایەی کردەییدا هەیە. ئەم ڕێچکەیە لەبەر چەند هۆکارێک ترسناکە:

**یەکەم**، دەبێتە هۆی ئەوەی لایەنەکانی گفتوگۆ لە ئێراندا، لەبری مامەڵەکردن لەگەڵ کورد وەک بکەرێکی سیاسیی هاوسەنگ، وەک کەمینەیەکی پەراوێزخراو بیبینن کە تەنیا دەبێ لە کولتووری زۆرینەدا بتوێتەوە. ئەم تێڕوانینە، ڕێگە لە هەر جۆرە گفتوگۆیەکی یەکسان و دیموکراسییانە دادەخات.

**دووەم**، ئەم جۆرە مامەڵەیە دەبێتە هۆی بەهێزبوونی توندڕەوی. کاتێک ڕێگە مەدەنی و یاساییەکان بۆ دانپێدانانی ناسنامەی نەتەوەیی داخرێن، ئارەزووی لێکدابڕان و مەرکەزگریزی لە نێوان گروپە ژێر گوشارەکاندا زیاد دەکات.

**سێیەم**، ئەم بیرکردنەوەیە لزۆمەن یەکپارچەیی خاک ناپارێزێت؛ بەڵکوو بە دروستکردنی بەربەست لە بەرانبەر مۆدێلە نەرمەکانی دابەشکردنی دەسەڵاتدا (وەک فیدراڵیزم)، وڵات بەرەو دوو جەمسەریی سڕینەوە دەبات. لە کاتێکدا بە فەرمی ناسینی ناسنامە نەتەوەییەکانی نێو ئێران، دەتوانێ ببێتە بنەمایەک بۆ گرێبەستێکی سیاسیی نوێ کە تێیدا هەمەچەشنی، نەک مەترسی، بەڵکوو وەک سەرمایەیەکی نەتەوەیی سەیر بکرێت.

### ٦. فیدراڵیزم لە سەدەی بیستویەکەمدا: ئامرازی هاوپێوەندی، نەک هەڵوەشانەوە

دەرەنجامی کۆتایی ئەوەیە کە ئەو ڕا و بۆچوونانەی لەلایەن شەریعەتمەداری و ئەمیرئەحمەدییەوە خرانە ڕوو، زیاتر لەوەی ڕەنگدانەوەی ڕاستییە هەمەچەشنەکانی جیهانی ئەمڕۆ بن، ڕەگیان لە مۆدێلە هزرییەکانی سەردەمی جەنگی سارد و دەوڵەت-نەتەوە داخراوەکان‌دایە. لە جیهانی هاوچەرخدا، زۆرێک لە وڵاتان بۆ تێپەڕین لە قەیرانە ناسنامەییەکان، بەرەو مۆدێلەکانی دیموکراسیی تەوافوقی و فیدراڵیزمی فرەئاست هەنگاویان ناوە.

کورد بەپێی تەواوی پێوەرە مێژوویی، زمانی و سیاسییەکان، بە نەتەوە ئەژمار دەکرێت. دانپێدانان بەم ڕاستییە و بیرکردنەوە لە مۆدێلەکانی دابەشکردنی دەسەڵات وەک فیدراڵیزم ناکرێ ڕێک بە مانای هەڵوەشانەوە یان پارچەپارچەبوون نییە، بەڵکوو هەوڵێکە بۆ تێپەڕین لە پێکهاتەیەکی کۆن و مەرکەزی بەرەو سیستمێکی مۆدێرن و فرەخواز کە تێیدا هەموو نەتەوە نیشتەجێبووەکانی نێو جوگرافیایەک، خۆیان لە دەسەڵاتدا بەشدار ببینن. حاشاکردن لە ڕاستییە کۆمەڵایەتییەکان بە ئامرازە تیۆرییە بەسەرچووەکان، تەنیا چارەسەری قەیرانەکان دوا دەخات.

---

## وێستگە

# تاڵ و شیرین

ئاسۆ مینبەری

ئەمساڵ لە کاتێکدا بەرەوپیری نەورۆز و ساڵی نوێ دەچین کە کوردستان نوقمی دووکەڵ و شەڕ و ئاڵۆزییە. بە پێچەوانەی ساڵانی پێشوو کە هەموو کۆمەڵگەی کوردستان سەرەڕای ناڵەباربوونی دۆخی ئابووری و لەژێر دۆخی داسەپاوی سیاسیدا ئامادەکارییان بۆ بەڕێوەبردنی نەورۆزێکی بەشکۆ دەکرد تاکوو وەک هێمای پێکەوەبوونی نەتەوەیی ڕێزی لێ بگرن، ئەمساڵ دۆخەکە زۆر جیاوازە.

لە بەفرانباری ئەمساڵدا، شەپۆلێکی نوێی نارەزایەتییەکان لە تارانەوە دەستیان پێ کرد و لە درێژەی ئەم نارەزایەتییانەدا، ڕێژیم وەک خووی هەمیشەیی خۆی دەستی بە سەرکوتی دڕندانەی خەڵک کرد. هەر ئەم دڕندەییە وای کرد لە ڕۆژانی ١٨ و ١٩ی بەفرانباری ١٤٠٤دا هەزاران کەس لە خەڵکی ئازادیخوازی بکرێنە ئامانج و ئەم سەرکوتکارییە لە ناوچەکانی ئیلام، کرماشان و مەڵکشایی کارەساتی گەورەیان بەدواوە بوو. کوشتاری خەڵکی بێتاوان بە تایبەت لە کوردستان وای کرد خەڵک زیاتر لەوەی کە بیر لە هاتنی ساڵی نوێ و دەسپێکی وەرزێکی نوێ لە ژیان بکەنەوە، بیر لەوە بکەنەوە کە چۆن نەورۆزی ئەمساڵ بکەن بە هەوێنێک بۆ هاوخەمی لەگەڵ ئەو کەسانەی کە هەر کامیان بە جۆرێک لەم سەرکوتکارییەدا ئازیزێکیان لەدەست دابوو.

ڕووداوەکان زۆر بە خێرایی تێپەڕین تاکوو لە ڕۆژی ٩ی ڕەشەمەی ئەمساڵدا، هێرشیان کردە سەر کۆماری ئیسلامی و چەخماخەی شەڕێکی دیکە لە نێوان ئێران- ئیسرائیل و ئەمریکادا لێ درا. لە ماوەی زیاتر لە ٢٠ ڕۆژی ڕابردوودا کە شەڕەکە بەردەوام بووە، زۆربەی سەرانی ڕێژیم لەوانە خامنەیی ڕێبەری ئەم ڕێژیمە نگریسە تێدا چوون، و ئەو هیوایە لەنێو خەڵکدا سەری هەڵداوە کە بێگومان نەورۆزی ئەمساڵ، نەورۆزی ئازادی دەبێ!

ئەگەرچی دەسپێکی شەڕ و ماڵوێرانی لە خۆیدا ڕووداوێکی ناخۆشە بەڵام، ئەم شەڕە بۆ خەڵکانی وەزاڵەهاتووی ئێران، مژدەی بەهارێکی نوێ و دەسپێکێکی نوێ بۆ بونیاتنانەوەی داهاتوویەکی گەشە. لە چەند ساڵی ڕابردوودا و بەتایبەت لە دەسپێکی شۆڕشی ژیناوە، جیا لەوەی کە هەموو توێژەکانی کۆمەڵگە کەوتنە بەر هەڕەشەی سڕینەوە و سەرکوتکارییەوە، ژنان بەشێک لەو کۆمەڵگەیە بوون کە زیانی زۆریان بەرکەوت. لەو کاتەوە هەتا ئێستا کۆمەڵگەی ئێران بە زۆر قۆناغی جیاوازدا تێپەڕیوە، ڕێژیم هاوکات لەگەڵ کوشتنی سیستماتیکی خەڵکی سەرشەقام و هەوڵدان بۆ سەرکوتی خەڵکی ئازادیخواز، هەموو ڕێگاکانی دژایەتی لەگەڵ ئازادیی خەڵکی تاقی کردەوە. لەم نێوانەدا ژنان لەگەڵ ئەوەی کە قوربانییانی سەرەکیی نارەزایەتییەکان بوون، توانیان سەرەکیترین ئەکتەری مەیدانی خەباتەکەش بن.

نەورۆزی ئەمساڵ لە کاتێکدا دەست پێ دەکات کە کوردستان لەلایەکەوە خەمباری لەدەستدانی ڕۆڵەکانی لە ئیلام و مەڵکشاییە و لەلایەکی تریشەوە بێزوو بە ئازادییەوە ئەکا. ڕووداوەکانی ئەم ڕۆژانە ئەگەرچی تاڵن و دەتوانن تا ساڵەهای ساڵ کاریگەرییان لەسەر دەروونی خەڵک بەتایبەت ژنان و منداڵان بمێنێتەوە، بەڵام هاوکات مزگێنیدەری بەهارێکی نوێ و داهاتوویەکی گەشن. ئەم قۆناغە ، قۆناغێکی هەستیارە، ژنان لەم قۆناغەدا ئەگەرچی ئەتوانن زیاترین خەساریان بەر کەوێ بەڵام هاوکات دەتوانن ڕۆڵی گرینگیش بگێڕن.

لەگەڵ ئەوەی کە ژمارەیەک لەو ژنانە لە شارەکانی کوردستان و لەژێر دەنگی مووشەک و درۆنەکانی ئەمریکا و ئیسرائیلدان و نا بۆ لەناوچوونی دەسەلاتی خوێنمژی کۆماری ئیسلامی دەکەن، لەلایەکی ترەوە ژنانی دیکەش لە دەرەوەی سنوورەکانی کوردستانی ئێران و لەنێو حیزب و لایەنە سیاسییەکاندا، هاوکات لەگەڵ بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ هێرشەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر بنکە و بارەگا و شوێنی حەسانەوەیان، بیر لە بونیاتناەوەی نیشتمانەکەیان لە داهاتوویەکی نزیکدا دەکەنەوە. لەم قۆناغەدا، ژنان دەتوانن کۆڵەکەی قایمی ورەبەخشین بە کۆمەڵگە بن، هاوکات لەگەڵ ئەوەی کە هاوخەمی ژنانی دیکە بن کە لە قۆناغە جیاوازەکاندا کەسانی ئازیزی خۆیان لەدەست داوە، ئەتوانن هێمای کۆڵنەدان و پێدانی هیوا بۆ دوارۆژێکی ڕووناک بە کۆمەڵگە و بنەماڵەکانیان بن.

نەورۆزی ئەمساڵ بۆ کوردستان، نەورۆزێکی تاڵ و شیرینە! تاڵە چونکە لە بەرەبەری نوێبوونەوە و گەشەی سروشتدا، کوردستان ڕەشپۆشی ڕۆڵەکانییەتی و شیرینە چونکە هاوکات، بووەتە دەرفەتێک بۆ جێژنگرتنی نەمانی داگیرکەر، داگیرکەرێک کە ٤٧ ساڵە دەمی لە خوێنی خەڵک ناوە و لە هەموو ڕێگایەک بۆ سەرکوت و کوشتاریان کەڵکی وەرگرتووە و نەیهێشتووە تامی ئازادی بکەن. ئەم نەورۆزە بۆ ژنان، نەورۆزی هیوا بە داهاتوویە و بێگومان مژدەی ڕزگاربوونی ئەوان لە چنگ داگیرکەرێکی پێیە کە لە ٤ دەیەی ڕابردوودا، هەموو چەشنە سەرکوتکارییەکی بەرنابەریان ئەنجام داوە و لە هەموو مافە ئینسانییەکانیان بێبەریی کردوون. ژنان لەم جێژنە مەزنەدا، یەکەم سەرکوتووەکانی مەیدانی خەباتن! ئەوان لەم بەهارەدا سەرکەوتن بەسەر هەڵاواردن، کوشتنی سیستماتیک و سەدان دیاردەی خولقاوی دەستی کۆماریدا جێژن دەگرن کە نەیهێشت لەم ساڵانەدا وەک مرۆڤ بژین.

نەورۆزی ئەمساڵ نەورۆزی نوێبوونەوە و گەیشتن بەو ئاواتانەیە هەزاران کەس لە ژن و پیاوی ئازادیخواز نرخیان بۆ دا و گیانیان بۆ فیدا کرد.

## شەڕی ناوچەیی و دوورەدیمەنی گۆڕانکاریی سیاسی لە ئێراندا:

# ڕۆڵی بزووتنەوەی سیاسی نەتەوەیی کورد



ئیبراهیم لاجانی

ئەو شەڕەی پتر لە دوو هەفتەیە لە نێوان ئێران لەلایەک و ئەمریکا و ئیسرائیل لەلایەکی دیکەوە لە ئارادایە، لە ئاستی ناوچەکەدا تەنیا وەک ڕووبەڕووبوونەوەیەکی سەربازی ئەژمار ناکرێت. ئەو شەڕە ئەگەر لەوە زیاتر درێژە بکێشێت، دەتوانێت ئاکامی زۆر قووڵ و گۆڕانکاریی گەورە لە پێوەندی لەگەڵ پێکهاتەی دەسەڵات و داهاتووی سیاسیی ئەو وڵاتەدا بەدواوە بێت. لە کاتی لێکدانەوەی دۆخێکی ئاوادا، پرسیارێکی بنەڕەتی دێتە پێشەوە: ئەگەر گوشار و پاڵەپەستۆی دەرەکی ببێتە هۆی لاوازبوونی پێکهاتە و شێوەی دەسەڵات لە ئێراندا، کام لە هێزە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان دەتوانن لە شێوەپێدانی سیستمێکی دێموکراتیک لە ئێرانی ئایندەدا ڕۆڵی کاریگەریان هەبێت؟ ڕاستییەکەی ئەوەیە کە لەو پێوەندییەدا بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی کوردستان جێگایەکی تایبەتی هەیە.

بۆ تێگەیشتن لەو پرسە، باشتر وایە لە پێشدا چاوێک بە ئەزموونە مێژووییەکاندا بخشێنین. مێژوو ئەوەمان وەبیر دەهێنێتەوە کە ڕێژیمە دیکتاتۆر و تەواویەتخوازەکان، تەنیا و تەنیا لە ڕێگەی گوشاری نێوخۆییەوە نەڕووخاون. ئەو جۆرە ڕێژیمانە بە شێوەیەکی ئاسایی خاوەنی دامودەزگای ئەمنیی بەربڵاو، ڕایەڵکەی ئابووریی بەرینی سەربەدەسەڵات و ئامرازی زۆر و کاریگەری کۆنترۆڵ و سەرکوتی کۆمەڵایەتین؛ ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی پێکهێنانی ئاڵوگۆڕ لە نێوخۆوە ببێتە کارێکی سەخت و دژوار. لە مێژووی هاوچەرخدا زۆر نموونەی لەو جۆرەمان هەن؛ وەک ڕووخانی حکوومەتی نازی لە ئاڵمان، کۆتایی زۆربەی ڕێژیمە دیکتاتۆرییەکانی ئورووپای ڕۆژهەڵات و ڕووخانی ڕێژیمە دیکتاتۆرییەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لەو چەند دەیەی دوایییەدا. هەموو ئەو نموونانە نیشانی دەدەن کە گوشاری دەرەکی و گۆڕانکاری لە هاوسەنگیی هێز لە ئاستی ناوچەیی و نێودەوڵەتیدا، دەتوانن ڕۆڵێکی گرنگ لە پێکهێنانی ئاڵوگۆڕی سیاسیدا بگێڕن.

لە دۆخێکی ئاوادا، شەڕ دەتوانێت وەک شۆکێک بێت بۆ سەر قەوارەی دەسەڵاتی سیاسی؛ شۆکێک کە بناغەکانی سیستەمی سیاسیی زاڵ دەخاتە لەرزە و دەرفەت بۆ هێزە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی دیکە پێک دەهێنێت تا ئەوانیش بێنە مەیدان و کاریگەریی خۆیان نیشان بدەن. بەو حاڵەش، ئەزموونە مێژووییەکان ئەوە دەردەخەن کە ڕووخانی ڕێژیمێکی دیکتاتۆری بەتەنیا نابێتە هۆی جێگیربوونی دێموکراسی. ئاکامی کۆتایی ئاڵوگۆڕەکان بەستراوەتەوە بە توانایی، کارایی و کارکردی هێزە سیاسی و کۆمەڵایەتییە نێوخۆییەکان لە پێوەندی لەگەڵ بنیاتنانی سیستمێکی تازەدا.

یەکێک لەو هێزە سیاسی و کۆمەڵایەتییە کاریگەرانەی کە بە درێژایی ئەو چەند دەیەی دوایی لە ئێراندا، توانا و کارایی خۆی لە ڕێکخستنی سیاسی، بردنەپێشی خەبات و ڕاگرتنی ئاڵای بەربەرەکانی دژی سەرەڕۆیی و ئیستبدادی سیاسی نیشان داوە، بزووتنەوەی سیاسی و ئازادیخوازانەی کوردستانە. کوردستان لە هەشت دەیە لەمەوبەرەوە تا ئێستا، بە بەراورد لەگەڵ ناوچەکانی دیکەی ئێران، لە ڕووی چالاکیی سیاسی و حیزبایەتی و فەرهەنگ و کولتووری دێموکراسیخوازییەوە، چالاکترین بەشی ئێران بووە. پێکهێنانی حیزب و ڕێکخراوی سیاسی، ئامادەیی بەرچاوی کۆمەڵگەی مەدەنی و میراتی خەباتگێڕانە بۆ مافە کولتووری و سیاسییەکان، ئەو تایبەتمەندییانەن کە کوردستان لە ناوچەکانی دیکەی ئێران جیا دەکەنەوە.

یەکێک لە تایبەتمەندییە بەرچاوەکانی کوردستان، بریتییە لە هەبوونی فەرهەنگی حیزبایەتی و فرەحیزبی لە کۆمەڵگەی کوردستاندا. لە کاتێکدا کە لە ناوچەکانی دیکەی ئێراندا چالاکیی حیزبی و ڕێکخراوەیی زۆر سنووردار و نارێکخراو بووە، لە کوردستاندا حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان، نەخشێکی کاریگەریان لە گەڵاڵەکردن و هێنانەگۆڕێی ویست و داخوازییەکانی کۆمەڵانی خەڵکدا بینیوە. ئەو حیزبانەی لەو ناوچەیەدا تێکۆشانیان هەبووە، بێجگە لە کاری سیاسی و ڕێکخراوەیی، لە بوارەکانی فەرهەنگی، کۆمەڵایەتی، پەروەردەیی و ڕۆشنگەرییشدا کاریگەرییان لەسەر خەڵک بەجێ هێشتووە. بۆیە ئەو ئەزموونە دەوڵەمەندە دەتوانێت لە سەردەمی تێپەڕین لە ڕێژیمی دیکتاتۆرییەوە بۆ سیستمێکی دێموکراتیک، گرنگییەکی زۆری هەبێت؛ چونکە بۆ بنیاتنانی سیستمێکی دێموکراتیک، پێویستیمان بە ڕێکخراو و ناوەند و دامەزراوەی سیاسیی دێموکراتیک هەبێت.

بێجگە لە حیزب و فەرهەنگی حیزبایەتی، فەرهەنگی خەبات و بەرخۆدان و بەربەرەکانیش لە کوردستاندا بە فاکتۆرێکی گرنگ لەقەڵەم دەدرێت. بە درێژایی هەشت دەیەی ڕابردوو، کوردستان ئەزموونێکی زۆر و جۆراوجۆری لە خەباتی سیاسی، بەرخۆدانی مەدەنی بەرانبەر سەرکوت و زەبروزەنگ و ڕووبەڕووبوونەوەی بەکۆمەڵ بەرانبەر سەرەڕۆیی و زوڵم و ستەم و هەڵاواردن وەدەست هێناوە. ئەو ئەزموونە دەوڵەمەندە نەک هەر بووەتە مایەی شێوەگرتنی ناسنامەیەکی سیاسیی تایبەت لە کوردستاندا، بەڵکوو بووەتە هۆی دروستبوونی جۆرێک لە وشیاریی سیاسیی بەکۆمەڵ سەبارەت بە مافی هاوڵاتیبوون، دادپەروەریی سیاسی، دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و مافی دێموکراتیکی خەڵک بۆ بەشداری لە کاروباری سیاسیدا.

مەسەلەیەکی گرنگی دیکە کە پێویستە باسی بکەین، ئەوەیە کە زۆربەی هەرە زۆری خەڵکی کوردستان و هێزە سیاسییە خەباتگێڕەکانیان خوازیاری دێموکراسی و ماف و ئازادییەکانی مرۆڤن. زۆربەی هێزە سیاسییەکانی کوردستان لەو چەند دەیەی دوایییەدا، دیسکۆرسەکانی وەک ئۆتۆنۆمی، فیدرالیزم، حکوومەتی خۆجێیی، دابەشکردنی دەسەڵات، هاوبەشی لە دەسەڵاتدارێتیدا، ماف و ئازادییەکانی مرۆڤ، مافەکانی ژنان و منداڵان و کەمایەتییەکانیان لە بەرنامە و پرۆگرامی سیاسیی خۆیاندا گونجاندووە. ئەو چەمکانە بەشێکی گرنگی تێرمینۆلۆژیی ئەدەبیاتی سیاسیی هاوچەرخی جیهان پێک دەهێنن و وەک ئامراز و میتۆدی قبووڵکراو بۆ بەڕێوەبردن و ئیدارەی وڵات و کۆمەڵگە فرەنەتەوە و فرەفەرهەنگەکان کەڵکیان لێ وەردەگیرێت.

لە سیناریۆیەکی گریمانەییدا، ئەگەر شەڕ و گوشاری دەرەکی ببێتە هۆی لاوازبوون و وەلەرزەکەوتنی قەوارە و پێکهاتەی دەسەڵاتی سیاسی لە ئێراندا، هەبوونی ئەو هێز و ڕێکخراوە سیاسییانە لە کوردستاندا، بەتایبەتی دوای پێکهێنانی هاوپەیمانیی کوردستانی، دەتوانێت ڕۆڵێکی کاریگەر لەوەدا ببینێت کە نەیەڵێت بۆشایی دەسەڵات بێتە پێشەوە و کۆمەڵگە بەرەوڕووی ئاژاوە و بێسەروبەری ببێتەوە. کۆمەڵگەی کوردستان بەهۆی ئەوەی ئەزموونێکی دوورودرێژی لە کاری حیزبی و ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی و سیاسیدا هەیە، دەتوانێت وەک ئەکتەرێکی کاریگەر لە شێوەپێدانی نەزمی سیاسی و سیستەمی دەوڵەتیی داهاتووی ئێراندا دەور بگێڕێت.

لەو ڕوانگەیەوە، کوردستان دەتوانێت ببێتە سەرمەشق بۆ هەموو ناوچەکانی دیکەی وڵات. فەرهەنگی حیزبایەتی و پلۆرالیزمی سیاسی و ئایینی و کولتووری، بەشداریی دەستەجەمعی لە کاروباری سیاسیدا و پێداگرتن لەسەر مافە سیاسی و مەدەنی و فەرهەنگییەکان، ئەوەمان نیشان دەدات کە تەنانەت کۆمەڵگە فرەنەتەوە و فرەفەرهەنگەکانیش دەتوانن پێکهاتەیەکی سیاسیی دێموکراتیک دامەزرێنن و پەرەی پێ بدەن. ئەوەش بۆ ناوچەکانی دیکەی ئێران کە گیرۆدەی دەستی ناوەندگەرایی و لاوازیی ناوەند و دامەزراوە دێموکراتیکەکانن، دەتوانێت سەرچاوەی ئیلهام و جێگای دەرس لێوەرگرتن بێت.

سەرەڕای هەموو ئەوانە، هاتنەپێشی هەلومەرجێکی ئاوا و گێڕانی ڕۆڵێکی لەو شێوەیە، پێوەندیی بە گەلێک هۆکار و فاکتۆرەوە هەیە: ١. هێزە دێموکراتیکەکان دەبێت لە سەرانسەری ئێراندا بتوانن جۆرێک لە هاوکاری و هاوئاهەنگیی سیاسی لە نێوان خۆیاندا پێک بهێنن. ٢. بزووتنەوە نەتەوەییەکان لە ناوچە جۆراوجۆرەکانی ئێراندا، داخوازییەکانی خۆیان لە چوارچێوەی پرۆژەیەکی نەتەوەیی و دێموکراتیکدا گەڵاڵە بکەن. ٣. کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەبێت پشتیوانی نەک هەر لە گۆڕانکاریی کورتخایەن، بەڵکوو لە هێزە دێموکراتیکەکان و پرۆسەی دێموکراتیزەکردن لە ئێراندا بکات.

مێژوو ئەوەمان پێ دەڵێت کە شەڕ دەتوانێت ببێتە سەرەتای دەستپێکردنی گۆڕانکاریی سیاسی، بەڵام ئەوە هێزە سیاسی و کۆمەڵایەتییە نێوخۆییەکانن کە شێوە و مەودای ئاڵوگۆڕەکان و چۆنیەتی و دەرەنجامی ئەو گۆڕانکارییانە دیاری دەکەن. ئەگەر لە ئاکامی ئەو شەڕەدا هەلومەرجێک بێتە پێشەوە کە ببێتە هۆی گۆڕانکاری لە قەوارە و پێکهاتەی دەسەڵاتی سیاسی لە ئێران، ئەوا ڕۆڵی هێزە سیاسی و کۆمەڵایەتییە دێموکراتیکەکان چارەنووسساز دەبێت. لەو نێوەدا بزووتنەوەی کوردستان بەهۆی ئەو ئەزموونە مێژووییەی کە لە حیزبایەتی و میراتی خەباتگێڕانەی سیاسیدا هەیەتی، دەتوانێت نەخشێکی کاریگەری لە شێوەپێدانی داهاتوویەکی ئازاد و دێموکراتیکدا لە ئێراندا هەبێت.



# کورد؛ هاوبەشی ستراتیژی یان سووتەمەنیی جەنگ؟



ئاگری باڵەکی

ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە بەردەم گۆڕانکارییەکی ڕادیکاڵدایە. ململانێی سێگۆشەی (ئێران، ئەمریکا، ئیسرائیل) گەیشتووەتە خاڵێک کە چیتر "ناوچەی خۆڵەمێشی" تێدا نەماوە. لەم کاتە هەستیارەدا، کورد جارێکی تر لە ململانێیەکی سەختی ژێئۆپۆلەتیکیدا خۆی دەبینێتەوە. بەڵام ئەوەی ئەمجارە جیاوازە و تەنیا مەترسیی لەنێوچوون نییە، بەڵکو دەرکەوتنی جۆرێک لە "پێگەیشتوویی سیاسی"یە لە ناوەندی بڕیاری کوردیدا، کە دەکرێت تەنیا لە ڕێگەی لۆبییەکی پۆڵایین لە واشنتۆنەوە بکرێتە دەستکەوتێکی مێژوویی.

### مەرجە سەختەکەی کورد: گەرەنتی بۆ باشوور وەک کلیل

زانیارییە دزەپێکراوەکانی پشت پەردەی دیپلۆماسی ئاماژە بەوە دەدەن کە لە کۆبوونەوەیەکی چارەنووسسازدا، تەنیا دوو ڕۆژ پێش دەستپێکی هێرشەکان، نوێنەرانی ئەمریکا داوایان لە هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کردووە وەک فاکتۆرێکی کاریگەر و هێزێکی زەمینیی کارا بەشداری لە هاوکێشە نوێیەکەدا بکەن. بەڵام وەڵامی کورد، وەڵامێکی مێژوویی و دووربینانە بووە: "ئێمە گەرەنتیی نێودەوڵەتیمان دەوێت بۆ پاراستنی قەوارەی هەرێمی کوردستان."

ئەم هەڵوێستە چەند ڕاستییەکی گرنگ دەسەلمێنێ: یەکەم؛ کورد تێگەیشتووە کە "ڕۆژهەڵات و باشوور" یەک جەستەی سیاسی و ئەمنین. پاراستنی قەوارەی هەرێمی کوردستان، تەنیا پاراستنی پارچەیەکی خاک نییە، بەڵکوو پاراستنی تاکە "سەنگەری دواوە" و سییەکانی هەناسەدانی هەموو نەتەوەکەیە. دووەم؛ کورد چیتر ئامادە نییە بەبێ "بیمەی سیاسی" و تەنیا لەسەر بنەمای "بەڵێنی زارەکی" بچێتە نێو جەنگی هێزە گەورەکانەوە. ئەمە نیشانەی تێپەڕاندنی قۆناغی "سۆز" و گەیشتنە بە قۆناغی "بەرژەوەندیی نەتەوەیی".

داواکردنی گەرەنتی هەنگاوێکی ئازایانەیە، بەڵام پرسیارەکە لێرەدایە: کێ گەرەنتییەکە دەپارێزێت؟ لە سیستەمی سیاسیی ئەمریکادا، بڕیارەکان لە یەک شوێنەوە دەرناچن. بەڵێنەکانی سەرۆکێک یان فەرماندەیەکی سەربازی لە پێنتاگۆن، دەکرێت بە گۆڕانی ئیدارەکان یان گۆڕانی کاتیی بەرژەوەندییەکان لەناو بچن. لێرەوە گرنگیی "لۆبی" (Lobbying) وەک زانست و وەک فشار دەردەکەوێت. لۆبییەکی بەهێز لە واشنتۆن، ئەرکەکەی ئەوەیە کە ئەم "گەرەنتییانە" لە چوارچێوەی بەڵێنی نهێنیی ژوورە داخراوەکان دەربهێنێت و بیخاتە نێو پرۆژەیاساکانی کۆنگرێس و ستراتیژیی درێژخایەنی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا. لۆبی دەبێت واشنتۆن تێبگەیەنێت کە کورد تەنیا "هێزی کاتی" نییە بۆ لێدانی نەیارەکان، بەڵکو "هاوبەشێکی ستراتیژییە" کە سەقامگیرییەکەی، گرەنتیی سەقامگیریی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکایە لە ناوچەکەدا.

### پارادۆکسی بێلایەنی و مەترسییەکانی سەر ڕۆژهەڵات

ئێران لە ئێستادا لەوپەڕی فشاردا دەژی. لەم دۆخەدا، هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات لەبەردەم مەترسییەکی بوونەویدان. ئەگەر کورد بێلایەن بێت، تاران بەبێ ترس لە کاردانەوەی نێودەوڵەتی، دەست دەکات بە پاکتاوی سیاسی و سەربازیی ئەم هێزانە لەژێر ناوی "پاراستنی ئاسایشی سنوور".

لە لایەکی ترەوە، لایەنگیریی بێ مەرجیش دەبێتە هۆی ئەوەی کورد بکرێتە سووتەمەنیی جەنگێک کە دواتر لەسەر مێزی ڕێککەوتنی "تاران–واشنتۆن" پشکی شێری بۆ نەیارەکان بێت. لێرەدایە کە لۆبی دەتوانێت "بژاردەی سێیەم" بونیاد بنێت: "هاوکاری لەبەرامبەر شەرعییەت". واتە ئەگەر ئەمریکا داوای هاوکاری لە هێزەکانی ڕۆژهەڵات دەکات، دەبێت ئەم هێزانە وەک "ئۆپۆزیسیۆنی فەرمی" بناسێنێت، نەک وەک گرووپی چەکداری کاتی.

### چۆن لۆبیی کورد سەرکەوتوو دەبێت؟

گەورەترین کێشەی کورد لە مێژوودا، پەرتەوازەیی گوتار بووە لە واشنتۆن. بۆ ئەوەی لۆبیی کورد بتوانێت گەرەنتییەکان بکاتە واقیع، دەبێت ئەم هەنگاوانە بنرێت:

١. ناوەندێکی لۆبیی هاوبەش: پێویستە هێزەکانی ڕۆژهەڵات و باشوور یەک نووسینگەی لۆبییان هەبێت. ئەگەر واشنتۆن دوو دەنگی جیاواز لە کورد ببیستێت، یاری بە هەردووکیا دەکات.

٢. بەکارهێنانی کارتی ژێئۆپۆلەتیک: کورد دەبێت تێبگات کە "بەبێ کوردستان، هیچ نەخشەیەکی نوێ لە ناوچەکە جێگیر نابێت". ئەمە خاڵی هێزە و دەبێت لۆبیستەکان لە ناوەندەکانی لێکۆڵینەوە (Think Tanks) دا کاری لەسەر بکەن.

٣. شەرعییەتی دیموکراسی: لۆبیی کورد نابێت تەنیا باسی جەنگ بکات، بەڵکو دەبێت کورد وەک "تاکە نموونەی دیموکراسی و پێکەوەژیان" لە ناوچەکەدا بناسێنێت کە لەلایەن ڕێژیمە تۆتالیتارەکانەوە هەڕەشەی لێ دەکرێت.

وانەیەک لە مێژوو: لە ١٩٧٥ بۆ ٢٠٢٦

"خیانەتی گەورە" هەمیشە کاتێک ڕوودەدات کە کورد تەنیا وەک "ئامرازێکی سەربازی" دەردەکەوێت. لە ڕێککەوتنامەی جەزائیردا، کورد هیچ لۆبییەکی لە واشنتۆن نەبوو، بۆیە بە ئاسانی کرا بە قوربانیی بەرژەوەندییەکانی شای ئێران و سەدام حوسێن. ئەمڕۆ، ئەگەر هێزەکانی ڕۆژهەڵات مەرجی گەرەنتی بۆ باشوور دادەنێن، ئەمە نیشانەی ئەوەیە کە کورد "فێری یارییەکە بووە". بەڵام مەرجەکە بە تەنیا بەس نییە؛ دەبێت مەرجەکە ببێتە پابەندییەکی یاسایی لە کۆنگرێسی ئەمریکا. لۆبیی بەهێز دەتوانێت وا بکات کە ئەمریکا تێ بگات: "هەرێمی کوردستان هێڵی سوورە" و هەر دەستدرێژییەک بۆ سەری، دەبێت باجێکی قورسی سیاسی و ئابووری بۆ تاران هەبێت.

کورد لەبەردەم تاقیگەرییەکی سەختدایە. چیتر بێلایەنی "سەلامەتی" نییە، و لایەنگیریی بێ مەرجیش "خۆکوشتنە". تاکە ڕێگەی ڕاست، دروستکردنی لۆبییەکی نیشتمانیی یەکگرتووە لە واشنتۆن، کە بتوانێت داواکارییەکانی کورد (لە گەرەنتیی ئەمنییەوە تا شەرعییەتی سیاسی) بکاتە بەشێک لە بەرژەوەندییە باڵاکانی جیهانی ئازاد. ئەو کۆبوونەوە نهێنییەی کە تێیدا کورد داوای گەرەنتی کردووە، دەکرێت ببێتە وەرچەرخانێکی مێژوویی، بە مەرجێک کورد بتوانێت لە ڕێگەی لۆبییەوە، واشنتۆن ناچار بکات کە ئەم گەرەنتییانە وەک "پەیماننامەیەکی فەرمی" ببینێت. ئەگەر نا، لە جەنگی نێوان ئێران و ئەمریکا و ئیسرائیلدا، جارێکی تر کورد دەبێتەوە بەو نەتەوەیەی کە "تەنیا چیاکان دۆستین".

داهاتوو نادیارە، بەڵام بۆ یەکەمجار، کورد دەستی خستووەتە سەر "برینە ڕاستەقینەکە" و مەرجی بۆ زلهێزەکان داناوە. ئێستا ئەرکی سەرکردایەتیی سیاسییە کە ئەم مەرجە لە ڕێگەی لۆبییەوە بکاتە قەڵغانێکی پۆڵایین بۆ پاراستنی ڕۆژهەڵات و مانەوەی قەوارەی باشوور.

# بەراوردکاریی ڕووخانی دیواری بەرلین و هەرەسهێنانی کۆماری ئیسلامی!






ناسر سالحیئەسڵ

دارمانی دیواری بەرلین لە کۆتاییەکانی سەدەی بیستەمی زایینیدا یەکێک لە مەزنترین ڕووداوەکانی سەدەی بیستەم بوو کە گەلێک گۆڕانکاری سیاسی و جوگرافیایی لە سنوورەکانی ئۆرووپا و ئاسیا بەدوای خۆیدا هێنا و تا هەنووکەیش کاریگەری و لێکەوتەکانی لەسەر ئاڵوگۆڕەکانی جیهان بەردەوامە. ڕووخانی دیواری بەرلین و هەرەسهێنانی یەکیەتیی سۆڤیەت، پاش شەڕی جیهانیی دووهەم و پاش حەفتا و چوار ساڵ و بەلاڕێداچوونی بزووتنەوەی سۆسیالیستی، ڕێبەرانی دیکتاتۆریی جەمسەری کۆمۆنیستی نەیانتوانی لەوە زیاتر درێژە بە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ جەمسەری جیهانیی ڕۆژئاوا بدەن و ئەو بەهەشتەی کە بەڵێنیان دابوو، دیوارەکانی دارما و گەلانی ئەو وڵات و شوێنانەی کە یەکیەتیی سۆڤیەت بەسەریدا زاڵ بوو، وەک ڕزگاری لە جەهەنەم ناویان بردووە.

پاش بەتاڵانبردنی دەستکەوتەکانی شۆڕشی گەلانی ئێران لەلایەن دارودەستەی خومەینییەوە لە ساڵی ١٣٥٧ی هەتاویدا، یەکێک لەو دەستەواژانەی کە خومەینی و پەیڕەوانی خومەینی وەک دیاردەیەکی پیرۆز باسیان لێ دەکرد، شۆڕشی هەژاران بەدژی ئیمپریالیزم و جەمسەری سەرمایەداری بوو. بۆیە لە سەردەمی جەمسەربەندیی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتدا، شانازیی پەیڕەوانی خومەینی فریودەرانە بانگەشەی ئیسلامی "نابی محەممەدی" و شۆڕشی کەپرنشین بەدژی کۆشک نشینەکانیان دەکرد. بەڵام پاش بەدەستەوەگرتنی جومگەکانی دەسەڵات و سەروەت و سامان، ئەو تاقمە لە ئێراندا دەستەواژەی "شۆڕشی هەژاران" بایەخی خۆی لەدەست دا و وای لێهات کە شۆڕشی هەژاران و دەروەستبوون بە بنەماکانی ئیسلامی نابی محەممەدی لە ئەندێشە و هزریاندا کاڵ دەبووەوە.

لێرەدا خاڵێکی گرنگی ئەو بەراوردکارییە ئەوەیە پاش هەڵبژاردنی ٢ی جۆزەردانی ١٣٧٦ی هەتاوی لە ئێراندا، هەندێک لایەن لەژێر ناوی ڕیفۆرمخوازیی حکوومەتی وەک سوپاپ بۆ مانەوەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، تیۆریی ڕیفۆرمخوازیی پاش ڕووخانی دیواری بەرلینیان کردە بنێشتەخۆشکەی زاریان. چونکە ئەو تاقمە لەو کاتەوە تا ئێستا دەستەواژەی ڕیفۆرم و ڕیفۆرمخوازی و نوسخەی ڕیفۆرمخوازی لە شۆڕشی مەخمەڵی و پەرلەمانییەکان لە ئۆرووپا و بەشێک لە وڵاتانی ئاسیا بۆ دەسەڵاتە دیکتاتۆرییەکان، بۆ سیستەم و پێکهاتەی دەسەڵاتداری لە ئێران دەپێچنەوە. ئەو تاقمە ڕیفۆرمخوازە و بەتایبەت ئەو لایەن و کەسانەی لە بازنەی داخراوی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی دەرکرابوون، بێ ئەوەی بیریان لەوە کردبێتەوە کە ئاخۆ دەسەڵاتێکی تۆتالیتار و دیکتاتۆریی مەزهەبیی ویلایەتی فەقیە وەک ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی دەتوانێت ڕیفۆرم لە پێکهاتەی دەسەڵات و سەروەت قبووڵ بکات، نەخێر بیریان نەکردبووەوە یان خۆیان لە گێلی دابوو.

هەروەها ڕیفۆرمخوازانی حکوومەتیی ڕێژیمی ئێرانی وایان بانگەشە دەکرد کە پاش ڕووخانی دیواری بەرلین بیرۆکەی ڕیفۆرم و ڕیفۆرمخوازی بەخێرایی کاریگەریی لەسەر شێوە و بارودۆخی خەباتی گەلان و نەتەوە بندەستەکانی ڕۆژهەڵاتی ناقین داناوە. هەروەها بیرۆکەی دروستبوونی گوندی جیهانی و شۆڕشە مەخمەڵی و ڕەنگییەکان، نەهێشتنی خەباتی چەکداری، کاریگەری وەرگرتوو لە بیرۆکەی کۆتایی مێژووی فۆکۆیاما کە دەتوانین بڵێین نزیک بە تەواوی ڕاگەیەنەکانی دنیاش بانگەشەی بۆ دەکەن، وا دەکەن کە ئیتر نەتەوە ژێردەستەکان و تەواوی هێزەکانی دیکەی بەرهەڵستکاری ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران هەست بە پێویستیی خەباتی چەکداری نەکەن لە شێوازێکی شۆڕشگێڕانەدا. دەبێ گەلانی ئێران لەو چاوەڕوانییەدا بن تا ڕیفۆرم لە پێکهاتەی دەسەڵاتداریی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا دەکرێت.

ئەمە لەکاتێکدا بوو کە نەتەوە ژێردەستەکانی ئێران و بەتایبەت نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە شێوەکانی خەباتی شار و چەکداریی خۆی بەرانبەر بە دەسەڵاتداریی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ڕانەگرتووە و بەردەوام لە خەبات و بەربەرکانێدا بووە. چونکە ئازادیخوازانی گەلانی ئێران و خەباتگێڕانی نەتەوەی کورد لەسەر ئەو باوەڕە بوون کە دەسەڵاتدارانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، هیچ باوەڕێکیان بە ڕیفۆرم لە پێکهاتەی دەسەڵات و سەروەت و بە دیالۆگ و وتوویژ نییە؛ بەڵگەش بۆ ئەم ڕاستییە تیرۆری دوکتور قاسملوو لەسەر مێزی وتوویژ و دیالۆگ و هەزاران بەڵگەی ئاشکرا و حاشاهەڵنەگری دیکەیە. بۆیە ناکرێ دروشمە خەڵک هەڵخەڵەتێنەکانی ڕیفۆرمخوازەکانی حکوومەتی بۆ گەڕانەوە بۆ سەردەمی خۆیان گوتەنی زێڕینی خومەینی، تەنیا وەک باسی ئایدیۆلۆژیای چەقبەستوو لێک بدرێتەوە کە لەنێو لاپەڕەی کتێبەکاندا قەتیس ماوەتەوە، بەپێچەوانەوە ئەم باسانە کاریگەریی قووڵیان لەسەر شێوەی خەباتی نەتەوەیی کورد و گەلانی ئێران و ئازادیخوازانی ئێرانی داناوە و ئەو تیۆرییە هیچ جێگە و پێگەیەکی لە شێوەی خەباتی گەلانی ئێراندا نەبووە و نییە و تیۆریی ڕیفۆرم و ڕیفۆرمخوازییان لە پێکهاتی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بە بێ بایەخ و ناڕاست و ناواقیعی زانیوە.

چونکە ڕووخانی دیواری بەرلین کۆتایی سیستەمە دیکتاتۆرەکان و چۆکدادانی دیکتاتۆرەکان بوو لە ئۆرووپا، و ئەو تیۆرییانەی کە پاش ڕووداوی ڕووخانی دیواری بەرلین هاتنەئاراوە، لەسەر خەباتی گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناقین کاریگەریی ئەرێنییان داناوە. لەکاتی ڕووخانی دیواری بەرلیندا، گەلی کورد بەگشتی و گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناقین سەرقاڵی شۆڕش و خەباتێکی قارەمانانە و دژوار بوون و ڕۆژانە لەلایەن دەسەڵاتدارە دیکتاتۆرەکان و یەک لەوان ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی سەرکوت دەکران. سەرنجڕاکێش ئەوەیە هەر لەو دۆخ و سەردەمە دژوارەدا نەک دێموکراسی لە وڵاتانی داگیرکەری کوردستان بوونی نەبوو، بەڵکوو لە خۆرهەڵاتی ناقین "بێجگە لە وڵاتی ئیسرائیل" هەڵبژاردن و ئازادیی حیزب و ڕێکخراوەکانی گەلانیش بوونی نەبووە. بەڵام لە سەردەمی ئێستادا گۆڕانکاریی بنەڕەتی و پێکهاتەیی لە شێوەکانی دەسەڵاتداری لە بەشێک لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناقین لە بەرژەوەندیی گەلان و دێموکراسی و ئازادی پێکهاتووە. هەروەها خەباتی ڕزگاریخوازیی نەتەوەی کورد بەگشتی تێپەڕینی ئەرێنی لە شێوەکانی خەباتی بڕیوە و بەشێک لە نەتەوەی کورد بە مافە سیاسی و نەتەوەییەکانی گەیشتووە.

لەم ماوەیەدا دەکرێ باس لە چەند مانگرتنی سەرانسەری لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە حیزبی دێموکرات و لایەنە سیاسییەکانی دیکە ڕێکیان خستووە، و هەندێک چالاکیی مەدەنی و کولتووری و ئەدەبی و ژینگەپارێزی بکەین کە کاریگەریی ئەرێنیشیان لەسەر هزر و ئەندێشەی خەڵک و بەرەوپێشچوونی خەبات بووە، بەڵام حاشا لەو ڕاستییەش ناکرێ کە ئەم هەنگاوانە بەتەنیا خۆیان ناتوانن دنیایەکی باشتر بۆ گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بخولقێنن و توانای ڕووخانی کۆماری ئیسلامیشیان نییە و چاوەڕوانی بۆ ئەوەش کە خۆی بڕووخێت یەکجار درێژبووەتەوە.

بۆیە لێکگرێدانی خەباتی شاخ و شاری لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، دەلاقەیەکە بۆ ئەوەی کە نەتەوەی کورد باوەڕی بە دۆخی هەنووکەیی و کۆتایی مێژوو و ڕیفۆرم و ڕیفۆرمخوازی لە پێکهاتەی دەسەڵاتداریی ڕێژیمی ئێراندا نییە. کاتێک باس لە پشتیوانیی خەباتی شاخ بۆ شار دەکەین و باس لە گەڕانەوەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان دەکرێ بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بە ڕوونی دەردەکەوێ کە حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، شۆڕش و خەبات لەپێناو ئامانجە پیرۆزەکانی خەڵکدا وەک دیاردەیەکی پیرۆز چاو لێ دەکەن. بۆیە هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، باوەڕی بە کردەوە بە خەبات و شۆڕش لەپێناوی دنیایەکی باشتردا بۆ خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان وێنا دەکات و ئەو پێشوازییە بەرینەی کە خەڵکی کوردستان لە هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی دەکەن، ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێت کە حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستان پێشەنگی خەباتن لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و تەنیا حیزب و ڕێکخراوەکانن کە دەتوانن بەگژ ئەو بارودۆخەدا بچنەوە. دەبێ ئەو ڕاستییە قبووڵ بکەین و باوەڕمان بەوە هێنابێت کە توانای گۆڕینی بارودۆخەکەمان هەیە، چونکە:

یەکەم: لە سەردەمی ئێستادا زۆربەی گەلانی ئێران لە بنەڕەتدا باوەڕیان بە خەباتی شار و چەکداریی چڕتر بووەتەوە و پێیان وایە، خەباتی شۆڕشگێڕانە دژی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی پێویستییەکی زەرووریيە و ڕیفۆرم لە پێکهاتە و سیاسەتی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا پێنایەت، چونکە یاسای بنەڕەتی و مێژووی دەسەڵاتداری و ئیدارەی وڵاتداریی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، ڕیفۆرم هەڵگر یان قابیلی ڕیفۆرم نییە!

دووهەم: گەلانی ئێران لەو باوەڕەدان کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی پاش شەڕی ١٢ ڕۆژە و شەڕی ئەمجارەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ ئەمریکا و ئیسرائیل، خاوەن هێزێکی گەورەی سەربازی و ئابوورییەکی بەهێز نییە و ناتوانێت بەربەرەکانێی ڕاپەڕینی گەلانی ئێران بکات.

سێهەم: لێکگرێدانی خەباتی شاخ و شار لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەبێتە هۆی ئەوەی کە ناوچەی ڕزگاربوو لە ڕۆژئاوای ئێران دروست بکرێت.

لە کۆتاییدا دەبێ بڵێین کە لەو سەردەمەدا ئەگەر دارمانی دیواری بەرلین و لێکەوتەکانی لە جیهاندا ئەرێنی بوو، لە سەردەمی گەشەی دێموکراسی و تەکنۆلۆژیا و سیستەمی نوێی نێونەتەوەییدا، دارمان و ڕووخانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران وەک سیستەمێکی نەگونجاو لەگەڵ سیستەمی نێونەتەوەیی و ماکەی تیرۆریزمێکی دەوڵەتی بۆ دابینکردنی سەرچاوەی ئیمکاناتی دارایی، مووشەک و دڕۆن و چەک بۆ گرووپە تیرۆریستەکان لە وڵاتانی لوبنان، عێراق، یەمەن، فەلەستین و گرووپە تیرۆریستەکانی شاخی ئەفریقا، لە سەدەی بیست و یەکی زایینیدا یەکێک لە مەزنترین ڕووداوەکانی سەدە دەبێت کە گەلێک گۆڕانکاری سیاسی، جوگرافیایی، ئەمنییەتی، ئابووری و فەرهەنگی لە سنوورەکانی ڕۆژهەڵاتی ناقین بەدوای خۆیدا دەهێنێت و کاریگەری و لێکەوتەکانی لەسەر ئاڵوگۆڕەکان و پێوەندییە نێونەتەوەییەکان و سیستەمی نێونەتەوەیی جیهانیش دەبێت. هەروەها لە لایەک ئاسایش و ئەمنییەت بۆ وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناقین و جیهان دەگەڕێتەوە و لە لایەکی دیکەوە نەتەوەکان و ئایینزاکانی ڕۆژهەڵاتی ناقین بە مافە سیاسی و نەتەوەییەکانیان دەگەن.

کەوابوو بە ڕووخانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، پاش ٤٧ ساڵ جەنایەت و کوشتاری ئازادیخوازانی گەلانی ئێران و بەبارمتەگرتنی خەڵکی ئێران و بەلاڕێدا بردن و تەریکخستنەوەی وڵاتی فرەنەتەوە و ئێتنیک و ئایینزای ئێران لە سیستەمی نێونەتەوەیی و وێرانکردنی ئابووری و پەرەپێدان بە دیاردە دزێوە کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکان و نکۆڵیکردن لە فەرهەنگی نەتەوەکانی ئێران و بێبەشکردنی نەتەوەکانی ئێران لە مافە سیاسی و نەتەوەییەکان، گەلانی ئێران لەو جەهەنەمەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ڕزگاریان دەبێت.

---

## دارسمە

دەنووکی لە سمین ناپارێزێ

# دوو بژاردەی پیرۆزی چەقبەستوو بۆ ڕێفراندۆم

ئێمە بونەوەرێکی شازین، تێکەڵەیەکی خەستی "میللەت" و "ئوممەت"ین. یانی لە دەروونی خۆماندا نەوەی کوروشی کەبیر و ئێرانی باستانین و ئوممەتێکی "هەمیشە لە سەحنە"ین و بۆ هەر فەرمانێکی ئاسمانی ئامادەین. بە شێوەیەک شانمان داوەتە بەر ئەم دوو بەرداشە قورسە خودی گۆی زەوی سەری سووڕماوە لەوەی چۆن بڕبڕەی پشتمان نەشکاوە. ئاخر ئێمە بۆ ڕۆژانی شانازیی نەتەوەیی، خاوەنی "پاشا"ین و بۆ ڕۆژانی گریانی ئایینیش خاوەنی "وەلیی ئەمر"ین. دێموکراسی لەلای ئێمە وەک "نوقڵ و نەبات"ە و زۆر دادپەروەرانە بەسەر خۆماندا دابەشمان کردووە؛ جارێک دەدەین بەم لای ڕاست، جارێک دەدەین بەم لای چەپ، گرنگ ئەوەیە هەمیشە ملکەچ بین بۆ یەکێکیان!

بۆ ئەوەی بیسەلمێنین ئێمە چەندە دێموکراسیخوازین، با ئاوڕێک لە مێژووی پڕشنگدارمان بدەینەوە. ئەی لە یادتان چووە لە ڕۆژانی ١٠ و ١١ی خاکەلێوەی ساڵی ١٣٥٨، واتە ڕێک چل و شەش ساڵ لەمەوبەر، شاکارێکی مێژووییمان خوڵقاند؟ سندووقی دەنگدانمان دانا و بەوپەڕی ئازادییەوە لەنێوان "مەلیک" و "مەلا"دا، مەلایانمان هەڵبژارد! نزیکەی ٩٩٪ی خەڵکی ئێران، بە یەک دەنگ و یەک ڕەنگ هاوارمان کرد "بەڵێ بۆ کۆماری ئیسلامی". بێگومان، وەک هەمیشە ئەم "کوردە تەجزیەتەڵەبانە" نەبێت کە هەمیشە سازەکە بە پێچەوانە دەژەنن و لەو ٩٩ لەسەدەدا نەبوون، ئەگینا ئێمە دەمێک بوو بەهەشتی بەرینمان لەسەر زەوی دروست کردبوو.

دوای ئەو هەڵبژاردنە مێژووییە، لەژێر سێبەری فەرماندەیی هۆشمەندانەی "وەلی"دا، بڕیارمان دا گەشتێکی سیاحتی-زیارەتی ڕێک بخەین بۆ "قودس"، بەڵام لە ڕێگای "کەربەلا"وە! ئەم گەشتە کەمێک تێچووی هەبوو؛ تێچووەکەش ئەوە بوو کە دەبوایە بە جەستەی خۆمان ڕێگاکە قیرتاو بکەین. ئێمە بە خۆشحاڵییەوە خۆمان هەڵدەدا بۆ سەر مینەکان، بە جۆرێک کە چاڵەکان پڕ دەبوونەوە لە پارچەی جەستەمان تا تانکەکان بە ئاسانی تێپەڕن. ئەوەی قاچی دەپەڕی، بە دەست دەخشکا، ئەوەی دەستی دەپەڕی بە سنگ دەڕۆیشت. گرنگ ئەوە بوو ڕێگای کەربەلا پاک بێتەوە. دواجار زۆربەمان بە کەمئەندامی و نیوەچڵی گەڕاینەوە شار و گوندەکانمان، بەڵام دڵمان خۆش بوو "ئەرک"ی خۆمان جێبەجێ کردووە و ئامادەین بۆ شانۆگەرییەکی دیکە.

ئێنجا با بێینە سەر باسی کولتوور و فەرهەنگە دەوڵەمەندەکەمان. ئێمە لەمەشدا موعجیزەین! لە کاتێکدا فرمێسک بۆ مێژووی ئایینی دەڕێژین و سنگی خۆمان دەکوتین، لە هەمان کاتدا دڵی ناسکمان بە دەنگی "گووگووش" و "لەیلا فروهەر" و "سووسەن" دەکرێتەوە. ئەمە دووڕوویی نییە، نەخێر، ئەمە "فرە-بەهرەیی"یە! بیهێننە بەرچاوی خۆتان؛ هاوینە، گەرما تەپڵی سەرمان دەکوڵێنێت، ئێمە بەپێی پەتی بەرەو مەزارگە پیرۆزەکان دەڕۆین و فرمێسک دەڕێژین، کەچی لە هەمان کاتدا لە ژێرەوەی مێشکماندا گۆرانی "هەم سەفەر"ی گووگووش لێ دەدات!

ئێمە ڕێگە نادەین نە "نەوحە" بمرێت و نە "گۆرانی"، هەربۆیە دەتوانین لە چرکەساتێکدا لە دۆخی "گریان"ەوە بچینە دۆخی "هەڵپەڕکێ". تەنیا کێشەیەک کە لێرەدا تووشی دەبین و کەمێک تەکنیکییە، مەسەلەی گۆڕینی جلوبەرگە، بەتایبەت بۆ خوشکان و خانمانی بەڕێز. ئاخر زەحمەتە تۆ لە یەک کاتدا هەم "مانتۆ و ڕووسەری" باڵاپۆشت لەبەر بێت بۆ شینگێڕی، هەم "تیشێرت و شەڵوارۆکە"ی تەسک بۆ ئاهەنگگێڕان. وێنای بکەن، خانمێک لە ناو جەرگەی شینگێڕیدایە و لەپڕ دەبێت بچێت بۆ ئاهەنگێک؛ چۆن دەتوانێت بەو خێراییەی کە فرمێسکەکانی وشک دەکاتەوە، جلەکانیشی بگۆڕێت؟ ئەمە تاکە ئاستەنگی بەردەم ئەم "شیزۆفرینیا کولتوورییە"ی ئێمەیە، ئەگینا لە ڕووی دەروونییەوە زۆر بە باشی ڕاهاتووین.

ئێستا، دوای چل و شەش ساڵ لە تاقی کردنەوەی "عەمامە"، گەیشتووینەتە ئەو قەناعەتە دێموکراسییەکەی ئێمە پێویستیی بە "ڕیسێت" (Reset) هەیە. ئێمە لەبەر ئەوەی زۆر زیرەکین، نامانەوێت شتێکی نوێ تاقی بکەینەوە، بەڵکوو دەمانەوێت هەمان ڕیفراندۆم دووبارە بکەینەوە، بەڵام ئەمجارە ئەنجامەکەی پێچەوانە بکەینەوە! وەک ئەوەی یاری "شێر و خەت" بکەین؛ جاری پێشوو "خەت" دەرچوو، ئەمجارە دەمانەوێت "شێر" دەرچێت.

ئێستا بە کۆمەڵ ڕژاوینەتە سەر شەقامان. دروشمەکانمان گۆڕیوە و سەربەرزانە گەڕاینەوە بۆ دواوە! دیسان دەمانەوێت سندووق دابنێین و بپرسین: "پاشایەتی یان ویلایەتی فەقیه؟". ئەمجارەیان، بە مەرجێک ئەو "کوردە تەجزیە تەڵەبانە" وەک جاری گۆڕین تێکی نەدەن و باسی مافی نەتەوەیی و فیدراڵی و شتی وا نەکەن، نزیکەی ٩٩٪مان دەنگ دەدەین بە گەڕانەوەی "پاشا".

بەڵێ، ئێمە بڕیارمان داوە! دەمانەوێت پاشایەکی جوان، ڕێکپۆش، کراوات لەمل و سمێڵ چەور بهێنینەوە و لەژێر سایەی پیرۆزی ئەودا، دابنیشین و بیر لە یادگارییەکانی سەردەمی "وەلی فەقیه" بکەینەوە. گرنگ نییە کێ حوکم دەکات، گرنگ ئەوەیە ئێمە هەمیشە پێویستمان بە "شوانێک" هەیە؛ جارێک مێزەر بەسەر بێت و جارێک تاج بەسەر. گرنگ ئەوەیە ئێمە هەمیشە ئوممەتی ئامادە و میللەتی گوێڕایەڵ بین و هیچ کاتێک خۆمان بە بیرکردنەوە لە شتێک بە ناوی "کۆماری" یان "دێموکراسیی ڕاستەقینە"و شتی وا هیلاک نەکەین. بۆ پێشەوە بەرەو ڕیفراندۆمێکی دیکە و وەرچەرخان لە ئوممەتەوە بۆ میللەت. دوور لە چاوی جوداییخوازان ئەم ڕیفراندۆمەش لە خۆمان پیرۆز بێت.

KURDI STAN
Publishing by Democratic Party of Iranian Kurdistan
NO: 915 20 March 2026

ناونیشانی ڕۆژنامەی «کوردستان» و ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:
www.kurdistanmedia.com
info@kurdistanmedia.com www.kurdch.tv
Yahsat 1A @ 52.5° East Frequency: 12149
polarization: Vertical -27500 FEc : 3/4
ئیمەیلی ڕۆژنامەی کوردستان:
info@kurdistanmedia.com
ئیمەیلی تەشکیلاتی نهێنی:
Tashkilat.kdp92@gmail.com

# گەرووی هورموز
## لە نێوان ملهوڕی کۆماری ئیسلامی و بێ هەڵوێستیی ئەنجومەنی ئاسایشدا



د. ئارەزوو نستانی

هەڵگیرسانی شەڕی ئەمریکا و ئیسرائیل دژی کۆماری ئیسلامیی ئێران، لێکەوتەی جیاوازی بەدوای خۆیدا هێناوە کە کاریگەری نەتەنیا لەسەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەڵکو لەسەر ئابووری جیهانی داناوە. داخستنی گەروی هورموز لەلایەن ڕێژیمی ئێران بەڕووی کەشتیرانیی جیهانی، زیانی گەورەی بە ئابوری جیهان گەیاندوە؛ لەلایەک وڵاتانی پێشکەوتووی جیهان وەک گەورە هاوردەکارانی نەوت و وڵاتانی کەنداو وەک گەورە هەناردەکارانی نەوت بە خودی ئێرانیشەوە زیانی گەورەیان بەرکەوتوە. دورگەی هورموز وەک ڕێڕەوێکی گرینگی دەریایی شوێنی گواستنەوەی نزیکەی ٢٠ لەسەدی نەوت و گازی جیهانە و هەروەها گرینگترین دەرچەیە بۆ گواستنەوەی کەلوپەل و پێداویستی.

کۆماری ئیسلامیی ئێران لە چەند دەیەی ڕابردوودا هەرکات تووشی فشاری سیاسی یان سزای ئابووری بوویێتەوە، بە تایبەت لەکاتی سەرهەڵدانی قەیرانی پرۆگرامی ناوکی نێوان ئێران و وڵاتانی ڕۆژئاوا، ڕاستەوخۆ هەڕەشەی ئاستەنگ دروستکردن بۆ ئازادیی هاتوچۆی دەریایی لەنێو ڕێگاکان و گەروە دەریاییە نێودەوڵەتییەکان کردووە، وەک گەرووی بابولمەندەب وگەرووی هورموز. ئەم ڕەفتارە سیاسییەی ڕێژیمی ئێران، بە پێشێلکردنی ئاشکرای بنەما بنچینەییەکانی یاسای نێودەوڵەتی دادەنرێ. ڕێککەوتننامەی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ یاسای دەریاکان (١٩٨٢)، کە بە وردی ماف و سنوورەکانی ئازادیی هاتوچۆی دەریایی لە گەروە نێودەوڵەتییەکاندا دەستنیشان کردوە، بە گرینگترین سەرچاوەی ڕەواییەتی ئازادیی گواستنەوەی دەریایی دادەنرێ. ئەم ڕێککەوتنامەیە بە شێوەیەکی ڕوون دان بە مافی تێپەڕینی ئازادی ئامرازەکانی گواستنەوە دەنێ وەک مافێکی بنچینەیی نێودەوڵەتی کە بە هیچ شێوەیەک نابێ پێشێل بکرێ.

گەروی هورموز، کە لەنێوان شانشینی عومان و ئێراندا هەڵکەوتووە، گرێبەندییەکی ستراتیژیی گرنگ درووست دەکات لەنێوان کەنداو و دەریای عومان و دەریای عەرەبدا. ئەم گەرووە بەهۆی پێگەی ستراتیژیی لە گواستنەوەی نەوت و سەرچاوەکانی وزەدا، بە یەکێک لە گرنگترین ڕێگاکانی گواستنەوەی وزە لە ئاستی جیهاندا دادەنرێ. داخستنی ئەو گەروە بەڕووی هاتوچۆی دەریایی، بۆتە هۆی سەرهەڵدانی قەیرانی جیهانی لە بازاڕی وزەدا و بەردەوامیی ئەو دۆخە کاریگەریی مەترسیداری بۆ ئاسایشی وزەی وڵاتانی بەکارهێنەری نەوت لەلایەک و وڵاتانی بەرهەمهێنەری نەوت لەلایەکی دیکەوە لێدەکەوێتەوە، بەتایبەت ئەو وڵاتانەی بە ڕێژەیەکی بەرچاو بۆ هەناردە کردنی نەوت پشت بەو گەرووە دەبەستن وەک عێراق، کوێت، قەتەر و بەحرەین.

لە ساڵانی ڕابردوودا و بەتایبەت دوای دەستپێکردنی جەنگی حەماس و ئیسرائیل، کۆماری ئیسلامی لە چوارچێوەی ستراتێژییەکی ڕانەگەیەنراودا پشتیوانی لە میلیشیا چەکدارەکان دەکرد و هانی دەدان بۆ بەئامانجگرتنی کەشتییە بازرگانییەکان و تانکەرەکانی گواستنەوەی نەوت لە دەریای سوور و ئاوی کەنداودا، بۆ ئەوەی بەرپرسیاریەتی یاسایی ڕاستەوخۆ نەگرێتە ئەستۆ. لە وەها دۆخێکدا سەلماندنی تاوان و تۆمەت لە چالاکییە خرابکاری و تیرۆریستییەکانی لەم جۆرەدا زۆر ئاڵۆز و ئەستەمە، بەتایبەتی کە لەو ناوچەیەدا چالاکیی گروپە تیرۆریستی و میلیشیا سەربازییە جۆراوجۆرەکان بە شێوەیەکی بەرچاو هەیە.

داخستنی بەکردەوەی گەرووی هورمۆز لە لایەن ڕێژیمی ئێرانەوە ئەو پرسیارانە دەوروورژێنی کە ئایا بانگەشەی ئێران لە ڕەوابوونی ئەو داخستنە بە پێی یاسای نێودەوڵەتی تا چەند ڕێی تێدەچێ؟ ئایا ئەو دۆخە بەرپرسیاریەتیی نێودەوڵەتی بۆ ڕێژیمی ئێران دروست دەکا بەپێی میساقی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، بەو پێیەی ئێران لە ئێستادا لە ئەنجامی چالاککردنی میکانیزمی ماشە لە ژێر بەندی حەوتەمی میساقی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان دایە، ئەوەش بەو مانایەی هەڕەشەیە لەسەر ئاشتی و ئاسایشی جیهانی؟ ئایا کۆمەڵگای نێودەوڵەتی لەڕێگەی ئەو ناوەندە جیهانیەی کە نوێنەرایەتی دەکا بۆ پاراستنی ئاشتی و ئاسایشی جیهانی (واتە ئەنجومەنی ئاسایش) بێدەنگ دەمێنێتەوە لەمەڕداخستنی گەروی هۆرمز؟

### دۆخی یاسایی گەرووە نێودەوڵەتییەکان

یاسای نێودەوڵەتی گەروو بە ڕێڕەوێکی دەریایی بەرتەسک پێناسە دەکا کە لەنێوان دوو دەریای گشتی (نێودەوڵەتی) دا هەڵکەوتووە، واتە گەروو بەشێک نییە لە هەرێمە ئاوییەکانی یەک دەوڵەت بەهۆی ئەوەی دەکەوێتە سنووری ئاویی دەوڵەتەکە. بەڵکوو واتایەکی نێودەوڵەتیی فراوان لەخۆ دەگرێ کە بریتییە لە گۆڕەپانێکی گەورە لە بەرژەوەندیی نێودەوڵەتی بۆ زۆرێک لەو دەوڵەتانەی سوودمەندن لەو گەرووە. تێپەڕبوون لە ڕێگای ئەم گەروانە بابەتێکی سادە نییە، چونکە بۆ هەندێک دەوڵەت ئەم گەرووە گرینگترین دەرچەی دەریاییە بۆ گواستنەوەی دەریایی، هەربۆیە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هەوڵیداوە بە دانانی چەمک و زاراوە یاساییە جۆراوجۆرەکان، ڕێکخستنی پێویست بکا بۆ مەبەستی ڕێکخستن و سەقامگیری پەیوەندی نێودەوڵەتیی لەنێوان ئەو دەوڵەتان کە سوود لەو گەروانە وەردەگرن.

پرسی گەروەکان لە کۆنەوە بابەتێکی جێگای ناکۆکی بووەو چەندین ڕێکەوتننامەی نێودەوڵەتی بۆ ئەو مەبەستە بەستراون، وەک ڕێکەوتننامەی ژنێڤ (١٩٥٨) سەبارەت بە دەریای هەرێمی و ناوچەی هاوسنوور (المتاخمة)، پاشان ڕێککەوتننامەی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ یاسای دەریاکان (١٩٨٢) کە لە ساڵی ١٩٩٤ز کارا کراوە. بۆ ڕێکخستنی کەشتیرانی لە گەرووەکان کۆری گشتی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بە پێی ڕێککەوتننامەی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ یاسای دەریاکان ساڵی ١٩٨٢ ز بریاری سیستەمی مافی تێپەڕینی ترانزیتی (Transit Passage) دا کە لەسەر زۆربەی گەروەکان و یەک لەوان گەرووی هورمۆز جێبەجێ دەبێ. بەپێی ناوەڕۆکی ئەو ڕێککەوتننامەیە کەشتییەکان مافی تێپەڕینی خێراو بێ وەستان و بەردەوامیان هەیە لەو گەروانەدا بە بێ ئەوەی پێویستییان بە ڕەزامەندیی پێشوەختە یان دیاریکردنی کات بۆ تێپەڕین بەو ڕێڕەوەدا هەبێ، بەڵام لە حاڵەتێکدا کە کێشەیەکی تەکنیکی هەبێ یان دۆخێکی تایبەت لە دەریادا بێتە ئاراوە، کەشتییەکان دەتوانن بوەستن. هەرچەندە ئەو سیستەمە سەرەتا لەلایەن هەموو ئەندامانی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی پەسەند نەکرا، بەڵام دواتر ڕێکەوتننامەکە بەشێوەیەکی فراوان لە لایەن دەوڵەتانەوە قەبووڵ کرا، بەشێوەیەک کە لە ئێستادا وەک عورفی نێودەوڵەتی دەژمێردرێ و دەبێ هەموو دەوڵەتان پابەند پێی، تەنانەت ئەگەر ئیمزای ڕێککەوتننامەکەیان نەکردبێ.

بەپێی ماددەی ٣٧ لە ڕێککەوتننامەی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ یاسای دەریاکان ساڵی ١٩٨٢م، سروشتی ئەو گەروانە دەخاتەڕوو کە سیستەمی تێپەڕینی ترانزیتییان بەسەردا جێبەجێ دەکرێ و گەرووی هورموز ئەو وەسفەی هەیە، ماددەی ٣٨ باس لە مافی کەشتییەکان دەکا بە تێپەڕینی ترانزیتی بەناو گەروەکان بەشێوەی بەردەوام و خێرا بۆ هەموو کەشتییەکان، بازرگانی یان نابازرگانی، جەنگی یان ناجەنگی ودەوڵەتی کەناراو ناتوانێ هیچ بەربەستێک دروست بکا، و بەپێی دەقی ٣٩ کەشتیەکان ئەرک دارن هیچ کردەیەک ئەنجام نەدەن کە ببێتە لێدان لە سەروەری و سەلامەتیی سەربەخۆیی دەوڵەتی کەناراو، ئەوەش بەواتایەیە هەموو کەشتییەک دەتوانێ بە گەرووی هۆرمز تێپەڕ بێ بە کەشتیی جەنگیشەوە و ئێران نابێ بەربەست بۆ تێپەڕینیان دروست بکا. کەواتە ئەو مافە کە بە پشتبەستن بە ڕێکەوتننامە کۆن و نوێیەکان دروست بووە هیچ گومانێک ناهێڵێتەوە لەوەی کە دەوڵەتی کەناراو مافی دەست بەسەرداگرتن یان ڕێگری کردن لە تێپەڕینی کەشتیی بیانی نییە تەنیا لە دۆخی ئاوارتەدا نەبێ کە ئەو تێپەڕینە هەڕەشە بۆسەر کیانی ئەو دەوڵەتە دروست بکا و بیخاتە دۆخی ناسەقامگیریی ئەمنی. گەرووی هورموز بەر لە دەستپێکی ئەو جەنگە لە دۆخی ئاسایی دا بووە و ناتوانرێ بارودۆخی ئاوارتەی بەسەر دا جێبەجێ بکرێ، هیچ ئاماژەیەک لەو گەرووەدا بەدی نەکراوە کە ناسەقامگیریی ئەمنی بۆ ئێران دروست بکرێ لەلایەن ئەو کەشتییانەی بە گەرووەکەدا تێپەڕیون. داخستنی گەرووی هورموز لەلایەن ڕێژیمی ئێرانەوە پێشێلی ئاشکرای بنەماکانی یاسای نێودەوڵەتییە و بەرپرسیاریەتیی نێودەوڵەتی بۆ ئەو وڵاتە لێ دەکەوێتەوە.

### بەرپرسیاریەتیی ئێران لە داخستنی گەرووی هۆرمز

ئێستا کە گەرووی هورمۆز داخراوە، سیستەمی نێودەوڵەتی چ ڕێکارێکی بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو پێشێلکارییە پێشبینی کردوە؟ بە واتایەکی دیکە بەرپرسیاریەتیی نێودەوڵەتیی دەوڵەتی کەناراو لەو سەرپێچییانەی بەتایبەت لەکاتی دروست کردنی بەربەست بۆ کەشتیرانی لە گەرووداڕوودەدەن چییە؟ ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی بەرپرسیارە لە پاراستنی ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی و لەو پێناوەدا مافی دەستوەردانی ڕاستەوخۆی هەیە بۆ گێڕانەوەی ئاسایشی گشتیی نێودەوڵەتی لەهەر ململانێیەک کە دەبێتە لێدان لە ئاشتی و ئاسایشی جیهانی و هیچ دەوڵەتێک ناتوانێ بیوەستێنێ بە پاساوی دەستوەرنەدان لە کاروباری نێوخۆی وڵاتەکەی. لەبەر ئەوەی ئەو دەستوەردانە پاریزگاری لە بەرژەوەندیی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی دەکا. هەربۆیە دەتوانێ ڕێوشوێنی سیاسی و ئابوری بگرێتە بەر دژی ئەو دەوڵەتەی هەڕەشە لە ئەمنیەتی نێودەوڵەتی دەکا و ئەگەر بۆی دەرکەوت ڕێوشوێنی ناسەربازی کاریگەری نییە، دەتوانێ پەنا بۆ ڕێوشوێنی سەربازی ببا بەپێی بەشی حەوتەم لە میساقی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان.

هەربۆیە دەوڵەتانی کەناراوی گەروی هورموز دەبێ پابەند بن بە پێداویستیی بەردەوامبوونی کەشتیرانی نێودەوڵەتی و ڕێگری نەکردن لە تێپەڕینی کەشتییە بیانییەکان بە گەرووەکەدا لە چوارچێوەی پڕەنسیپەکانی یاسای نێودەوڵەتی، تەنانەت ئەگەر کەشتی جەنگی بن بەو مەرجەی نەبنە مەترسی لەسەر وڵاتانی کەناراو. هەر بۆیە داخستنی گەرووی هورموز، بەرپرسیاریەتیی نێودەوڵەتی دروست دەکا بەپێی میساقی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و پێویستی بە دەستوەردانی ڕاستەوخۆی ئەنجومەنی ئاسایشە بۆ وەستاندنی ئەو هەڕەشەیە.

### هەڵوێستی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی

لە ئێستادا کە بنەما نێودەوڵەتییەکانی ئازادیی جووڵەی بازرگانی لەلایەن ئێرانەوە پێشێل کراوە، ئایا کۆمەڵگای نێودەوڵەتی دەتوانێ هەڵوێستێکی هاوبەش بگرێتە بەر بەرامبەر مەترسییەکانی ئێران و ئەنجومەنی ئاسایش وەک نوێنەری کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و بریاری یەکلاکەرەوە لەو پرسەدا بدا؟ ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی کە بەپێی میساقی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بەرپرسیاری سەرەکییە لە پاراستنی ئاسایشی نێودەوڵەتی، دەسەڵاتێکی فراوانی هەیە لە گرتنەبەری ڕێکاری جۆراوجۆر بەمەبەستی بەرەنگاربوونەوەی هەموو ئەو هۆکار و لایەنانەی مەترسی دروست دەکەن لەسەر کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی.

جەمسەربەندییە جیهانییەکان و بەتایبەت ناکۆکیی نێوان ئەندامانی هەمیشەیی ئەنجومەنی ئاسایش بوونەتە گەورەترین ڕێگر لە بەردەم کارایی ئەو دامەزراوە نێودەوڵەتییە لە یەکلاکردنەوەی پرسە گرینگەکاندا. هەر بۆیەشە بڕیاردان لەسەر ئەو پرسانەی ناکۆکییان لەسەرە، دەبێتە قوربانیی پرەنسیپی ڤیتۆ و ئاراستەی جیاواز لە پێناسەی بەرژەوەندیی گشتیی نێودەوڵەتیدا سەرهەڵدەدا.

بۆ نموونە ئەنجومەنی ئاسایش لە ڕووداوەکانی سووریە دوای سەرهەڵدانی بەهاری عەرەبی تووشی ناکامییەکی گەورە بووەوە و کارەساتی گەورەی مرۆیی لەو وڵاتەدا ڕووی دا و بە سەدان هەزار کەس بوونە قوربانیی بەرژەوەندیی ڕوسیا و ئێران لە لایەک و وڵاتانی ڕۆژئاوا لەلایەکی دیکەوە. نابێ نکۆڵی لەوەش بکرێ کە زۆرجار بێ کرداریی ئەنجومەنی ئاسایش بەرهەمی ڕێککەوتنێکی شاراوەی زلهێزەکانە.

هەڵوێستی ئەنجومەنی ئاسایش سەبارەت بە پێشێلکارییەکانی کۆماری ئیسلامی بە قۆناغی جیاوازدا تێپەڕیوە. ڕێژیمی ئێران لە ماوەی زیاتر لە چوار دەیەی ڕابردوودا سەرەڕای پرۆگرامی ناوەکی گوماناوی، بە هۆکاری تریش هەڕەشە بووە بۆ ئاسایشی نێودەوڵەتی و بەتایبەت ناوچەی هەستیاری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. پەرەپێدانی پرۆگرامی مووشەکە بالیستیکییەکان، دەستێوەردان لە کاروباری ناوخۆی وڵاتانی ناوچە و سپۆنسەریی گرووپەکانی ناسراو بە بەرەی موقاوەمەت و هەڕەشەی بەردەوام لە ئازادیی هاتوچۆی بازرگانی دەریایی لە کەنداو و دەریای سووردا و هەروەها پێشێلکاریی بەربڵاو و ڕێکخراوی مافی مرۆڤ لە ناوخۆی ئێراندا، لە هۆکارە کاریگەرەکانی تێکدانی ئاشتیی نێودەوڵەتین لەلایەن دەوڵەتی ئێرانەوە. ئەنجومەنی ئاسایش تەنیا لە پرسی پرۆگرامی ناوەکیدا لە گرتنەبەری هەڵوێستی هاوبەش سەرکەوتوو بووە، لەکاتێکدا ئەو هاوهەڵوێستییە کە لە کۆمەڵێک بڕیارنامەی ئەنجومەندا بەدی دەکرێ نەتەنیا نەیتوانی کۆماری ئیسلامی پابەند بکا بە پرەنسیپە نێودەوڵەتییەکان، بەڵکو بەستێنی سەرهەڵدانی جەنگی ئامادە کردووە.

تەنگەژەی گەرووی هورموز و سەرهەڵدانی قەیرانێکی نێودەوڵەتی بۆ بەشێکی بەرچاو لە وڵاتانی جیهان، بۆ جارێکی دیکە ئەنجومەنی ئاسایشی خستۆتە بەردەم تاقیکردنەوەیەکی گەورە. تاقیکردنەوەیەک کە پێناچی بتوانێ بە سەرکەوتوویی تێیپەڕێنێ. هەر لەبەر ئەو ڕاستییەیە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و بەتایبەت شەخسی ترامپ بەدوای ئالترناتیڤێکەوەیە بۆ گێڕانەوەی ئەمنیەتی گەرووی هورموز لە دەرەوەی ئەنجومەنی ئاسایش. هەرچەند ئەو قەیرانە سەرەتای پرسیار خستنە سەر ئەو نەزمە جیهانییە نییە کە بەدوای جەنگی جیهانیی دووەمەوە هاتۆتە ئاراوە، بەڵام بە خاڵی وەرچەرخانی بێ کەڵک کردنی دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان دادەنرێ. دروشمی بەنێوبانگی ترامپ کە بریتییە لە گێڕانەوەی ئاشتی لەڕێگای هێزەوە، دەرهاویشتەی ئەو دۆخە نوێیەیە لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا. ئەوەش ڕێک پێچەوانەی مەبەستی سەرەکیی دامەزرانی ئەو سیستەمە نێودەوڵەتییەیە کە بەدوای جەنگی دووەمدا و لەژێر چاوەدێریی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا هاتۆتە ئاراوە. بەپێی ناوەڕۆکی میساقی نەتەوەیەکگرتووەکان (ماددەی ٣٣) پێویستە ململانێ نێودەوڵەتییەکان لە ڕێگای ئاشتیخوازانەوە چارەسەر بکرێن.

